# بۆنی هەڵاڵان دێ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بۆنی هەڵاڵان دێ

## گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی

مەحموود زامدار

ناوی کتێب: بۆنی هەڵاڵان دێ
نووسینی: مەحموود زامدار
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٨٩
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٨٦ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

**پێشکێشه**

بەسینەو سۆزە و گیانیفرازی هەردوو هونەرمەند

حەسەن گەرمیانی و عەدنان کەریم

## ئامادەکەیەك

لە دوای (٣٤) ساڵ و چاپکردنی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە، بێ ساردبوونەوە و لەسەر ئەم پرۆژە جوانە هەر بەردەوام بووم و لە گەڕان و پێشوێن کەوتن و پێوەندی ئەم و ئەوا بووم تا سەدان دانە شیعری دوو دێری ترم کۆ کردەوە کە من پێم وایە ئەمە مێوژێکە لە کەوێژێك و مەلۆیەکە لە شارایەك، بۆیە پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو ئەو برا و خوشك و مامۆستایانەی شار و ناوچە جیاجیاکانی «سنە، کرماشان، سابلاغ، سەقز، بانە، بۆکان، خانەقین، مەریوان، گەرمیان، سلێمانی، شارەزوور، دەشتی هەولێر، بەڕانەتی، ڕەواندز، چۆمان، شەقلاوە... تاد...» کە هەریەکە بەدەستودیاری چەندین دانەمرواری بەرباریان کردم یا هاریکارم بوون، یەزدانی مەزن نموونەیان زۆرتر بکا و بەری دڵیشیان ڕۆشن...

* سوپاسێکی بۆنداریش بۆ برادەری وەفادارم کاك «بەدران» کە داوای لێ کردم و هانی دام و بەم بەرفراوانییەوە بۆی چاپ کردم.

م. زامدار

## دیسان بۆنی... هەڵاڵان دێ

خالید جوتیار

* لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، تەوژمێکی پڕ لە جوانی پاراستنی فۆلکلۆری کوردی بەرپا بوو، ئەو کتێبەی مامۆستا «مەحموود زامدار» لەو بەرهەمە هەرە دڵگیرانەی کە چێژ و فانتازیای سەلیقەی کوردەواری باڵاتر کردەوە، ئەو دوو تاك شیعرانە چڕکردنەوەی خەون و خەیاڵاتی مرۆڤە –نێر و مێ– بەرامبەر خود و دەرەوەی خود، هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی بەهاکانی جوانی و ئارایشتدانی ئەندێشە لە ساتەکانی تەنیاییدا.

* بەها و گرینگی ئەو بەرهەمە لەوەدایە باخچە ئاڵوواڵاکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتییەوە تاکو باشوور لە ئامێز ناوە، مرۆڤ بەخوێندنەوەیان بەرەو ورووژان و ژان و ژوور و ئارامبوونەوەیەکی ڕوحییانە دەچێ، ئەوە دەسکەنەی ئەو خونچە نەپشکووەیە کە لە پەلکە ناسکەکانییەوە نهێنی بەردەوامی ژیان هەڵدەگرن و موژدە دەبەخشنە تەمەنی پڕ شکۆداری مرۆڤی عاشق و سەربردە و پڕ هەرا و سەراسیمەی ئەڤینداری دەگێڕنەوە.

* «بۆنی هەڵاڵان دێ» ناوونیشانێکی جوان و ناسك و چەندان چەند دوو دێرە شیعری تەڕچك و پڕ بەهایە، بەچێژێکی قووڵ و گەرمی کوردانە هاتووەتە بەرهەم کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و بەئاواز و ڕەزمی جیاجیا دەگوترێنەوە.

* لە کوردستانی ئازادی ئەمڕۆدا، دیسان و بۆ جارێکی تر «بۆنی هەڵاڵان دێ».

## پێشەکی چاپی یەکەم

* ئەم گەوهەربەندە فۆلکلۆرییەی بەردەستت، مایەی ڕەنجی پتر لە (١٠) ساڵە، زۆر جار لە دانیشتنێکی کوردانە و برایانە و سەرمەستانەدا، لە شایی و شین و زەماوەند و داوەت و گەشتێکی گشتی یا تایبەتیدا، تاکێك یا حەوت، پێنج یا نۆزدە تاکم بیستووە و یەکسەر دەسنووسم کردوون، جا چ لە گۆشەی کتێب، یا پەراوێزی گۆڤار و ڕۆژنامەییێ، سەرەڕای سەدانی وەك ئەمانە کە هەر لە منداڵیمەوە خووم پێ گرتوون و ئەزبەرم کردوون و بەدەم گۆرانی جۆراوجۆر و هەڵچوون و کەفوکوڵی تاسە و سۆزی دڵ و دەروونەوە گوتوومن و گوتوومنەتەوە.

* زۆربەی ئەم دوو دێرانە، سەراپای شێوە زمانەکانی کوردی دەگرێتە خۆی، هەر لە لوڕستان و گۆرانەوە بگرە تا موکریان و بابان و ئەردەڵان و سۆران و گەرمیان، هەر گۆرانییەکیش لەمانە، بریتییە لە یەك دێرە شیعر کە خۆی لە خۆیدا لە دوو نیوە شیعری (١٠) کەرتی پێك هاتووە و هەردوو نیوەکەش –بەگشتی– لەسەر یەك قافییەن. بەڵام ئەوەی جێی پرس و مایەی سەرنج و لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە: ئەم بابەتە فۆلکلۆرییە لە نێو کرمانجەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا و بادینانادا ناکەوێتە بەرگوێ، کەچی لە نێو کرمانجەکانی تورکمانستانی سۆڤیەتدا، نموونەیەکی زۆری هەیە، هەروەك دوکتۆر خەزنەدار لە گۆڤاری «تووتن– ٤– ١٩٦٤»دا بۆی چووە و نموونەشی بۆ هێناوەتەوە.

* ئەم (١٠٠١) دوو بەیتەی بەردەستیش، کە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی بەیتی گۆرانی و لە تەك زۆربەی زۆرینەی گۆرانییە خۆماڵی و ڕەسەنەکانی وەك: «خانمۆڵێ – هەیگوڵ – لیمۆ های لیمۆ – بابچینە سەر وەیس – پاوانەکانی – لانە و لانم کە – تاقانەی دایە – با هەرمێ و

هەناربێ – چبکەم نیمەچارە – نامدوێنێ– تەنکە– ناسکۆڵێ– دەزگیران– فاتمۆلێ– گوارەکانت مەلەنگێنە– تۆزە تۆزە– بارانە بارانە– خانباجی – وەرگەڕێ – زولفی شانە دەکا – خاڵۆی ڕێبوار – هەی بەللار – هەی ئاغا – هەر ڕێزە ڕێزە – دانە دانە – نییە لە ماڵ – پیرەژن بەدیزەوە – هۆ لەیلێ – کەمەرە شل – وەی وەی زارا – کەویار – کەومل – پەرچەم خەیاتە – نەمدیوە – کیژێ مەڕۆ – دەچمە سەر ناڵەشکێنێ – سەوزەڵێ خانم – دە مەگری مەگری – هەرمێ – ساقی دەروێشان – شلێرە – یارم ڕەشپۆشە – لەملان و لەملانم کە – گوڵاڵە سوورە – بەری بەیانە – سەوزە مەڕۆ – بەرهەڵێنە – ئامۆزا گیان – ئای شل– سەدای ساز– ئامینێم نازەنینێ – کەتان کەتانە – ڕاستەی خیابان – کزەی جەرگانم – بەلەنجە – خرنگە خرنگە – دەسماڵێ – دەسماڵ حەریری – های لە مینە – بارەکەم بەڵاڵووکە – یار زەینەب – هێران خۆشە گەرمێن – باڵابەرز – کاڵێ هەی لیمۆ – کراس ڕەشێ – چاوێ هەڵێنە – شەدەلار – هەوارە – دەنگی نایێ – گەوهەرێ – هۆمیانە و هۆمیان – باوانەکەی باوم – ئامین و ئامین– دڵەکەی وەرگرتم– هەی نیزام– یار وەرە– شەمامە و خاڵخاڵ– بەگوڵان و بەگوڵان– نازدار و نازدار – مەزەدار – تۆ وەرە – ڕووبەندت لادە – هەروایە – چاوجوانێ – داینێ هۆداینێ – بەلەرزە – ڕێبوار – بەوبەو – سوخمەی کۆنی – دانەدانە – نەمام نەمامە – گۆبەندە و زەماوەندە – ئەوبەر ئەوبەرە – دەنگ دێ – کراس زەردێ – بۆنی هەڵاڵان دێ» و دەیان گۆرانی وەك ئەمانە کە هێشتا نەبیستراون و دەقومۆریان نەشکاوە دەگوترێ، گەلێ لە سێ سێ لە چوار چوارەکانی دەستە خوشکانی، باوتر و بەهادارتر و بەچێژترە، هەندێکی وای تێدایە هەر زۆر تەمەن درێژن، وانەکی واش هەنە کە لە چەند ساڵ و مانگێ تێ ناپەڕن.

* هەر لێرەشدا بەوپەڕی ڕێز و نوازشتەوە، دەبێ سوپاسێکی گەرمی ئەو برا

و مامۆستا و خوشكانه بكەم كە هەریەكە و بەپێی توانا چەندین چەند تاكیان پێ بەخشیوم، لەوانەش مامۆستایان حەمەی مەلاكەریم و تۆفیق وردی و كاك شەوكەت جاف و دەستەیێ لە قوتابییانی بەشی كوردی زانستگەی بەغدا – كە هەمیشە كۆنگەی هەموو ناوچە و شێوە زمانێكی كوردستان بووە– هەروا ئەو باپیر و داپیرە تەرپیرانە و گشت ئەو فەراژییە ڕوح سووك و بزۆزانەی هاریكارییان كردووم، هەروا هاوسەر و خوشكە ژن و خەسوو پوور و خوشك، برام، كە هەریەكەیان چەندین چەند تاكم لێ وەرگرتوون.

* من نۆبەرەی ئەم هێشووە پەرسیلەیە و ئەم هەموو تابلۆ ڕەنگینانەم خستە بەرچاو و دڵ و چێژت و پەپوولە و مێشهەنگەكانیم بەرەڵا كرد، تۆش خۆت و ژان و شەیدایی و غەریبیت...

من بە «خەم» دەستم پێ كرد و بە «خەم»یش دواییم پێ هێنا، هەر خوا خۆیشی «دەزانێ» لە نێوان ئەو دوو «خەم»ەدا، چەندین ملوێن جیهانی سەیر و سەرپەڕ و بەداو و دڵ هەیە...!

زستانی–١٩٧٤– بەغدا

زامدار

دەستێکم ببڕن دەستێکم پێوە
دەست هەڵناگرم لەو شەکرە سێوە

وەنەوشەم دەچاند لەبن داری بی
هەر من دەچێژم دەردی غەریبی

نیوە شەو داهات، گەییە بەیانی
خۆ تۆ سوێندت خوارد، بۆ پەشیمانی؟

بەس وەرە و برۆ، بەبەر ماڵاندا
بەس دەس بگێڕە بەڕووی خاڵاندا

بریا باڵدار بام چەشنی پەروانە
بەدوایدا بڕوام بۆ شاری بانە

سەفەری دوورت، تا نیوەڕۆ بێ
خواردنی ڕێگات شەکر و گەزۆ بێ

سەرقەڵا مەڕۆ، بەر قەڵا جێتە
نێو سینە و مەمکم بەفوای سەر ڕێتە

سڵاوێ لە خۆت دووسەد لە داکت
سێسەد لەو کەسەی بڕیوە ناوکت

سەعاتی دەستت قایشی زەردە
هاتنت خۆشە چوونەوەت دەردە

هەرچەند دەڕوانم بەحوکمی دووربین
نەخۆی دیارە نەشێوەی شیرین

مـاڵ لـە مـەریـوان دڵ لـە دەرویـشان
مـردن خـۆشتـرە لـە ئـاخ هـەڵکێشـان

دەسرۆکـەی دەستت شیـنـی گـوڵگوڵـە
لـە نـاو جـاحـێلان هـەرتـۆم بــەدڵـە

سوارە بــاریــکــەی سەرداری مـیـران
یـان بـەدۆستت بم، یـا بـەدەزگـیـران

رانك و چۆغەڕەش، ناوشان کشمیشی
چـەنـدم پـێ خـۆشە، لــەلام دانــیشی

بـەقـوربـانت بم، قــەڵـەم قـاقـانـی
کـەی خـودا دەیـکـا، ببـمـە کـابـانـی

نـەرێ هـۆی کـاکـە، نـەقـێزە چـنـار
بـارەکـەت لـیـمـۆ، بـۆ خـۆشت هـەنـار

رانك و چۆغە شین، پشتێن پەشمینە
خـۆ تـۆ جـوان نـیت، خوێنت شیرینە

تــازە دامــنــاوە بـنــاغــەی مــەمـکـم
وەرە بمخــوازە، لــە کــاك و دایــکـم

هــەورێ هــاتــووە، بــارانــی نـیـیـە
یــارم گـفـتـەکـەی جـارانـی نـیـیـە

بــاران دەبــارێ دەیــدا لــە بــانــی
خـۆزگـە یـەخـە بـام لـەسەر مـەمـانـی

کەوا و کراس زەرد، زەردی بەهێیە
تۆبەکارییەکەم بۆ چاوی تۆیە

بەسم لێ بگرە سەراسۆی بانی
لێت حەرام کردم سەر ئاو و کانی

چاوم چاوەڕێی ئەو ڕێگاوبانە
کەی یار دێتەوە لە ڕێی ڕۆخانە

وەرە بەردەرگا نەختێ دانیشە
بەرامبەری من ئاخان هەڵکێشە

دەسرەکەی دەستت دوو گەز کەتانە
بینێرە بیشۆم، بەرە جەژنانە

بەسم لێ بگرە گوێسوانەی بانی
لە من مالّی زۆر، لە تۆش جوانی

لە دوور دیارە ئەسپەکەی بۆرە
یان یاری خۆمە یا زەینم کۆرە

کاغەز دەنووسم، سەر بەمۆرەوە
غەریبی بەسە، هەستە وەرەوە

قەتاریێ هاتووە، باری گیایە
داوای ئاوی کرد، قەنداوم دایە

نوشتەکەی مەلا هەر فڕوفێڵە
داخۆ چارەنووس لە دوای کێ وێڵە

بـــەقــوربـــانت بم وەستـــای دیـواران
پـــەنجەرێك بـكــە ڕووبــەڕووی یـاران

ڕەشەرەیــحـــانــەی پــەلك حــەبـیـبـی
مـن بـۆ خـۆم لـێرەم، یـار لـە غـەریبی

جــادەکــەی کــەژێ بـە گـوڵ دەچـێنـم
یـــاری پــێدا دێ، بــۆی دەڕەنــگــێنـم

چــنـــار و لاولاو سەریـــان نـــەمـــامــە
مـن بـۆ کـێ دەگـریـم، کـێ بـەتـەمـامـە

ئـەو بـانـە و بـانـە، عـەجـەب بـانێکە
دۆست لـێگـرتـنـەوە، عـەجـەب ژانێکە

خــاڵــی گـۆنــاکــەت، تــاقــە خــاڵـێکـە
ڕۆژێك نــەتــبــیــنــم پــێم بــە ساڵـێکـە

دار و پـــیـــرەدار، تـــەنــیـــا دارێکـــە
ئـەو دڵـەم بـەتـەمـای پـەرچـەمدارێکە

دەسرۆکـــەی دەستت ئــاڵــی پـیـــازی
خـۆ مـن ڕازی نـیـم تـۆ ژن بـخـوازی

ڕێگــاکــەی کــۆیــە دەچــێنـم بــەگـوڵ
بــەڵـکـو یــارەکـەم لـێی بـکـا مـەنـزڵ

دەسرۆکـەی دەستت پـڕ لـە زەنـگـیـانـە
لــە دوای بــاڵای تــۆ بــووم بـەدێوانـە

لە کوێستان دەڕۆم دەچمە گەرمێنێ
ئەو دڵە غەریبەم بەجێ دەمێنێ

قەتارێ هاتووە لە دوور تۆز دەکا
قەتاری یارە دڵ ئاڵۆز دەکا

گەنمەکەی دەشتێم کەروێشکان دەکا
یارم منداڵە و دروێنان دەکا

جحێڵ بەدوو شت دەبن دێوانە
کوڕ بە ماچوموچ، کچ بەلەرزانە

شل شل بمکوتن لە نێو جاڕی جۆ
دوا مەنزڵم نێوان مەمکی تۆ

هەڵی تەکێنە، قەزات لە ماڵم
لە خوام تەڵەبە ببیە حەڵاڵم

شەماڵ بیشنێ یەخەی کەتانی
گەرمای گەرمیان دەرکا لە گیانی

چوومە ئەو شیوە دڕکێ دای لە پام
دەرزی یەخەکەت بنێرە بۆ لام

لێوت هەنگوینە لە کانی ڤیندا
نازانم بۆچی لێم چووی بەقیندا

هەڵی تەکێنە چەتۆرەی پێوە
بمکە نۆکەری ئەو دەم و لێوە

ئــاوی ئــاوەنــیــا مــۆنــج دەخــواتــەوە
سەوزەی قــەدبــاریك خــەو دەیــبــاتــەوە

مــەڕەكــەی ڕۆیــی بــن دار و بــن بــی
ئاگری تێ بەردام ڕانك و چۆغە سپی

ئەگەر دەمخوازی باچەپكێ گوڵ بی
ئــەگــەر نــامــخــوازی نــەمــامــی گڵ بــی

ئــەمــبــەرم شــاخــە ئــەوبــەرم شــاخــە
كــراسم بــۆ بكــە، لــە گــوڵــی ئــەو بــاخــە

ڕێگــای مــەریــوان تــەلاش تــەلاشە
خــۆم بــەقــوربــانــی ئــەو پــێ و كــەلاشە

ڕانك و چــۆغــەكــەت بــۆری مسقــاڵــی
بــیــنــێرە بــیشۆم بــێ ژن و مــاڵــی

دارەكــەی سەركــەل تــاقــە دارێكــە
دوو دڵ بــە هــیــوای تــاقــە یــارێكــە

كــەواكــەی ڕەشە، ڕەشی مــەعــدەنــێ
چــاوانم كــوێر بــێ دەنــوی بــەتــەنــێ

بــەوەی مــەزانــە پــیــر بــووم فــەوتــاوم
خونچەی باغی تۆم پەروەردەی ئاوم

چــاوم چــاوەڕێی ڕێگەی بــەرمــاڵتــان
خۆ من گاو رنیم كەوتوومە داوتان

هــەر مــن دەزانم قــەدری گــوڵانت
مــەیــدە بــە نــاحــەز خــاڵــی لــێوانت

ئــەو چــاوە ڕەشەی بــووە کــەمــەنــدم
لــە سایــەی تــۆوە مــن لــێرە بــەنــدم

شەرتــە یــار بــۆت بــێ لــە جــێژوانــەوە
مــن دۆستــم نــاوێ بــەپــاڕانــەوە

هــەوەڵ لــە داخت دووەم لــە قــیــنت
لــەسەر کــام دیــنــی دێمــە سەر دیــنت

دەتــرسێم بمرم لــە جــاڕی جــۆدا
خــوێنــم بــڕژێ بــەسەر لــیــمــۆدا

بــیــنــێ ســەر دڵــم پــەنجەی شمشاڵت
بــێنــە بــیــمــژم دوو لــێوی ئــاڵت

نــەمــامــم دەچــانــد بــاغــم بــەربــێنــێ
لــەبــاتــی لــیــمــۆ سێوی کــاڵ دێنــێ

بــیــکــە بــەخــاتــر تــاقــە بــراکــەت
ئــەولام مــاچ کــردی، بێنە ئــەولاکــەت

ئــەمبــەر و ئــەوبــەر بیکــەم بــە بێستــان
شەمــامــە بگــرێ بــۆ دەستــی دۆستــان

خوایە چەن خۆشە حیلکەی ئەسپ بەند
دۆستــی جــوانت بــێ، دەزگــیــرانــی ڕەند

خـۆم بـەخـولامـی لاوی سەربـانـی
دەست لە گۆی خەنجەر چاو لە ڕێی کانی

ئـاوێك دێتـەخـوار لـە کـانـی ڕەشێ
بـەدیـاریـم بـبـەن بـۆ سمـێڵ ڕەشێ

ئەی داد و بێداد چم لێ بەسەرهات
لـە گـوڵ دەگـەڕام دڕك وەڕێم هــات

ئـاخ لـە دڵـەکـەی مـن چـەندە بێعـارە
تـازە بــەتــەمـای پـیـاوی ژنـدارە

مـاڵـم بـۆچـییـە گـەنجم بـە کـۆبێ
گـەدایـی دەکـەم چـاوم لـە تـۆ بـێ

یا شێخە سوورەی ماڵ لەو قەد بەرزە
یـارەکـەم نـەگرێ قـەت تـەپ و لـەرزە

هــەنـاسەی ساردم هــەر لـێرە وێڵـە
پـەرچـەمت لادە، جـێی دەستـم بـێڵـە

کـۆتـە ڕەشەکـەت مـەیـدە لـە دیـوار
دڵ هـەر یـەکـێکـە و مـەیـدە بـەهـەزار

بـەقـوربـانت بم کـاکـۆڵ ئـاوریشم
گـفـتـم پـێ بـدە حـەوت ساڵ دانیشم

نــامــە دەنــووسم بــەنمەی بــاران
سەرپـۆستـی دەکـەم بـەگـەڵای داران

شەوان من دەنووم بەتاسەی تۆوە
بۆن دەنێم بەبۆن هەناسەی تۆوە

بەری بەیانە و زرەی فنجانی
لە ناو ئەو دێیە، تۆم بە جوان زانی

تۆ مەرگی کاکت مەمکوژە بەناز
لێرەم ناهێڵن دەمبەن بۆ شیراز

هەستە بەیانە زرەی فنجانە
ئەگریجە و مەمکت بەجووت شەڕیانە

شێتان شێت دەبن دەچن بۆ کابە
من بۆ تۆ چۆنم، تۆش بۆ من وابە

خۆزگەم بەدەرزی تیژە، تەنکە
دایم میوانی سینە و مەمکە

سووتام و برژام لەبن ئەو بەردە
ئەگەر نامخوازی دەستم لێ بەردە

باران دەبارێ، دەیدا لە حەوشە
بۆ من بمینێ، ئەو کراس ڕەشە

باران دەبارێ، دانە بەدانە
لێوت مەلێسە، خەڵك زۆرزانە

هەر خۆم بەقوربان، دەسرە سرکەیی
مشوورم لێ بخۆ، دنیا تێم گەیی

خـودا بـیـنـووسیٚ، قـەڵـەم بـکـا کـار
ژن بۆ پیاوی پیر، کیژ بۆ هـەرزەکار

دوو کــۆتــر نــیشتن بــەسەر قــەڵاوە
یــەکـیــان یــارمــە خــەیــاتــەی خــاوە

ئـەتـۆ وەرە خـوار بـە بـیـانـووی ڕاویٚ
دوو مــاچــان دەکـەیـن لـەبری سڵاویٚ

دارە خـرِکـەڵـەی جـوانـی سەر کـۆڵان
نەعلەت لەو کەسەی تۆی لە من ڕەنجان

پشدیٚن گـوڵـگـوڵـی خـۆت و ویـژدانت
ئــەو کــیٚوە دەبــرِم دەبمە مــیــوانت

بمنـیٚن لـە شووشە، شووشە دەشکـیٚنـم
بمدەن بــەجــوانــان خــۆم دەڕازیٚنــم

سیٚویٚکــی هــاویشت، داویــە لــە ڕانم
فـیـدای سیٚوت بم، قـەزات لـە گـیـانم

یـانـەدا بـۆت تـۆز، گـەردی بـاڵاکـەت
پەریٚ سورمەی چەم سفتەی باڵاکەت

یارم چوو بۆ کیٚف ئەیژن بۆ ڕیٚواس
گوپ قرمز قرمز وەك جفتیٚ گیٚلاس

تـۆ دات بــە لامــا نـەتـکـرد نـیـگـایـیٚ
خـۆت بــە شا زانـی مـن بــەگــەدایـیٚ

خـــاڵـێك هـا لــه بـان لـێو مـەنـیـجـەوە
هــەورامــان تــێریٚ بــه هــەجـیـجـەوە

شەکـەر قـاتـیـیـە جـا لـەگـەڵ گـەزۆ
گشت تاریف دەکەن جوانی و باڵای تۆ

نـــەزان چـــازانــیٚ لـــە بــیــروونـــەوە
مــن کـوێنــەم دەیشیٚ لـە دەروونــەوە

وێڵـــم لـــە شوێنت بـــەم نـــاوە نـــاوە
نەنگوور فەخری خوە باخ سەڵوات ئاوا

سەرم چەرمگ بوو ریشم تان و پۆ
تـاکـەی دانـیشم لـە پـای بـاڵای تـۆ

پرچم هێشتەوە و تەزبێحم هەڵگرد
یاخوا، خوا بتگریٚ بۆچە وات پێم کرد

تـەزبـێح و جـانماز هـەنـاردم بـۆ لات
تۆ قوربانی کەی من کەفتمە بەرپات

مـەمـکـوژە بـەنـاز بـژەی چـەمـانـۆ
بموەخشە بـــە بـــاڵ کـورپـــەی داوانــۆ

تیرێکی دا لێم چەرمەڵەی چاومەس
لە شوێن تیرەکەی خوێن فەوارەی بەس

بۆچە دەمکوژی مەر گوناحم چەس
گـونـاحـم یـەسە عـەشقم بـەچـاومـەس

کـاغـەزم ڕەنـگـی خـەتم شێویـاگـە
ئـەمشۆ ڕەفـتـەکـەت لـێمـان بـڕیـاگـە

مـاشیـنـێ هـاتـگـە بـەرەکـەی سەوزە
نـگـادارۆ بـێ ئـەو حـەزرەت غـەوزە

تەشییەکەی هەڵگرد رووی کردە خەرمان
کوڕگەل جاهێڵ بێن قوڕ کەینە سەرمان

ئـەرێ بـۆ کـانـی پـای راسۆ خـەبـەر
گـۆزەکـەو چـیـنـی ئـاوەکـەو شەکـەر

گـەڵـووبـەنـەکـە زەنـگـیـانـەی ڕەشە
هەم پیر هەم جوان دڵیان پێت خوەشە

قـاڵـی داخـریـاگ گـوڵ تـیـکـە تـیـکـە
ئـەگـەر مـەیـلـو بـێ مـاڵـمـان نـزیـکـە

هەی داد هەی بێداد ئەمە کەی حاڵە
هـەر وەخـتـێ ئـەچـم دایـکـی لـە مـاڵـە

بمنـنـە نـاو شیشە، شیشە دەشکـێنـم
نـەمـدەن بـەو کـوڕە خـۆم دەخـنـکێنم

دووکـان و بـازاڕ تـەخـتـەبـەنـی کەم
سەودای دڵ لە لای کام ئەرمەنی کەم

یـا بـە گـوڵـم کـە یـا بـە گـوڵستـان
یـا بمکـە تـابـلـۆی بـان دەبـڕستـان

یا بەگوڵم کە یا بەگوڵسەرا
یا بمکە تابلۆی بان دانشسەرا

قلیانێ تێکە لەو ئاوە لێڵە
مەیکە حەکایەت سەر چەمەن وێڵە

شەوقی کول عالەم ها بە دۆسەوە
بەهار ها بە فڕ گۆل بەو رۆزەوە

وەختی گوڵ نەورۆز دەرمەیۆ لە خاك
سێ پەڕ سێ نیم پەڕ سێ وەرق سێ چاك

هەر مەڵای بیۆڕێ مارەی نەوە دڵ
ئەو ڕیشە بوڕێ بینێتە شەتڵ

مەلای ئەم شارە ئیمانیان نییە
ناپرسی ئاخر دڵدارو کییە

تۆ قەسەمتە خوارد بەمانگ رەمەزان
ئامشۆ ڕەفت بمینێ وەك جاری جاران

کاشکای ماڵەکەت لەملاتر بوایا
هات و چوونەکەت زیاتر بوایا

ئەگریجەت لە بان گۆنا کل مەکە
جاهێڵ ماڵ وێران دەس ئەجەل مەکە

تانەی لێم دەدا تانەی مەرگم بوو
چون گوللەی برنەو لە تۆی جەرگم بوو

هـەی هـەی لێوگە خوا بکـا نـەلێوگـێ
چـاوت لـە مـن بـێ رەفـتت نـەشێوگـێ

لـە تـانــەی مــەردم یــارم سڵ ئــەکـا
لـەعـنـەت لـەو کـەسە مـەنـع دڵ ئـەکا

هـەر کەس لە بـاخـەڵ ئەو گوڵە بخـەفێ
وەك سەرهـەنگ تـەمام سێ قوبکەی بۆتێ

تـف لـە شەرتـەکـەی نـیـمـە تـەمـامـۆ
خـۆ کـفـرم نـەکـرد کـەفـتـگـمـە دامـۆ

لـێویــاگــە خـوا بـکـا نـەلـێوگــێ
بەین من و چاوخاس خوا بکا نەشێوگێ

کەم برۆ، کەم بچۆ، کەم دە زەحمەتم
هــەم دیـنـم سزیـا هــەم قـیـامـەتم

لــــــە ئــــــێوارەوە شەم گــــــرانمە
تــەپـڵ شایـیـم دا، دۆس مـێمــانمە

گـەر مــەیـلت نـیـیـە تـا دڵـنـیـا بم
کــەم دەس وەدامــان شێخ و مــەلا بم

شەرت بۆ لە داخت هەرگیز نەخەنم
بــەرگ ئــازیــەتــی لــەوەر نــەکــەنم

هـەنـارێك هـاتـیـیـە لـە لای دۆسەوە
ئـوشم بـخـوەمـەی هــەر وە پـۆسەوە

تۆ خوەت گوڵێکی گوڵ ئەڕای چەتە
عالەم وە حەسرەت گوڵەکەی خوەتە

تۆ خوەت گوڵێکی وە گوڵ بازی کەی
وە نیش برژانگت تیر ئەنازی کەی

کاشکای سەنگێ بام شەو لە سەرینت
گۆش بییەم کزەی نالەی دەریونت

مانگەشەو هەڵات، دای لە لێفەکە
دایکۆ نەزانێ، بگرە سێفەکە

سەردەشت و سابڵاخ، شارەزوور گشتی
هەمووی بەقوربان شاڵەکەی پشتی

تۆ خەفەت نەخۆ باڵاکەت کوڵە
لە خێڵی خۆتان هەر تۆم بە دڵە

دەمەکەت کانی ڕێگای ڕێبوارە
مرواری لە ناو دەمتەوە، دیارە

ماشینێ هاتگە باری هەنارە
خۆزگەم بەو کەسە دەزگیراندارە

بارەکەم بارە و سەربارەکەم خەم
خەتای کەس نییە خوەم کردم بەخوەم

مەردم ماڵی ئەڕمێ من بەر هێوانم
مەردم دۆسی ئەمرێ من دەزگیرانم

قەزاو لە گیانم کاڵێ گیان، باوان
بەبۆنی تۆوە ماڵ خوەمم شێوان

بەبۆنی تۆوە رسوا بووم لە عام
شەوێ بەبێ ترس نەهاتی بۆ لام

قەزاو لە گیانم برۆ قەیتانی
دەردێ تۆ داگتە خوەتی دەرمانی

خودای بانی سەر زۆردار بکەی کۆر
دۆسم ناشی بوو بردنەی وە زۆر

خەم تۆ برامی خەم تۆ برامی
خەم کاروانسەرای شەو مەنزڵگامی

خاڵ لەو یەکێ خاڵ مل دووان
خاڵ ناو سینەت سەر لە لێم شێوان

کور بۆت ئەو دیدە تۆ نیشانم دا
نانی بەدبەختی وە داوانم نا

ئێوارە دیمت وە جەلالەوە
خوڵکم نەکردی چیتە ماڵەوە

تولەی دەس نیشان، ئاسای دەسمی
من کەس نەیرم تۆ گشت کەسمی

سەعات هەفت و هەشت دان لە دەروازە
چەوم کەفتە دۆس دڵم بی تازە

جفتێ چاودیری چوو پیاڵەی چینی
لە قەسرەو خەتیەی خانەقین بینی

هەناسە هەڵدەم نەفەس دوای نەفەس
بوویتە گەردەلوول کەس نەناسێ کەس

ئەگەر حەز دەکەی دڵەکەم دەربێنم
ئەیکەم بەدیاری بۆ تۆی دەنێرم

ئەگەر وە بێ تۆ بچم زەماوەن
تاڵێ لەو زوڵفتە بۆم بێتە پاوەن

کردگتەسە بان بەرزی عەمارەت
بەپا مەشق ئەکەی بە چاو ئیشارەت

نەدەردەدارم نە کەسم مەردەن
رەنگ زەرد و مل کز تاسەی تۆم کەردەن

ئێوارە وەختێ سێبەر دای لە چەم
تۆ دەربێ لە ماڵ من دەرتێم لە خەم

خوزیا خوری بوایم وەتەشیتەوە
خولم بخواردای وەخوەشیتەوە

کەم بۆم بڕوانە تۆ بەگۆشەی چاو
ماڵ باوکت بڕمێ بووم بە قەترەی ئاو

قاڵی و قاڵیچە دوو گۆڵ لە بانی
نازدار دانیشێ و چاوجوان لە شانی

خوا نانۆ بۆڕێ بۆ گفتولفتۆ
پایز شووت بمرێ به هارگای جفتۆ

مەرمن چەوەتم، تۆ چە شنەفتی
وە قسەی ناکەس، لە لێم دوور کەفتی

ئیمشەو چەن شەوە ناتییە خەوم
لە کی تووریایتە مینایی چەوم

ئەر بیەتیە پێم، ماچی لە نەودەم
ڕۆژی چوار جارە، قەزات خەم لە خوەم

شووت نەکرد بە خوەم بتبەم بۆ خیابان
شووت بە گولەی کوڕ ئامێنە خان

شێخ ڕەش ئامانە توافچیت فرەس
پرسە لەو یارە دەردی دڵەکەم چەس

قەزاو لە گیانم ئەیژی دار گوڵی
زەڕە و شیرینە هەرچەن کامڵی

سەعات بان دەسۆ شووشەکەی بشکێ
بۆمە سەعاتساز تاسەم لێت بشکێ

جفتە مەمکەکەت وەك هەنار تورشە
دەسی بۆ ئەوەم بۆم ئەکا پرشە

ماڵ و بۆ بکەمۆ لە ملە مرواری
پادگان قاوکەم بۆ هەرەکاری

ماڵی باوکەکەت بەشەو مەنزڵ کەم
تواشای باڵاکەت بەکەیفی دڵ کەم

ئــەو شووتــە بمرێ بــێ شوو بمانــی
کـۆتـە شیـرەکـەم بـەم بـەمـزگـانـی

ئـەرەستـوو بـێرن بـە لـوقـمـانـەوە
تـەواو حـەکـیـم گـەل بـەدەرمـانـەوە

ورد ورد بـیـکـوتـن بـیـکـەن پـەروەردە
ئەوسا سوکنای بێ دەوای ئەم دەردە

هـەرکـە خـەمسێنـە مـن خـەمـفـرۆشم
وێنەی سەماوەر بە کوڵ و بە جۆشم

گـوڵـە زەرد ئێیژی حـاشیـەی بـاخـانم
چل شەو لـە بـەهـار خـوەم چراخـانم

ئەم بان بۆ ئەو بان خوەم بدەم لە تل
تـا کـەفـمـە بـاوش چل لـیـرە لـە مـل

چـەنـی وتم پـێت مـەڕۆ ژێر دار بـەی
ڕەنگو زەرد ئەکا وەك ڕەنگەکەی خوەی

قەسەم بەو شەخسەی بەرانبەر کەمێز
کـوشتـەی یـارێکـم هـا لـە بـاوەڕێز

بـۆ چ ئـەونـە بـەرزی بەرزە دەمـاخـی
بـەبـۆنـەی تـۆوە بووم بـەچواربـاخـی

دەسم برد بۆ سێف پام خزا بۆ بەی
باخەوان زانی دەس کرد بە هەی هەی

باخە بوچکەڵەی ناو بەینی باخان
بۆچ بێ سەمەر مای داخی بێ داخان

بەبەدەن خورما بەبالا بییە
خوەزیا ئەمزانی هاوسەری کییە

مەر خەسرەو نەیبوو مەتای ڕەنگاوڕەنگ
شیرین بۆ فەرهاد خوەی ئەدا لە سەنگ

دوێ شەو خەوم دی کێشیاگم بەباخ
کێشیاگم بەباخ شای بەرزە دەماخ

وەختێ بە یار بووم نە باخە و نە گوڵ
دام بەتەوق سەرما پرچانم بەدڵ

چایی تازە دەم سەماوەری نۆ
پیاڵە گەردانە لە دەور بالای تۆ

سیانزە خۆ نەحسە بکەفێ کۆسی
بماڵیە سەریا چۆن پەری دۆسی

ئەگەر بنیام خەوم بوواتە نانی
مەشیای من بۆ تۆ بووایمە ڕۆحانی

ئیمڕۆ یارەکەم دای لە گوزەرگا
تەزبێحی لە دەس سۆفییەکان بەردا

چـاوت مــەڕێشە هــێشتــا مـنــاڵـی
سێفـی نـەگـەیگ هـەڵـووچـەی کـاڵـی

چەن شاران گەڕیام چەن دووکان بەستم
سورمـەی چـاوەکـەت نـەکـەفتە دەستم

خـەرمـانـێ لـە گـوڵ تـەپـڵـە کـریـاگـە
بـەدەس نـەو نـەمـام شەقـڵـە کـریـاگـە

نـەخـوەش کـەفـتگم لـەم خـەسەخـانـە
پــەرەستــار نــاشی دوکـتـۆر دێوانــە

جیرەی کەوشەکەی کووجیەکەی دڕی
خـوا حـافـزیـەکـە و نـاو سکـمـی بڕی

بــێڵا بــتــاشین کــۆتــرێك لــە چـۆ
بــا بــێتــە ڕادار بــەیــنــی مـن و تـۆ

حـەڵقـەی نـامزەدیت وە دەستم تـەنگە
لـەبـەر بـراکـانـۆ زووانـەکـەم لـەنـگـە

بۆچە ناپرسی ڕێبوار خەڵکی کوێت
دێوانە و مەلوول لە شوێن باڵای کێت

شووت نەدەکرد بە خوەم بتبەم بۆ کوێستان
شووت کرد بەو گولەی کیسەڵ ناو بستان

بۆ هـەر کـوێ ئـەڕۆی بڕۆ بـە سلامـەت
خـوەم یـەخـەت ئـەگـرم ڕۆژ قـیـامـەت

هەرکەس من و تۆی لە یەك جیا کرد
کفر و ناسزای دەرگای خوای کرد

باران بواریێ با لە بان شانم
شووبکەم بەگرووبان پێم بێژن خانم

خوای بانی سەر خاوەن گشت عالەم
داخۆ زەماوەن ببێ لە تالەم

ئەونە شیرینی لە حەد دەرچووگی
ئاوێتەی گوڵەکان زەفەریە بووگی

ئەونە شیرینی وەیتە دار ژاڵە
نەزەرکەر دەکەی مەحموود سەرواڵە

لە بیرت نەچێ شەو بارانەکە
تەقەی ماچوموچ ناو دالانەکە

خاڵی کوتاگە لە چاڵی غەو غەو
ئەنقەست کوتاگییە بۆ ماچکردن شەو

یاخوا با هەڵکا گەڵارێزان بێ
با لە یەخەی تۆ لیمۆ هەرزان بێ

بەفیدای ماڵەکەی باجرخانیت بم
فیدای دوو دیدەی ڕەش قەترانیت بم

بەفیدای ماڵەکەی ئەحمەد ئابات بم
چەندم پێ خوەشە ئەمشەو لە لات بم

چاوگەل و ڕەشگە بەکڵەی مووسایی
بـۆ جـاهـیـل کـوشتن لـێنـا وێسایـی

هـەی بـەنـاز بـەنـاز حـەز بـەنـازتـەکەم
حـەز لـە کراسەکـەی یـەخـە بـازتـەکـەم

بـەر مـاڵـەکـەتـان بـکـەم گرد و کـۆ
بماڵـە سەرمـا بـۆ بـێ مـەیـلـی تـۆ

تـیـرێکـی دا لـێم تـیـر لـە بـانـی تـیـر
شوێنەکەی کەفگە وەك شوێن نەچیر

من ماڵم بۆ چەس گەنجی بەکۆ بێ
گـەدایـی ئـەکـەم چـاوم لـە تـۆ بـێ

دای بـەدەسمـەوە کـێش دوولانـە
سابلاخ چۆڵ ئەکەم ئەڕۆم بۆ بانە

دای بـەدەسمـەوە عـاسای گـەدایـی
ئـیـتـر مـەپـرسە دەروێش کـوجـایـی

بۆ هەر کوێ ئەڕۆێ بڕۆ بە سلامەت
خـوەم یـەخـەت ئـەگـرم ڕۆژ قـیـامـەت

هەر وەختێ مردم قەنم بۆ ڕەش کە
خوەت بوە بە وەکیڵ ماڵەکەم بەش کە

سەیـی شاڵـی شەڵ مـەلای پـا پـاڵـە
گشتـی بـنـێرن بـۆ شفـا و لاڵـە

خوای بانی سەر خاوەن گشت عالەم
داخـۆ زەمـاون بـبـێ لـە تـالـەم

چل خەم چل خەیاڵ چلیش واسواسە
سێ چل چۆن دەرچێ بە یەك هەناسە

لـێفـە و دۆشەگـە، سەریـن مسقـاڵـی
قرچەشکێنی کـەین، شەو بـەحـەلاڵـی

جار جار، لە ڕووی ناز بەرکە بەم لاوە
وەهـام لـێ مـەکـە، گـیـانم سووتـاوە

خودام کرد، وەگژ خۆت و جوانییەکەت
سەر وەبەرخستن، ڕێگای کانییەکەت

بـەو خـۆرهـەڵاتـە، بـەو خـۆرنشینـە
هـیـچت جوان نییـە، شێوەت شیرینـە

بـەفـای زوڵـفـەکـەی دەسەدەست بم
بەفای کوڵمەکەی کەس نەگەست بم

بـا مـن بـکـوژن، وەبـانـی تـۆدا
خـوێنـم بـڕژێ، وەبـان لـیـمـۆدا

ئاگرت تێ بەردام، ئاگرت تێ بەربێ
بمکـوژێنـەوە، ڕەنجت بـێ بـەربـێ

جوانێ تۆ گوڵی، گوڵبازی ئەکەیت
بـە تیلـەی چاوت تیربازی ئەکەیت

بـا سیـروان بمبـا، بـە مـل تـافـەوە
بـە تـونکـە تـونکـەی، مـاڵـە جـافەوە

کەم بێ و کەم بچۆ، کەم بەدارم کە
کـەم بـەلـەنجەولار، گـرفـتـارم کـە

هـەروەك بـازیـبـەنـد بـتـکـەمـە بـاڵـم
بـزانـن، شێتـم، یـا کـەڕوڵاڵـم

هـەی دادوبـێداد، تـیـربـارانم کـەن
وێڵـی بـاخـی بـەی نـازدارانم کـەن

سووراو و سپـیـاو، گشتـی درۆیـە
شەرتـی جـوانـیـی ژن، چـاو و بـرۆیـە

سوێنـدم خـواردووە، بـەگـەنم و بـەجـۆ
پشتـێنـێ بـکـەم، لـە کـراسەکـەی تـۆ

کـۆڵانـی مـاڵـتـان پـێچ ئـەکـاتـەوە
نـامـەرد کـەسێکـە، لا نـەکـاتـەوە

مانگەشەو خۆشە، حیلەی ئەسپی بەند
دۆستی چاکت بێ و دەسگیرانی رەند

ڕیشەی مشکییەکەت بخە سەر شانم
هەر ئەمرێ ئەکەی، بەندەو فەرمانم

ئـەوا تـۆ ئـەڕۆی، بمبـە لـەگـەڵت
لـەجـیـاتـی شانـە، بمخـە بـاخـەڵت

پەنجەی وەك شمشاڵ، مەیکە بەئاوا
مەیهێنە، وەبان ئەگریجەی خاوا

سێ مانگەی زستان، خۆزیا، شەو بوایە
دەم لە ناوی دەم، چاو لە خەو بوایە

ماڵمان باری کرد، کەس نەیگێڕاوە
هەرخۆم دانیشتم، دڵی خۆم داوە

با بچینە داران، داری ناوداران
لە بنم ڕایێخن، چارۆگەی یاران

قاپییەکەی بەرماڵ، زیخ دانەدانە
یار دانیشتووە، زولف ئەکا شانە

پەی یەکێ بمرە، پەی تۆ مردەبێ
ئەو لە تۆ زیاتر، ئیمان هەردەبێ

خۆزیا هەوری بام لە سای گەردنت
یانە، پاوەن بام لە پای ماینت

هەڵکێشە خنجێر، سەد زامم لێ کە
ئەو قسەی تۆ کردت، جاری تر مەیکە

هەناسەکەی من، بە قاوەی تاڵ بێ
گەورە تا بچووك، بە کۆی زوخاڵ بێ

دەمەکەت بێنە، بینێ ناو دەمم
بەشکو ساکین بێ دڵەی پڕ غەمم

شەدەکـەی سەرت خـورشید نـیشانـە
گـاور بـتـبـیـنـێ ساحـێب ئـیمـانـە

نەخوا دەمکوژی، نە بۆ خۆم دەمرم
چونکی غەریبم کەس ناگری قەدرم

لە کونی پەنجەرەی خۆی دا نیشانم
ئـاگری پـێ نـەبوو، سووتـانـدی گیـانم

هــەستــە بــێرە لام، بـزانــە مـن کـێم
کوڕەکەی دوێنێم، ماچەکەت دا پێم

قــەڵاکـەی هــەولـێر، بـنـەکـەی بـۆشە
مــاچــی عــەلمۆدە، بــەپــێوە خـۆشە

لــێرە مــەمـکـوژن پـێچ و پــەنــایـە
بمبـەن بـۆ کـەرکـووك یـارمـی تێدایـە

بــەهــاران خــۆشە نم نمەی بــاران
تەماشای سەرچیخ گۆشەی دەواران

سیــروانــە شێتــەی دەل و دێوانــە
تـۆزێ خـۆش کـەرۆ، یـارم مـیـوانـە

ئــەو مــاڵــە بــەرزە، بــە تــەلارەوە
هـەمـووم خۆش دەوێ، لـەبـەر یـارەوە

دڵداری خۆشە گەر بە دوو سەر بێ
نەك من بسووتێم، ئەو بێ خەبەر بێ

خــەوێکــم دیــوە، خــەوە نــەرمــەڵــە
دەستـم لـە بـانـی، مـەمـکـە چەرمەڵە

بـیـنـیٚ سەر دڵـم، نـاسکـە پـەنجەکەت
بـاوەشێنـم کـە، بـە ئـەگریـجـەکـەت

دەمـەکـەت بـێنـە، دەم دەمـانـی کـەین
دەم و خاوەن دەم، بەقوربانی کەین

هــەی داد و بــێداد، کــارم نــاڵانــە
سیـنـەم دەفـتـەر و جـێی خـەیـاڵانـە

ئـەو مـێخـەکبـەنـدەی وا لـە مـل تۆدا
پــەرێشان بــووە، بــەسەر لـیـمـۆدا

خـاڵـێك هـاوەبـان نـەرمـەی رانـەکـەت
با گیانم دەرچیٚ، بەر لە گیانەکەت

خۆزگەم بە ساڵان، لەگەڵ ڕۆژگاران
لێك جودا نەبوون، چون گەڵای داران

شەمامەی خەت خەت تەرحی گولیکیٚ
نـاردیـتم لۆم بیٚ لـەلای کـەرکـووکیٚ

مەمکی ئەو کیژەم دوو سێوی ترشن
دەستـیـان مـەدەنیٚ، هـەڵـیان مەگوشن

ئــەتــرسم بمرم، بــەم گشت دەردەوە
سەر بـنـێم، وەلای سەنـگـی سەردەوە

ئــەمشەو، دوو شەوە، بــەیــانــی سێیــە
نــازانم دەم گــوڵ، جـێگــای لـە کـوێیــە

بــڵــێن بــە یــارم، دەس لــە مـلــم نـێت
یــان بــێ بمکـوژێ، یــان لـە گڵـم نێت

ڕەشە ڕەیـــحـــانـــە، هـــا بـــەڕیـــزەوە
یـــارێکــم گــرتـــووە، لـــە پـــایـــزەوە

هــەی داد و بــێداد، لــەگــەل مــامــەوە
خۆشییەکەی دیتم، یەك یەك دامەوە

خونچەم ئەچنی، پەنجەم کەوت لە گوڵ
شەوگــارم شەق کـرد، نــەگـەییم وەدڵ

مــاڵـمــان مــاڵـێکـە، دەنـگــم نــایگــاتــێ
دایــکــی حــەز دەکــا، بــاوکــی نــامــداتــێ

چــاوان مــەڕێژە، بــەکـلـی جــوولــەکـە
مەمکت پەروەردەی، سوخمەی پوولەکە

دەرزی یەخەکەت، بوو بە هاودەردم
بۆ رەحمێ ناکەی، بە ڕەنگی زەردم

مــەمکت شەکرەسێو، یـا لیـمـۆی کـاڵـە
یــاخــود شەمــامــەی، زەرد و بـێ خـاڵـە

لادە چـــارشێوت، بـــادەرکـــەوێ خـــاڵ
سووتـام و برژام، بووم بـە کۆی زوخـاڵ

کــەمــەر سەلارە، دانــەش قــومــامــە
مـەمـکـی یـارەکـەم، لـیـمـۆ و شەمـامـە

قــەزات لــە مــاڵــم، واشەی سەرلانــە
خەت و خاڵ شیرین، خاڵ دانە دانە

ڕەشە ڕەیـحـانــە شەو ئــاوی لــێ کــە
بــیــبــە بــۆ یــارم، سڵاوی لــێ کــە

غەریب و بێ کەس، لەم شار و دێدا
ئــیــتــر بــڕوانم، وەبــاڵای کــێدا

هەڵکێشە خەنجەر، لێم دە چەپ و راس
با من بکوژرێم، لەسەر دۆستی خاس

یاخوا هەر شەوبێ، هەر مانگەشەو بێ
بەل قافڵەی ئازیز، سەلامەت رەو بێ

بــە کـۆڵ بـیـکـێشم، دەرد و بــەڵاکـەت
بــا مـن مـاچـی کـەم، دانـە خـاڵـەکـەت

خـۆر لــە خـۆراوە، ڕۆژ لــە پــەل و کـۆ
نەبووە بە عادەت، من بێم وەلای تۆ

رووکـە بــەمــلاوە، بــەڕووی قـیـنــەوە
وێنــەکـەت بـگـرم، بـەجـلـی شیـنـەوە

کــلــی نــەمــاوە بــە کـلـدانــەوە
وەخـتـە خـۆم بـدەم، بــەسیـروانــەوە

ئـەوە مـن گـرتم، یـارێ تـر لـە نـوو
قورم دا، وەبـان هـەردوو دیدەی توو

لـە خـوام گـەرەکـە، بـەنت بـگـیر بـێ
لـە جوان بـەشبڕاو، هـامڕازت پیربـێ

چـاوان مـەڕێژە، وا بـەکـلـەوە
وەك کـەوی نـزار، خـاڵ بـە مـلـەوە

چـنـار و لاولاو، خـەلـفـی ساڵـێکـن
ئـامین و حـەلاو، بـووکـی مـاڵـێکـن

ئـەگـەر، وەبێ تۆ، خـەو کـەردەنیم بۆ
یـاخـوا ئـەو خـەوە، وەمـەردەنـیـم بـۆ

بـاڵا بـە وێنـەی، عـەرعـەر چـنـاران
زولفت رەواجدار، چون سکەی تاران

بەس بێ و بەس بچۆ، بەبەر ماڵەدا
بـەس کـەتـان بێنـە، بـەڕووی خـاڵـەدا

بە ماچ و دوو ماچ، لێت نابم رازی
لـە بـان سینـەکـەت، نـەکـەم دەسبـازی

بـاران بـاریـوە، خـەرمـانـەی داوە
مـاچـێکم پـێ بـدە، دڵـەکـەم نـەمـاوە

تـازەم زانـیـوە، مـەریـوان دەشتـە
مـاچـی گەورە کچ، نیوەی بەهـەشتـە

چەند شاران گەڕام، چەند دووکان بەستم
کـاڵا بـۆ بـاڵات، نـەکـەوتـە دەستـم

تـاتـای زولفـەکـەت تـورمـە بـینـم بـوو
لایــەلایــەکـەت، بــە (یـاسین)م بـوو

ئەمبەر و ئەوبەر، دەیکەم بە بۆستان
شەمـامـە بگرێ، بۆ دەستـی دۆستـان

دەچـمــە سلـێمــانــی، بـۆ بـازرگـانـی
بۆ دوگمە و قەیتـان، بۆ سەر مەمانی

چـارۆگـە چـەرمـی بـەریـەخـە مـاوی
مــاچــێکـم بــەرێ، بـۆچـی تـۆراوی

خـۆزگـە، دەمـزانی، بـەزمـانـی کوردی
بـاخێکم دەچـاند، لـە دەورەی گوندی

هـەرکێ من و تۆی، لـەیەك کردە، بێ
گشت ساڵ پـایـزان، ئـازیـز مـردە بـێ

لــێرە مــەمـکـوژن پــێچ و پــەنــایـە
بمبـەن بـۆ کـەرکـووك یـارمـی تێدایـە

بــەبــەرزی بـاڵات، بـەنـزمـی گـیـایـێ
شاڵـلا، مـاڵـەکـەت، لـەمـلاتـر، بـوایـێ

ئــاسکـە شلــەکـەی، دەوری پـیـوازم
لــە یــارم بـڕیـام، بـۆیــە، بـێ نـازم

پەنج و دوو ڕۆژێ، مەیل دا پێمان
مەگەر خراو بووین، حاشا کرد، لێمان

گەر مەیلەداری، بەمەیلت قەسەم
ئەگەر بێ مەیلی، هاوار، بە جەسەم

ئەگەر پێم بدەی، لە گۆنات ماچێ
حەفتا و حەفت پشتت، وەدۆزەخ ناچێ

ئەوا مانگ هەڵات، سەعات لە نۆیە
سینەکەی یارم، پڕ لە لیمۆیە

ئەگەر نەویایە، لە لۆمەی بسات
کەپرێکم ئەبەست، شەو و ڕۆژ لە لات

ئەو چاوە ڕەشە، لێم هەڵخەڵانی
سەرت نا وەسەر، ماڵم رمانی

بمنێن لە قوتوو، قوتوو ئەشکێنم
تۆم لێ دیار نەبێ، خۆم ئەخنکێنم

وەماچ و دووماچ، هیچت لێ نایێ
کردم نانێ بوو، دات بەگەدایێ

ئەو باڵابەرزە، لەورا وێسیایە
هەورییەکەی، لە بان قاشی بەستایە

بێ، وەماڵەوە، پا وەکەوشەوە
کلیل، ها وەبان، قاپی حەوشەوە

بـێ وە یـانـەکـەم، ساحـێو یـانـە نـیـم
خۆ من قەومی تۆم، خۆ بێگانە نیم

شەو زرنگیاوە، سەعات لە نۆی شەو
من لە فیکری تۆ، تۆ لە فیکری خەو

نالآنم وەك كەو، پێچم خوارد وەك مـار
حەڵقەم دا، لە دەور سەوڵ پای چنار

بـابـێتـە خـوارۆ، گشت گـیـانـی زەڕە
پـێچـی کـەسەری، ڕەیـحـانـەی تـەڕە

وەفای سینەت بم، چۆن لۆکە نەرمە
هـەر ڕۆژ بـۆ یـەکـێ، مـەزاقت گـەرمـە

هەرچەند، سەیر ئەکەم ڕێی ماڵتان دیارە
بـوومـە بـە قـەقـنـەس، چـارم نـاچـارە

شەرتـە لـە داخت، شانم بـەکـۆڵ کـەم
بچمە غەریبی، بەرچاوت چۆڵ کەم

چـووم، لـە بۆ خـەیـات، چـەندە جوانـە
دوورمـان دەدوورن، ڕان لـەسـەر ڕانـە

هــە بــەسە، بـەسە، دیـنت بـێ، کـافـی
بـۆچـی، دەمـکـوژی بـەبـێ ئـینسافـی

تەنیا داریێ بیم، کانیش وەپانم بی
گەل گەل نازارێل، هەردەم وەسام بی

مشكییەكەی سەرت، بە داو و دەزوو
یاری تازەت گرت، منت لە بیر چوو

هەر هەندەم ماوە، بمنێن لە قەفەس
نە چاو، تێر دەبی، نە دڵ، دەڵێ: بەس

لە خوام تەلەبە، ڕۆژ ببێ ئاوا
دەستان بگێڕم، لە باخی ساوا

نەماڵم دەوێ، نە گەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ، بە تاق و تەنیا

لە دوور دیارە، پەرچەمی ئاڵت
خۆم بەخولامی، دوو چاوی كاڵت

وەرە، ماڵەكەم، هەرتۆ، خانمی
سوێندت، بۆ دەخۆم، ڕوح و گیانمی

ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دوو جێگا
خۆ من خەریك مام، لەو سەرە ڕێگا

لێرە مەمكوژن، چیای بڵندە
بمبەن بۆ بانە، دڵ لەوێ بەندە

یەك پارچە، سینەت، ئەڵماسی رووتە
خۆزگە بەو كەسەی، شەو، لیلْت، جووتە

شەو تا نیوەشەو، تەنیا لە لات بم
لە خوام تەلەبە، فیدای باڵات بم

دوگمە و دوڵابی، سینەی سوخمەی ئاڵ
بـوونـە پـەرژیـنـی، جـووتـێ پـرتـەقـاڵ

مـاڵـمـان مـاڵاوسێ، چـیـغـمـان جودایە
حـەیـفـە، بـۆ بـاڵات شەو بـە تـەنـیـایـە

کـاول بێ کەرکووك، پڕ مشك و مـارە
هـەر کفری خۆش بێ، جێگەی دڵدارە

سەعات بۆ دەستی، عەینەك بۆ چاوی
شووشەیـێ عـەتـر، بـۆ قـژی خـاوی

دیــتــر پــیــر بــیــمــە، گـلارم ڕژیــای
گـەل گـەل نـازارێل، وەلـیـم تـوریـای

ئـەو چـاوە جـوانـە، تـۆ گـێژی ئـەدەی
ئـاوا بـێ ئـارەق، سەرخـۆشم ئـەکـەی

ئەگەر، بەبێ تۆ، سەر لە سەرین کەم
لە نیوەی شەودا، دەس بە ناڵین کەم

دەچـێ بـۆ کـانـی، دەبـبـە لـە شانـی
دەبـبـە بـلـق ئـەدا، بـۆ بـان مـەمـانـی

ئەو چاوە جوانەی، تۆ هەڵیان دێنی
ڕۆژێ یـەکـێکـمـان، لـێ ئـەمـرێنـی

هەر کۆچ کۆچت بوو، کۆچ نەبڕایەوە
کـۆچ بـوو، بـەئـاگـر، نـە کـوژایـەوە

ماڵمان ماڵاوسێ، چیغمان دوولایی
حەیفە، بۆ باڵات شەو بەتەنیایی

شێتان شێت ئەبن ئەچنە کەسنەزان
خۆ من شێتی تۆم، سپڵەی پێ نەزان

دەك چەندە خۆشە، ماچی سەرەڕێ
کچ بە ترس و لەرز، نەوا یەکێ بێ

ئەچی بۆکانی، زوو بێرە دواوە
دڵم بە مۆڵەق وەستا، وەپاوە

خۆ تۆ خۆت فەرمووت، من بێ وەفا نیم
بێ وەفاییەکەت، بەچاوی خۆم دیم

فەردا، وەختێکە، فەردا فەردایە
دەم و زەنج و خاڵ، لە یەك رەزایە

شوکر، وەبەشت، لەیل دیمەوە
مردە بووم، لە نوو زەندە بوومەوە

حەساری گەورە، دوور لە ئاوایی
کیژان بانگ دەکەن: ماچ بەخۆڕایی

ماڵمان ماڵەوماڵ، چیغێکمان بەینە
ماچی ئەو کچە، بەکەین و بەینە

ڕێگاکەی کۆیێ، بەوردە خۆرە(*)
کراسی نەسرین، گوڵ گوڵی سۆرە

---

(*) خۆرە: خۆڵە.

دەستــەسرِی دەستت، سادە سپــیــیــە
لــە مــەكــتــەبـدایــە، سێی سانــەویـیـە

بــازنــگــی دەستت، نـیـو لـیـرەی پـێوە
وەكـــو، كـــارمـــامـــز، دەرِو بـــەرِێوە

تـۆ مـەگری مـەگری، بـۆ لـووتـەوانـە
نـاردوومـە، بـۆت بـێ، لـە شاری بـانـە

هـەرخۆم، وەقوروان، ئەگریجەی دێزت
كوننەی سەرەوخوار، خوشە خوش، مێزت

ئـەتـرسم بمرم، قـەبـرەكـەم غـاربـێ
ئـیـزرائـیـل لـە دەس نـاڵـەم، بێزاربێ

هـەستـە، بـابكـەین قـەولـی دوو بەدوو
نـە مـن ژن بـێنـم، نـە تـۆ بكـەی شوو

بـیـكـە بـە خـاتـر، دوو كـورِی مـنـاڵت
تــاوێك بـــخـــەوم، لـــە بـــانـــی بـــاڵت

پرسیم، لە چنار، بەرزی سەر كانی
هـــەواڵـــی لـــەیـلـــم، نـــاشێ، بـــزانـــی

چـــنـــارە بـــەرزە، سەر ئـــەلـــەرزێنـــێ
مـاچـی گـەورە كـچ، لـێو ئـەتـەزێنـێ

لـە نـاو درەخـتـا، هـەر چـنـار بـەرزە
دۆست و دەزگیران، هەر یەك شەو فەرزە

هـەمـەگری مـەگری، گـریـان گـرانـە
چـەنـدی تـۆ دەگـری مـاڵـم وێرانـە

ئەوا مانگ هەڵات، سەعات لە هەشتە
سینـەکـەی یـارم، ئـەڵـێی، بەهـەشتـە

رانـــەکـــە، رای دا، بـــابـــدا قـــەتـــارە
سەربـــێری بـــگـــرێ، ئـــەو شەدەلارە

هـــەوای ڕەوانـــدن، ئـــاوی جـنـدیـان
عـارەق لـە دیـانـە، کیژ لـە بـاڵـەکیان

هـەنـاسەی ساردم، کـێو لـەبـن دێنـێ
بزانە خواکەی من، چیت بەسەردێنێ

بۆ خۆم پیر بووم، دڵەکەم پیر نابێ
دڵەی کۆسکەوتووم، بە کەس ژێر نابێ

هـەر لـە سلـەیمانـی، تـا کـانـی گۆمـە
زوڵمم لێ مەکەن، ئەو کچە هی خۆمە

هەر کوڕێ، نەیکا، شەوگار، ماڵەوماڵ
بـا عـومـری بـڕوا، بـە تـۆزی شەمـاڵ

ئـێوارەت لـێ دێ، بـانـە و بـانـەکـەی
هـەر بـەوێنـەی کـەو، شنـەی لانـەکـەی

کـاغـەز دەنـووسم، لـە پـەڕی مـێشی
دەیـنـێرم بـۆ یـار، دڵـی نـەیـێشی

ئەوەندەم روانیوە، چاو لە پشتی سەر
نە لەماڵ دیاری، نە لە دەشت و دەر

رانـــەكـــە، رای دا، بـــن دار و بـــن دار
چـڵــێ داویــەتــی، لـە گـۆنـای نـازدار

سۆڵــە و دێلــێژە، بــەربــنــەی خــاوێ
هەمووی بەقوربان، یەك- نەزیر- چاوێ

ئــەوا تـۆ ئــەڕۆی، مـن بــەجـێ دێڵـی
لە پاش باڵاكەت، بە كێم ئەسپێری

ئــەوا هــاتــەخـوار، لـەو مـاڵـە بـەرزە
دەس بە سەتڵەوە، جامولكە و تەرزە

ڕێگـای ئـەو چـەمـە، دەچـێنـم بـەگوڵ
یـارمـی پـیـا بـڕوا، خـەم نـەگرێ وەدڵ

چـنـار و لاولاو، سەریـان نـەمـامـە
مـن بـۆ كـێ ئـەمـرم، كـێ بـەتـەمـامـە

ئــەگـریـجـەكـانت، لـە یـەك نـەكـەوێ
بم بـە مـیـوانت، یـەك تـەنـیـا شەوێ

هــەر لـە سولـەیمانـی، تـا داریـكـەلـی
گشتی بەقوربـان- رووناك- سەرزەڵی

ئــەو بــاڵابــەرزەی، خـوا بـەتـۆی داوە
مـەیـنـەتـی دونـیـا، هـەر بۆ من مـاوە

ئاگرم تێ بەربوو، ئاگرت تێ بەربێ
دەك هۆردووی عەجەم، بەماڵت وەربێ

وەختە، بسووتێم، ببم بەقەقنەس
گەردم با بیبا، پێم نەزانی کەس

خەوێکم دیوە، بە ماڵ مەلاوە
بەزولفی-حەیران- گۆنای- توباوە

دای بەلامەوە، قاچ و قول قەوی
نەکردی سەلام، نە مانی نەوی

کچی قەرەداخ، پۆلی نازداران
گشتی پەروەردەی، ئاوی هەناران

یا پیرەمەگروون لاشانی سووسێ
چارەی خاتە و من لە یەك بنووسێ

رەشم پۆشیوە، رەشم لە بانی
یارم باری کرد، بۆ سولەیمانی

هەر خۆم غەریبم، لەم شار و دێیە
یەخەی کێ بگرم، بڕوانم، پێیە

باوکە پیرەکەت، گیرۆدەی حەق بێ
لە بان چەقۆ بێ، وەك شووتی شەق بێ

سووتام و برژام، بووم بەبریانی
بووم بەگەنم و جۆی، دەوری سلەیمانی

ئــەگــریــجــەکــانت لــە یــەك ئــالاٚوە
بمکــە بــەمــیــوان، ئــەو سیــنــە ساوە

خودا داد لە دەس شوعلەی مانگەشەو
تاکەی بێدار بووم، خێل بچو لە خەو

شەوێك و دوو شەو بـــەمـــیـــوانت بم
لــە نـیـوەشەودا، دەس لــە مـلانت بم

سینگە نەرمەکەت، وەك دۆشەك نەرمە
هــەر رۆژ بـۆ یــەکـێ، بـازارِت گـەرمـە

هەڵکێشە خەنجەر، سەد زامم لێ کە
ئەو قسەی کردت، جاری تر، مەیکە

کراسەکـەی بـەرت، گوڵ گوڵی شینـە
مـاچـێکـم بـەرێ، دڵـم خـەمـگـیـنـە

چـەنـدم پـێ وتـی: مـەچـۆرە مـالاٚن
جـووتـە لـیـمـۆکـەت، مـەدە بـەتـالاٚن

بــەبــالاٚی بــەرزت، کــەلامــوڵــلا بــێ
لــە تـۆم زیـاتـر، مــەگــەر ئــەڵـلا بـێ

هەسە با بڕۆینۆ بۆ دێکەی خۆمان
خێرەومەن زۆرن، خێر بکەن پێمان

شەوان مــن ئــەنــووم بــەتــاسەتــەوە
بـۆن ئـەنـێم، بـەبـۆن هـەنـاسەتـەوە

چنار و لاولاو، سەریان کردووە گیر
من بۆ کێ ئەگریم، بەکێ ئەمکەن ژیر

ئەچی بۆ شاران، زۆرت پێ ئەچێ
هەتا دێیتەوە، تاقەتم ئەچێ

ئەچی بۆ بەغدا، بۆم بێنە دیاری
دەسرِی کەتان، شانە و مرواری

بەفدای بالآت بم، بالآ دارچینی
خۆ تۆ شەکر نی، بۆ وا شیرینی

بەردەرگای ماڵمان، کورسی بەکورسی
فەرموو، دانیشە، لە کێ ئەترسی؟

دوو کەو، دوو کۆتر، لە تەنکی ئاوێ
ئەگەر کچ حەزکا، دەلاڵی ناوێ

ماسی لە دەریا، دای لە شەقەی باڵ
دڵم بۆ دڵت، بوو بە کۆی زوخاڵ

ئای لە دڵەکەی خۆم، چەندە بێ عارە
تازە بەتەمای، یاری پێرارە

قەلاتی هەولێر، لوولە لوولەیە
لەسەر بالآی تۆ شەڕە گوللەیە

جووتێ شەمامە، دەم بەتەرزەوە
مەیلم وا بەلای، بالآبەرزەوە

هـێنـده سەبـرم کـرد، سەبـرم لـێ بـڕا
مـاڵـی سەبـر شێوێ، پـەردەی دڵ دڕا

بەس بێ و بەس بچۆ، بەس بڵێ: من هەم
غـیـرەت بـکـێشە، دەرم کـە، لـە خـەم

کورسییەکەی دانا، دانیشت لە بانی
ریشووی مشکییەکەی، کەوتە سەرشانی

چـاکەت و پـانـتـۆڵ، نـەوعـی شەمـامـە
تۆ چەند سووتـاوی، من سەد قـات وامە

بـێ بـا بـنـیشین، لـەبـن هـەنـاری
کێ تۆی لە من کرد، بەردی لێ باری

بـەفـوای بـاڵاکـەی، بـاڵا بـەرزت بم
بەفوای بێ جێیی و دەشت و دەرت بم

ئـەتـرسم بمرم، دنـیـام زۆر مـابـێ
بـەدکـاران زۆرن، بـە جـێگـام شا بـێ

قـەسەم بـەقـورعـان، بەهـەرچـی پیرە
زەرەت وەك قوللاب، لە جەرگم گیرە

چی بکەم، چی بڵێم، چیم دەسەڵاتە
بـەبـەرزی بـاڵات، خـەمـم خـەڵاتـە

خـۆزگـەم بـەگـۆزە، دایـم سوارە
سمت و کـەفـەڵـی، لـێوە دیـارە

بــاران بــارانــه، بــارانــی کــۆنــه
بـابـچـینـه لای یـار، بـزانین چـۆنـه

چـارۆگـه سپـی نـیشتـووی لـه دەشتـی
مـاچـێکـم دەرێ، دەچـیـه بـەهـەشتـی

ئەگریجەی چین چین، چین لەسەر چینە
مـوبـارەکت بـێ، ئـەو کـەمـەرچـینـە

ئـەگـەر بـەغـیـل بم، حـەقـم بـەدەسە
هەرگوڵێك جوان بێ، بەشی ناکەسە

چـارۆگـه سپـی، دیـن و ئـیـمـانم
بۆ بووی بەباعیس، ئیش و فەرمانم

تـازەم زانـیـوە، کـەرکـووك قـەڵایـه
ژنـی نـاشیـریـن، بـۆ پـیـاو بـەڵایـه

خـودا حـەقـی مـن، بسێنـی لـه دایـەت
من جەورم کێشا و کێ وا لە سایەت

لـه کـانـی هـاتـۆ، بـەگـۆزەی ئـاوە
وتم، پـێی: مـاچـێ، زولـفـی دا، لاوە

شەرتـه لـه دوای تـۆ، بـچـم بـۆ مـاڵان
قـەرە زولـفـانم، بـدەم، بـەتـاڵان

من چی بکەم لە دەس، کارەکەی گەردوون
سەرتەلی ڕەیحان، بریا بۆ مەیموون

تف لە مێردەکەت، بن مل گەڕۆڵە
وەك کەر جولەکە، کورتان شڕۆڵە

من و بایەقووش، هەر قووقوومانە
من پەی دووری لەیل، ئەوپەڕی وێرانە

بەتفەنگی بڕنەو، بانە چۆڵ ئەکەم
ئەم شەڕە لەسەر نەرم و نۆڵ ئەکەم

خوا نەواتو، نائومێدییەکەی نۆ
من وەکو کەفتم، ئازیز تۆ وەکۆ!

دیدەت لە دیدەی غەزال منمانۆ
روحی شیرینم، خودا مەزانۆ

تف لە مێردەکەت، شەو مردارە وەبوو
وەك کیسەڵ نزار، پشت وەخوار وەبوو

هەڵسە بابڕۆین، بۆ فەقێ جنە
ئەحواڵ پرسین بۆ، ئەم چارەی منە

ئەوا هاتەخوار، شەدەکەی مۆرە
یا یاری خۆمە، یا زەینم کۆرە

ئەگەر مەیلی تۆ، دەرکەم لە بیرم
حەرامزادە بم، نەعلەت، لە شیرم

ئەچیە چایخانە، مەکە دۆمینە
بیکە بەدینار، منی پێ بینە

هەڵەبجە و خورماڵ، گشت هەڕاج ئەكەم
ئەیدەم بەباوكت، تۆی پێ ماچ ئەكەم

دیدەت لە دیدەی، غەزاڵ نیەن كەم
مەر عەینی شاهباز، نوای پۆری چەم

باڵات بەوێنەی، تەرزی شەمامە
دڵەی تۆ چۆنە، منیش هەروامە

سینەت ساجە رەق، دانە تیا برژاو
مەمكت توراغدان، دۆی تیا ترشاو

ئای لە بێوەژن، خەو ئەیباتەوە
(.......) وەك بەردەسێ، گڕ ئەكاتە

ئای لە بێوەژن، گۆنە قەڵتاغ شڕ
پەلامار خۆی دا، شوو ئەكەم بەكوڕ

باڵاكەت بەرزە، مەمەت نەرمۆڵە
بۆ تۆ رەنگینە ئی چەم و دۆڵە

دەمەكەیت بارە، بینە شو دەمم
باساكین بووە، دڵەكەی پڕ غەمم

ئەگەر هەڵەسم، سایەم دیارە
ئەگەر دانیشم، دڵ بێ قەرارە

هەڵەبجە خۆشە، بۆ جێگەی باخت
خورماڵ پێشكەشی، بەرزی دەماخت

قـۆڵ بـەسم بـکـەن، لـەگـەڵ حـەلـیمـە
زولـفـی تـۆ خـۆش بـێ، خـودا کـەریمە

بەی و نەی و مەی، دڵەکەم کردەی پەی
گەر موسوڵمانی، رەحمەکەت بۆ کەی؟

بـەبـاڵای بـەرزت، قـورعـان هـەڵڕێژم
دڵـم وا پـێتـۆ، رووم نـیـیـە، بـێژم

چـاوم، چـاوەڕێی، ڕێگـەی بـەرمـاڵـە
بـەڵـکـەم دەرکـەوێ، ئـەو روو بـەخـاڵـە

بادەکەی نەسیم، چوو لە گەردەی چۆڵ
بدا لە دەماخ، سەوزەی کێش وەکۆڵ

نـەڕای دەسم هـەن، نـەڕای دەسەڵات
نـەڕای دەلـیـلـێ بـیـنـێرم، وەلات

ئای وەگەرد وەگەرد، ئازیزەم وەگەرد
ماڵەکەی چۆڵ کرد، لووتەوانە زەرد

مـن و قـەلـەڕەش، کـردمـانـە گـرەو
دڵـی مـن ڕەشتـر، یـا سەر بـاڵـی ئـەو

هەی داد هەی بێداد، هەی ئاوەدانی
قەبرم بەندی کەن، سەر ڕێگای کانی

رەشە ڕەیـحـانـە، پـەلك لـە گـۆمـی
عـالـەم دەیـزانـی تـۆ یـاری خـۆمـی

پرانـی کـەمـەر، حـەیـڵـیو هـەر چڕێم
دەنـگـو تـۆ نـەبـێ، یـەخـەی ویم دڕێم

شەوان شەونـــاڵـــە، ڕۆژان ڕۆڕۆمـــە
یەکجار پەژارەی، دوورییەکەی تۆمە

هـــەڵسە بـــێرە لام، قـــەت مـــەڕۆرەوە
خـەمـی کـۆن و نـوێم، لـە بیر بـەرەوە

ئـــیـــنـــە چـــنـــیـــوەن، نـــا دیـــارەنـــی
تــۆ دەرەی واریــن، یــام چــنــارەنــی

ماوەی حەوت ڕۆژە، نەمدیوی بەچاو
گـەڵا ڕێزانمە، وەك بـــاخـــی بـێ ئـــاو

یــام بــەدارم کــە، یــام بــەدار عــەسا
یـام بـەخـزمـەتـکـار، مـاڵـی مـامـۆسا

ئەو خومە رەشەی، خۆی داوە لە خوم
ئەویش وەکو من، یاری لێ بووە گوم

هـەر مـانگ نـوێ بـێ، حـاڵـم پـەشێوە
شێوەی هـیـلالـی، ئـەبرۆی تۆی پێوە

خـــوا خـــوامـــە، بـــاران بـــوارێ
سەوزەی بالآبەرز، ئاو لە دوور بارێ

لـــە ئـــێوارەوە، تـــا وەنـــیـــمـــەی شەو
من لە فیکری لەیل، لەیل لە فیکری خەو

ئــەگــەر ئــەمــزانــی، دڵــداری وایــە
شەرت وێ، نەمەکرد، لەم سەر دنیایە

خۆ تۆ سوێندت خوارد، من یارم نییە
یارە کوێرەکەی ئەم خوارەت چییە؟

دەم بــردم، بــۆ لــێو لــێو چــووە نــاوا
دەم چــووە، وەنــاو شووشەی گــوڵاوا

دەمەکەت قوتووی، دەسی ئەفلاتوون
بــێ وەشفــای زام، حــاڵەکــەی زەبوون

نــەشەو دڵــخــۆشم، نــە ڕۆژ دڵشادم
بە شەو زولف و ڕۆژ ڕووت، دێنەوە یادم

لــە ڕێوە هــاتــووم بــنــاسە دەنــگــم
تۆزی کەژ و کێو، نیشتووە لە ڕەنگم

هــەی نــابــێ نــابــێ، جــوان وا نــابــێ
بــەم دەم و دەستــە، یــار پــەیدا نــابــێ

پــەروەردەی نــاز و مــەرارەی دیــدەم
شەیدای مەهڕوین، تۆی، بەرگوزیدەم

ئای شل و وای شل، شل و نیوەشل
خــانمی شل و مـل، نــیو لــیرە لــە مـل

بــەستــەی مــەلــوولــیت، تــانم تــەواوە
بــەنــازی دووریت، گــڵــپــەم سەنــاوە

سێ جار، بەو مانگەی داویە لە ئۆبە
ماچی کچ خۆشە، نۆبە بەنۆبە

ئەو حەوتەوانەی، روو لە کۆ ئەکا
دڵەکەم کەڵکەڵەی، بالآی تۆ ئەکا

دەردێکم گرتووە، نییە دەرمانی
وێران بێ کەرکووك، خۆشە سلەیمانی

سینگی مەرمەڕت، کێلی قەبرم بێ
عەباکەی سەرت، کفنی بەرم بێ

وەختێ بیورن، کفن وەباڵم
لە بان تاتەشۆر، هەر بۆت ئەناڵم

ئەوسا منال بووم، منالی بەدخوو
بەبیرت نایێ وەعدەم دا، بەتوو

هەرچی تۆ ئەیکەیت، منەت وەگیانم
کوشتەی دووری تۆم، روحی رەوانم

هەرخۆم بەسەرگەرد، ئاشتی و تۆرانت
توخوا، چی لێ هات، مەیلی جارانت

کرمەنشاییمە، وە دڵ گیریامە
وەزولفت لەیلی، دڵگیر کریامە

خۆزگە ئەبوومە، دارێك لە خواوە
ئەڕوام لە تەنشت قەبری لەیلاوە

ئـەگـەر مـن مـردم، وەسیـەتم، وابـێ:
پشتم لە خەسرەو، رووم لە فەرهـا بێ(*)

شەرت وێ، لە داخی، کەم شەرتیی یاران
لـەیـرە بـار بـکـەم، بـچـم بـۆ ئـێران

خۆزگەم بەو ئـاوەی، ئەچێ بۆ سیروان
قـەتـرە ئـەپـێکـی، لـە دەروەنـی خـان

تـەڵـچی، نـەمـەنـەن، تـەڵکێش، وەپـاڵ
تا بزانم چیز ئـاما، پـای خەت و خاڵ

وەبالأی بەرزت، حەزم کردووە لێت
بـەغـیـلـی نـابـەم، خـودا، داویـە پـێت

مەمکی ئەو کیژەم، دوو سێو و بێنە
دەستـیـان مـەدەنـێ، لـەبـن کـەوێنـە

شەمامەی خەت خەت تەرحی نێرگزێ
نـاردیـتـم لـۆت بـێ، لـە رەوانـدزێ

مـەیـلـم دا بـە تـۆ، وام زانـی پـیـاوی
نـەمـزانـی خـوێڕو، مـالأن گـەڕاوی

سەوزە، هۆ سەوزە، سەوزەی بەری ماڵ
بـاوەشێنـم کـە، بـەلـفـکـەی دەسمـاڵ

تـۆ کـچـە هـەورامـی، من کورە لهۆنم
بمدەرێ مـــاچـــێ، بـــزانـــە چـــۆنم

(*) فەرهـا: فەرهـاد

ڕەشە ڕەیحانە، لە بنی گۆمە
یارێکم گرتووە، لە سونعی خۆمە

چرام داناوە و فانووسم، دوو ڕوو
کچ لە خانەقین، کوڕ لە قوڕەتوو

شەمامەی خەت خەت تەرحی بێزایێ
ناردیتم لۆت بێ، لە لای بەغدایێ

دەسەکەت بێنە، بیخە ناو کۆشم
بەشکەم ساکین بێ، دڵەی پڕ جۆشم

دەبەسە بەسە، بەس بێ، دڵئێشان
مردنم فەرزە، لە ئاخ هەڵکێشان

ئەگەر دەمزانی تۆ بۆ من ناوی
ئەمخستە دوات، تەپڵی بەدناوی

ئەترسم بمرم، بیابان بوو، جێم
ڕەفیقان بریا، نەزانا من، کێم

ئەگەر تۆ قیبلەی، بەحەق دەناسی
لەسەر مەمکۆڵەت، لادە کراسی

بالاکەت بەرزە، بالات بارم بێ
دنیا بەبێ تۆ بەزینهارم بێ

ئەگەر نەمدەیتێ، لەو دەمتە ماچێ
لە خوام گەرەکە، کارت، نەساچێ

مەمکی ئەو کیژەم، دوو سێوی کاڵن
بەتەمەن تازە، مەمی یەکساڵن

دەستەسڕی دەستت، دەنێم لە تێڕێ
بۆ عارەق سڕین، لە ڕێی هەولێرێ

خۆم لەسەر گردی، شەم لە کن بووکێ
شەمێ هەڵدەگرم، دەچمە کەرکووکێ

لە ترسی بەدکار، ڕێم لێ گیراوە
لە یارم وایە، مەیلم نەماوە

دەستەسڕی دەستت، کەتانی نەرمە
بەدڵ حەز دەکا، بەزاری شەرمە

بالاکەت بەرزە، بەقەد بالاکەم
ئاشتم کەرەوە، وەرە ماڵەکەم

دەستەسڕی دەستت ڕوپیە بایییە
ئەم هات و چۆیەت، لە خۆڕایییە

ئەگەر مەیلەکەت، فەرامۆشم بێ
سفیدەی کفن، بالاپۆشم بێ

هەی دادوبێداد، زنجیرەی بەختم
یان تۆ کلۆڵی، یان خۆم بەدبەختم

باخی بەر مالان، بە گوڵە هێرۆیە
مەمکی کیژۆلان، سەریان بەگۆیە

خۆم لەسەر گردی، شەم لەبەر نانی
شەمیٚ هەڵدەگرم، دەچمە لاجانی

ئەترسم بمرم، بەمەراقەوە
یارم نەبینم، بە تەڵاقەوە

ئەترسم بمرم، لە بۆرەبانیٚ
قەل و قوش بمخوا، کەس پێم نەزانیٚ

بەفای باڵات بم، هەر لە دوورەوە
ئەڵێی، گوڵێکی، بە «زەنوورەوە»(*)

ئەو باڵابەرزە، گەردن شەربەتی
وەك لیرەی عەجەم، چەن بەقیمەتی

خۆ من، زەنگەنەم، پەروەردەی گڵم
کوڵەکەت دانیٚ، دەس کە وەملم

کاشکی لە ئەزەڵ، نەبای بەیارم
نەبای بە باعیس، دڵەی خەمبارم

ئەگەر دەمزانی، بەزمانی بولبول
باخێکم دەچاند، دەوری خونچەگوڵ

پڵپڵەی ناسك شۆڕبوونە خواریٚ
لاگیر بوون، لەسەر جووتە هەناریٚ

(*) زەنوور: شاخێکە لە گەرمیانی کەرکوك پیاوچاکێکی لێیە، گوایە ژنی ئاوس بچێتە بانی، منالەکەی نیشانەیەك ئەکەوێتە قژیەوە.

دەستـەسڕی دەستت، قـەنـەوزی ئـاڵـە
کـوڕی بـێوەژن، شەرتـیـان بـەتـاڵـە

ئـێوارە وەختـێ، نـانـی جـۆی ئـەکرد
پێم وت بۆ ماچێ، باوکەڕۆی ئەکرد

نـیـوەشەو رابـورد، تـاکـەی لـە لات بم
لـە خـوام تـەڵـەبـە، بـەبـاڵات شاد بم

هــەر لــە خـانـەقـی، تـا دەوری بـانـە
گشتـی وەقـوروان، ئـەو چـاوە جـوانـە

کــە تــۆ ڕۆیشتــی دڵ، بــە ئـاگـابـێ
نــەوەك بــەدکـارێك لــەسەر ڕێگـابـێ

حــاڵــم نــەمــاوە بــەحــاڵانــەوە
سەرخـۆش ئـەگـەڕێم بـەمـاڵانـەوە

هــەی دادوبـێداد، مـن کـەسم نـیـیـە
مەمکی خڕ کردووە، ڕێی دەسم نییە

لـەیلـێ گـیـان مـەڕۆ، خـۆم لـە دواتم
رووتم نـــەدیـــوە، عـــەشقـــی بـــاڵاتم

نارنج و لیمۆ، دوو ترنجەی باخان
دەستم بۆی ئەبرد، وەك مەل ئەیشاخان

خۆم لەسەر گردی، یار لەبەر کۆڵێ
کـەزیـی یـارەکـەم، تـیسکـی بـەرخـۆڵـێ

ماڵەکەت بڕمێ، ماڵت رمانم
کە تۆ ڕۆیشتی، نازت شێوانم

کە تۆ ڕۆیشتی دڵ بە ئاگا بێ
بڕژانگی چاوم، گەسکی ڕێگابێ

ماڵ لە مەریوان، دڵ لە کانی بی
تاکەی بنۆشم، دەردی غەریبی

دوعا دوعام بوو، مانگ ببێ ئاوا
دەستم بگێڕم، لە باخی ساوا

ئینە وەهارەن، کەش و کۆ ڕەنگین
دڵەکەی عالەم شاد، دلەکۆ من خەمگین

ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دەرویێشی
مردن خۆشترە، نەك ئاخ هەڵکێشی

مەندەلی گەڕام، کفری سەراسەر
لە عەزرەت باڵات، دنیام دا، وەبەر

مەواچە دوورەن، لواو بریاوە
مەیلو پیراریت، هەر ئینام ناوە

دەستەسڕی دەستت، قەنەوزی زەردە
کوڕی بێوەژن، گەلێك نامەردە

خۆم لەسەر گردی، شەم لە بەرماڵان
شەمێ هەڵدەگرم، دەچمە مامخاڵان

ئێوارە وەختێ، مانگای ئەلاوان
پێم وت بۆ ماچێ، فەرمووی: بەچاوان

سەری نام وەبان سەرینی پڕ خەم
نەشینە چەمم خەو، بەخاتر جەم

دەسڕی دەستت میسری کاتانە
بینێرە بیشۆم، جەژنی قوربانە

هەناسەی سەردم دەروون زیاوە
گەڕیا، تەس سوچنا، نیشت خانەقاوە

باڵاکەی بەرزە لە دوور خرنگەی دێ
گیانم وەقوربان خشپەی کەوشی بێ

باڵا بەوێنەی، نەیجەی شەمیران
سەنای کوێت بکەم، هەی باوان وێران

باڵا وەبەرزی نەمامە سێوە
قەد وەباریکی، هەیاسەی پێوە

خۆم لەسەر گردی، شەم لەبەر بێرێ
شەمی هەڵدەگرم، دەچمە هەولێرێ

باڵاکەت بەرزە، کێلی قەبرم بێت
ئەگریجە و پەرچەم، شەو لە دەورم بێت

ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بوت
سفیدی کفن باڵاپۆشم بوت

ئـەر مـەلا بـیـبـڕێ، مـارەی نـابـەدڵ
هـەواڵـەی خـوا بـێت، بـەمـیـوانـی گڵ

کـاری نـابـەدڵ، تـەوقـە لـە گـەردن
من خەم و تۆ تەم، تا ڕۆژی مردن

ئـــارو نـــیـــازمـــا، بـــلـــوونـــە داوە
دەنـگـی کـەل ئـامـان، تـاقڵـە زەرداوە

بـاڵاکـەی بـەرزە، یـەجگـار بـێ عـەیبـە
کـاری خـواوەنـدە، کـارخـانـەی غـەیبـە

مـنـــی کـوشـتـووە خـۆی بـێ خـەبـەرە
ئـەو بـاڵابـەرزە، ئـەو تـەل بـەسەرە

بـاڵاکـەی بـەرزە، بـۆ خـۆی هـەڵچـووە
نـــەمـــامـــی بـــەیـــە، سێوی گـرتـووە

کـە لـێو بـەی کـەڵا، پـەردەن نـیـزانـی
سەیادی کەل کۆش مەردەن بەجوانی

کـۆرپـەی دڵـی مـن گـریـە و زار ئـەکـا
تـۆ خـۆت دەزانـی، بـۆ هـاوار ئـەکـا

سەد ساڵ کەرانیم، بە پادشای یەمەن
بـێم کـو وەشـا، بـەنـگـا، یـاسەمـەن

تـــاریـــکـــی چـــرا، بـــووە بـــە بـــەشم
خـەتـای ئـەو نـیـیـە، مـن چـارەڕەشم

گـەر بـەنـی ئـادەم بـە خـەم مـەردایـە
ئـەشیـان مـن بـەی تـۆ، دیقـم کـەردایـە

بــالاکــەت بــەرزە، وەقــەد چــنــارێ
کێ تەفرەی داوی، بەردی لێ بارێ

وەبــالای بــەرزت وەسیــنــەی تــەیـرت
مەگەر لە ڕێ و بان تێر بکەم سەیرت

بــالاکــەت بــەرزە، وەقــەد بــالاکــەم
دەردت لـە گـیـانم، لـە تـاقـە گـاکـەم

مـاڵـەکـەی دنـیـام گـەنجی نـیـانـی
خۆش بێ بای شەماڵ تۆی بۆ من هانی

مـاڵـم بـۆ چـیـیـە، بـا بـیـبـا تـالان
بـالای تـۆم ئـەوێ ئـامـیـنـەی خـالان

وەرە لـــە سەربـــان بـــێرە خـــوارەوە
ئـــاو بـــدە بـــەدەس، دەردەدارەوە

چـاوەر هــەیـوانــە، بشنــاسە دەنـگـم
ورکەی غەریبی، نیشتەن ئەو ڕەنگم

لــە نــاو دارستــان، دارچــنــار بــەرزە
مـاچـی یـارەکـەم، بـەتـرس و لـەرزە

چـاوەر هـەیـوانـە شیرین وەرمت بـوو
کەواکەیت وەژە، نەکای گەرمت بوو

بـــالآ وەبـــەرزی قـــەد وەبـــاریـــکـــی
ئـەستـێرەی سیـوەیل کـەفتـە تـاریکـی

نـــــەدەردم وێنـــــەی دەردەدارانـــــە
نـــەزامـــم وێنـــەی، گـــەستـــەی مـــارانـــە

دەردم ئـــاوێتـــەی، دەردی فـــەرهـــادە
مـــنـــیش وەك فـــەرهـــاد، رەنجم وەبـــادە

لەیلی خۆم وەغولام، دیدەی پڕ لە كڵ
مـل و مـێخـەكـبـەن، قـەتـارەی سمـڵ

كـوردم كـورد بـەچـە، لـەعـێلی پشكۆ
عـالـوەم وەبـۆن مـێخـەكـبـەنی تـۆ

مـــن لـــەم ولآتـــە، تـــۆ لـــەو ولآتـــە
قـــەڵـــەم و قـــاقـــەز، چـــی دەسەڵآتـــە

ئـامـای و پـەردەی چـەم بـەئیشارەت
با تازەش كەرمی مەیلی دووبارەت

نـە قـەڵـەم قـەڵـەم، نـە دوعـا و سەلام
رەسمـــێكت بـــگـــرە، بـــنـــێرە بـــۆ لام

دۆسێكم ئـەوێ، گـیـانـی گـیـانـی بـوو
نـەكـو مـەیلـەكـەش، سەرزوانـی بـوو

لەیلی نوستووە، چون خەرمانی گوڵ
پەنجەی چون شمشاڵ، هاوەبانی دڵ

من و دەماوەن، شەرتێکمان کەردەن
ئەو تەم و من خەم، تا ڕۆژی مردەن

بەمانگی مەولوود، بەسورمەی چاوت
بەمەیلت قەسەم نەمبردووە ناوت

بە سەرگەردت بم، نووری چاوەکەم
خۆ من بەبێ تۆ، کوێرە زەینەکەم

بنێ سەردڵم ناسکە پەنجەکەت
باوەشێنم کە، بە ئەگریجەکەت

چ گیان شیرین تەڕ، هیچ شك مەبەرو
مێوش شەماڵی، نەزر و تۆش کەرو

دەسرِی دەستت، بۆن گوڵی لێ دێ
بۆمی بنێرە، سەبووریم پێ دێ

هەرچن کێلانی سارا و دەشت و دەر
نەلآیم مەسکەنیۆ، تەوێڵی وەش تەر

عارەق و شەراب مەستی نەکردم
چاوەکانی تۆ، سەرخۆشی کردم

بالآکەت بەرزە کێلی قەبرم بێ
زولفەکەت پەرژین شەو لە دەورم بێ

تاکەی بکێشم، رەنجی غەریبی
تاکەی دانیشم لە سای داری بی

بــەسەرگــەردت بم، وە ئــەڵــوەنــدەوە
چون کەل ئەڕوانیت، وە دەروەندەوە

بەسەرگەردت بم، سەوزەی قەدباریك
ڕۆژی لــێ کــردم، بــە شەوی تــاریك

بــەژن و بــاڵاکــەت بــۆ مــن دەوایــە
یــێژی دارعــەسای دەستــی مــەلایــە

سوورەهـــەراڵـــە، سەرگــوڵش سوورا
بــەفراوش واردەن هــامساش چنوورا

نــامــەکــەت گــەیــی نــامــە بــان چــاوم
بــەچــاوت قــەسەم بــۆ تــۆ سووتــاوم

شەوی شیــتــەنـــا، روونـــە دێوانـــە
شیــتــو بــوونــیــا، بــاسەر دەگـــانـــە

بەس بێ و بەس بچۆ، بەتوێی سرکەیی
بەس کە تەماشام، عالەم تێ گەیی

ئـیـنـەگرد، خـەتـای گـارەی کـەردەنا
ئــەنــا مــن بــێتــو، قــەرارم چــوونــا

تــازە دایــنــاوە بــنــاخــەی مــەمکــی
خوازبێنم لێ کرد، لە خۆی و دایکی

دەسرەکەی دەستت میل میل قەحوایی
ئـەگـەر ژنـخـوازی، دەرکـە شیـربـایـی

شەرت بی لە داخت بەرگم سیاکەم
عەسا هەڵگرم، تەرکی دنیاکەم

کاغەز دەنووسم بەنووکی خەنجەر
دەیدەم بەشەماڵ بیبا بۆ دڵبەر

دەخیلە شەماڵ، هەڵکە بەیانی
لێفەکە لادە، لەسەر لاڕانی

کاغەز دەنووسم بەخوێنی دڵم
دەیدەم بەشەماڵ، بیبا بۆ گوڵم

ئەو بالاخانە، چل گەزەو بەرزە
ماچی گەورە کچ، بەترس و لەرزە

هارەی مێخەکبەن، شەو لە خاوم کرد
من چون ئازاردار، ئەڵهای ئاوم کرد

ئەو بالاخانە، رووی لە هەتاوە
یەکێکی تیایە، ناو ئافتاوە

هەی داد و بێداد، وەو عەوالانە
دڵم دێوانەی، چاوی جەیرانە

ئەو بالاخانەی چل گەزەو بەرزە
ماچی گەورە کچ بەترس و لەرزە

ئەو بالاخانەی سی گەزەو بەرزە
ماچی کچە شێخ، زەکاتی فەرزە

بەردەرگای ماڵتان، بەقوڕ و چڵپاوە
کچێنیت رۆیی، هیچت نەماوە

فەقیانە چەرمی، سەڵتە بابردی
تۆ ژنت بۆ چییە، لە برسا مردی

من لەمبەرەوە، تۆ لەوبەرەوە
هەردووکمان سووتاین، وەبەر خۆرەوە

فیدای باڵات بم، کراس نارنجی
بێنە ماچت کەم، دڵت نەڕەنجی

شەرتە لە داخت، تەرکی دنیاکەم
کەشکۆڵ هەڵگرم، روو لە سەحراکەم

خۆزگەم بەدوێنێ وەختی نیوەڕۆ
کە یارم ڕۆیشت، لە بۆ تانجەڕۆ

دەرگاکەی ماڵتان، سووری هەناری
کچە نازانم، بۆ چ وا بێ باری

کراسەکەت نایلۆن بن قۆڵت کەتان
هەر خۆم بە سەرگەرد، دراوسێکەتان

یا سەید سادق، بەرەو تۆ هاتم
بمکە جووتیاری، براکەی فاتم

خۆزگە دارێك بووام، ئەڕوام لە خواوە
ئەڕوام لە تەنیشت، گۆڕی لەیلاوە

مەکتەبی هەولێر، دارەك لە حەوشێ
کێ منی کوشتییە، مندالْ لە باوشێ

قەلاکەی هەولێر، سەد مەتر بەرزە
ماچی مۆدەکیژ، هەر بۆمە فەرزە

قەسەم بەو مانگەی خەرمانەی داوە
هێشتا مەیلی تۆم بەکەس نەداوە

خوایە هەلْکەنی ئەو کێوە لەبن
بەلْکو دەرکەوێ، نووری دیدەی من

رەشەڕەیحانە، خۆمی پێ ڕەش کەم
لە دوای بالاکەت، دلْ بەکێ خۆش کەم

لەزرنگە زرنگی، خشلْ و بازی زەڕ
کەچی یارمە و خۆم لێ ئەکا، کەڕ

گولالەسوورە، دەشتان داگرێ
تەماشاکردن، هیچ سەرناگرێ

هیچ کەس وەکو من نەکەوێ کۆستی
نەڕوا لە شوێنی هەواری دۆستی

هیچ کەس وەکو من، باری لار نەبێ
موحتاج بەماچی کۆنە یار نەبێ

ئەترسم بمرم، قەبرەکەم تار بێ
ئیزرایل، لە دەس نالْەم بێزار بێ

ڕەیحانەم دەچاند، پەڵپێنە دەرچوو
لە شوێن گوڵ گەڕام، چقڵم تووش بوو

ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دەروێشان
مردن خۆشترە، لە ئاخ هەڵکێشان

کراسەکەت زەردە، مەیدە لە دیوار
دڵ هەر یەکێکە، مەیدە بەهەزار

هەردەتا لەم بیو، ول بووم لە شاران
هەر داخ بکێشم پەی، دووری یاران

ئێوارە وەختە، مانگای ئەدۆشی
پێم وت بۆ ماچێ، ڕووی خۆی داپۆشی

ئەوا هاتە خوار لە جادەی کاوە
شارڵستۆن لە پێ، عەینەك لە چاوە

وەبەرزی باڵات، بوەسم وەپاوە
ماچ بکەم گۆنات لە هەردوو لاوە

تاراکەی بەسەر چاواندا ئەدا
تاکو نەبینم، خۆی لێم لائەدا

باڵات وەبەرزی توویل(*) وەی تەڕییە
ماچەرەنییەکەت، خێرت پەرییە

بەقوربان باڵای ڕەق و وشکت بم
زولف شانەکریاو، پڕ لە ڕشکت بم

---

(*) توویل: لق

قـورعـانـیٚ بـێنـە، دەستـی پـیٚ دادەم
ئیتر مـەیلی تۆ، بەهیچ کەس نـادەم

وەقـــوروانت بم، مـــەسیـــنـــە وەدەس
دایکت پێی وتی: مـاچ مـەدە وەکـەس

شێتـان شێت ئـەبن ئـەچنـە میری سوور
خۆ من شێتی تۆم، بـە خوا و بـەڕەسوول

خـەیـاڵ پـەرگـەندە، دڵ تـەرفـی تـوونم
چون فـەرهـاد شەهید، پـایی بیٚ شوونم

هـەرکـەسیٚ بـێژی، غـەریـبـی خـاسە
ئـەوە لـە جـوملـەی، خـودا نـەنـاسە

مـانگـەشەو خـۆ شە، بـدا لـە سەربـان
لێو لـەسەر لێو بیٚ و، ران بیٚ لـەسەر ڕان

لـەگـەڵت ئـەنـووم هـەتـاکـو شەبـەق
بـە بـاوکت مـەڵـیٚ، بمدەنـە بـەرشەق

دنـــان تـــەڵاکـــەت روشنـــای گـــلارام
تـو تـەقسیـرنـێریٚ خـۆم سیـاچـارەم

خـۆزگـەم بـە کـونـنـە، رەفـیـقـی ژنـە
ئـەچـی بـۆ کـانـی، سەرشانـی ژنـە

خـۆزگـە بـەو ڕۆژە وازیمـان ئـەکـرد
تـۆ دەستت هـێنـا، مـن مـاچـم ئـەکرد

ئەو سەرزەمینەی بۆی تۆی لێ نایە
ئاگری تێ بەربێ، هەر شەو لە لایە

بێ شەرت، بێ بەقا، کوا مەیلی پارت
کوانێ ئیشارەت، سەربان حەسارت

خۆزگە بەدەرزی، تیژ و تەنکە
دایم دەروازەی سینە و مەمکە

بێرە سەرینم، تێر بکە شینم
لە خوام گەرەکە، مەرگت نەبینم

نە ماڵم دەوێ، نە گەنجی دونیا
بالآی تۆم دەوێ بەتاقی تەنیا

ئەوا تۆ ئەڕۆی، من جێگەم کوێ بێ
لە کێ بڕوانم شێوەی لە تۆ بێ

بۆیە پێم خۆشە، گوێم لە دەنگت بێ
بەرزەکەی بالآت، کێلی قەبرم بێ

بەقوربانت بم، دەم ریزی نەبات
من بەبێ مراد، چۆن بچم لە لات

شەوان من خەفتم، بەرم لە لات بێ
روحم کێشکچی، دەوری بالآت بێ

بۆی هەناسەی خۆش، باخەڵ خەفی شەو
خاسترە، لە گەنج و خەزانەی خوسرەو

من ماڵم بۆ چییە، گەنجم بۆ کێ بێ
گــەدایــی بـکــەم، چــاوم لــە تــۆ بــێ

نــەعـلــەت لــە شەرتت، وەبــەقــاتــەوە
دڵــەکــەم تــۆراوە و لــە لات هــاتــەوە

مــەمـکـوژە بــەنــاز، بــازە چــەمــانت
بمکــە بــە خــاتــر، کــۆرپــەی دامــانت

هــەرچی دەیبینم، تۆی تیا دەنوێنێ
سەرلــەنــوێ دڵــەکــەم، دائــەخورپێنێ

نــە شەرتت شەرتــە، نــە نــامــەت نــامــە
یەك پارچە کاغەز، دوعا و سەلامە

هەڵسە با بکەین، دوو دەس لە گەردن
نــەوەك لــە نــاکــاو پــەیــابــێ مــردن

خــۆزگــەم بــە گــۆزە، ئــەیبــا بــۆ کــانــی
جــار جــار ئــەکــەوێ، لــەشلکــەی ڕانــی

بێ شەرت و بێ قەوڵ، هەروەك تۆ ئەبی
ئــەوەی یــاری بــێ، ڕەنجەڕۆ ئــەبــی

شەرت و بێ شەرتیت، مەعلومی داوە
ئــاخــۆ دڵــەکــەت، بــەکـێی تــر داوە

ئــەتــرسم بمرم نــەتــبــیــنــمــەوە
بــە جـوانــەمــەرگــی، سەر بـنـێمــەوە

بـــالآكـــەت بـــەرزە، مـــەیـــدە لـــە دیـــوار
دڵ هـــەر بـــۆ دڵـــە، مـــەیـــدە بـــەدیـــنـــار

کووزەڵە و بەنۆکە، ترشۆکەی شاخی
یـــارێکـــم گرتـــووە، چـــەند بـــێ دەمـــاخـــی

ناڵیم چون کۆتر، پێچم خوارد، وەك مار
هەڵقەم دانا دەور شای پەلکی چنار

خۆزگەم بەو ئاوەی بەرەو خوار ئەڕوا
دوو سێوی تێ خەی بۆ لای یار ئەڕوا

ئەمشەو دوو شەوە، نەمکردووە ماچێ
داخـــی ئـــەو مـــاچـــە، لـــە دڵ دەرنـــاچـــێ

یـــاخـــوا هـــەر شـــەوبـــێ، ڕۆژ نـــەبـــێتـــەوە
دەستـــم لـــە یـــەخـــەی یـــار نـــەبـــێتـــەوە

خودای دای لە دەسی دیەتی ئەو ماڵ
کلکی چوو بلوور، چاوێل چوو پیساڵ

هـــەڵسە بـــێرە لام، قـــەت مـــەڕۆرەوە
خـــەمـــی سەد ساڵـــەم، لـــە بـــیر بـــەرەوە

ئـــەوا مـــن ئـــەڕۆم، بـــۆ وڵاتـــەکـــەی خـــۆم
پـــرسێکت بـــکـــەم، بـــڕۆم، یـــا نـــەڕۆم

من دوور و تۆ دوور، بەینێ ببەستین
بە فرمێسکی چاو، جۆگە هەڵبەستین

نـە گـەنجیـم دەویّ، نـە مـاڵـی دونـیـا
خـۆشی تـۆم دەویّ بـەتـاق و تـەنـیـا

دوو کەو لە قەفەس، سووسکە لە مەڕمەڕ
بـاوەشێنـم کـەن، بـەڕەیـحـانـەی تـەڕ

ئـەوا هـاتـە خـوار یـارم، لـەم خـوارە
بە خۆی فتوای دا، سیّ ماچ قەرداره

خۆ تۆ، خوا نەبووی، سەجدەم بۆ بردی
وەك بت و سەنـەم، لـە مـلـم، کـردی

کووچەی جوولەکان، کەوشەکەی دڕیم
چـاوی یـاری خـۆم، کـەلـەکەی بڕیم

قـەتـاریّ بـێنـن، خـەمـانم بـار کـەن
لـە نـزیـکی شار، یـار خـەبـەردار کـەن

ئەگەر نەمدەیتیّ، دوو ماچ بە جاریّ
هەر دوو برات بمریّ، هەریەك لە شاریّ

داری پـیـرەدار، کـەی بـەدار بـووە
دۆستی دوور وڵات، کەی بەیار بووە

هـەی داد و بـێداد، خـۆ مـن نـەمـاوم
وەك تەیری بیّ باڵ خوێن دیّ لە چاوم

سەریّ هـەڵـبـڕە، خـوای خـۆت بـنـاسە
لـە دووریـی بـاڵات، دڵـم کـەساسە

ئـەگـەر دەمـزانـی بـەزمـانـی کـەوێ
مـــاچــم دەکــردی، لــە نــیــوەشەوێ

دەمــەکــەت بـــاوە، بــنــیـــا لــە دەمــم
بەلکی ساکین بووگ، زەرێ لە غەمم

مــەچــۆ سەرکــانــی بــەفــر و بــارانــە
چاوان هەڵمەینە، عالەم دوو زمانە

ئـەگـەر دەمـزانـی بـەزمـانـی کـوردی
هەرگیز نەمدەکرد، کاری نا مەردی

ئـەگـەر دەمـزانـی بـەزمـانـی بـولـبـول
هـەرگـیـز نـەمـدەکـرد، کـاری نـابـەدڵ

ئــێوارە دیــتــم، عـــەسر لـــە کـــانـــی
سێ جار سوژدەم برد، بۆ چاوەکانی

خۆزگەم بە مەلان، هەر شەو لە دارێ
نەك وەك دڵی من، کۆس کەفتەی یارێ

هــەر لــە سلێمـانـی، تـا بـەستـی خـاسـە
هەمووت بۆ دەدەم، بە گۆی هەیاسە

کووچەی جوولەکان، سەر بەهەواوە
بـەچـەرخـی روویـان عـالـەم سووتـاوە

ئـەچمـە سلێمـانـی، گـوێژەم لـێ دیـارە
بــە بــەرزی گـوێژە، خـەم لـە لام بـارە

سوێنـدم خـواردووە، دڵـداری نـاکـەم
ئـەو کـچـە دەڵـێ، ئـاشکـرای نـاکـەم

یـارێکـم ئـەویَ لـە کـەس نـەتـرسێ
کـۆڵان بـەکـۆڵان هـەواڵ بـپـرسێ

خـاڵـێ لـە تـۆم دی، دوان لـە تـاران
نام لە گوڵ سوسەن، لە پای مەغاران

ئەو چاوە جوانەی، تۆ گێژیان ئەدەی
ئـاوا بـێ ئـارەق، سەرخـۆشم ئـەکـەی

لـەولا هـاتـووە، بـالا گـوڵـە بـاخ
تۆ خەمت نییە، هەر خۆم ئەڵێم: ئاخ

سەعـاتـی دەستت، نـۆ لـیـرەی پـێوە
وەك کـۆتـرە بـاریك، ئـەڕۆی بـەڕێوە

خـوایـە بـیـبـڕێ، مـاچـی سەرەڕێ
زۆر تـرسم هـەیـە، نـەوەك یـەکـێ بـێ

ڕێگـاکـەی کـۆیـێم، پـێچ پـێچـی زۆرە
مـاچـی گـەورە کـچ، قـیـمـەتـی زۆرە

ماڵمان، ماڵەوماڵ، دڵ لە دوو جێگا
مـن خـەریك مـاوم، لـەم سەرە ڕێگـا

دوو دەس لە گەردن، چون ماری جەنگی
حەڵقەی دا لە دەور گونای فەرەنگی

بەو ئەستێرانەی، هەڵدێن لە تەورێز
دڵــداری خــۆشە، بــچــی بــۆ پــەرێز

شەمامەی جوان جوان، وەسەد تەرزەوە
لــەنجە، هــا وەلای، بــالآی بــەرزەوە

بە سەری باوکت، بە گیانی براکەت
ئـەملام مـاچ کردی، بێنـە ئـەولاکـەت

شەوان شەو نانووم، ڕۆژان ڕۆڕۆمە
هێشتا بە تەمای، دوو لیمۆی تۆمە

سێو لــە سلـێمــانــی، بــەی بــە دارەوە
سەرخــەو ئــەشکـێنـم، بـەلای یـارەوە

لــە بـیـرت مـەیـۆ شەوەکـەی سەرجـۆ
نــاڵـە نـاڵـی مـن، مـەکـە مـەکـەی تـۆ

هـەر کەسێ نەیبێ دوو دۆست و یارێ
سەر بگرێ لە قوڕ، سوبح و ئێوارێ

کــراسی بــەرت، کــەتــانــی رووتــە
دایکـی حـەو کـوڕ بی، دڵم لـە دووتـە

کــەوا گــۆرونــی، مــەڕۆ لــە دواتم
دایکـی حـەو کوڕبی، هـەر بـەتـەمـاتم

گـیــانــە مـن مـردم، جـەرگـم بـڕاوە
گـەڵای جـوانـیـیـەکـەت، لـە دار کراوە

هەر پێنج پەلکەکەت بگرە لە خەنە
بەشکم بۆ شووەکەت بیکەی دەسکەنە

لە هەیبەسوڵتان، بتوێن دیارە
ئەوەی عاشق بێ، لێوی بە بارە

هەی داد و بێداد ئەم حاڵە چییە
کەس لە دەردی کەس ئاگادار نییە؟

خوا دایکت بگرێ، باوکت بێ ئیمان
بوونە باعیسی، دڵی هەردووکمان

خودا هەڵناگرێ، غەرقم کەی لە خەم
مەیلم بدەرێ، یا زۆر و یا کەم

وا ڕۆژ هەڵاتووە، دنیا ڕووناکە
یارم منداڵە، مەیلی من ناکا

کاغەز دەنووسم، بەخوێنی دەستم
دەیدەم بە شەماڵ، بیبا بۆ دۆستم

خونچەم ئەچنی، پەنجەم دا لە گوڵ
شەوگارم شەق کرد، نەگەییم وەدڵ

ئەگەر دەمزانی، لە کوێ دەنووستی
سینگم دۆشەگ بوو، بۆم ڕادەخستی

هەرچی ماڵم هەس، بۆت ئەدەم بە جل
بۆ شیربایییەکەت، تەوق ئەکەمە مل

هــەی داد و بــێداد، مــردم بــەتــەنــێ
یا ماڵم بار کەن، یا ئەو کچەم دەنێ

چــاوان مــەگــێڕە، هــێشتــا مــنــداڵــی
خــۆخــی نــەگــەییو، هــەڵووژەی کــاڵــی

گــەر مــەیــلــداری، تــۆزێ مــەیل زیــاتــر
ئــەگــەر بــێ مــەیــلــی، تــۆ نــا، یــەکــی تــر

هــەتــا مــەیلت بــوو، بــەمــەیلم کردی
ئــێستــا بــێ مــەیلــی، وام زانــی مردی

سوێندم خواردووە، بە لات و مەنات
ئــەگــەر بمکــوژن، ئــەمشەو بــێمــە لات

وەفــیــدای بــاڵات بم، بــاڵا خــەرتــەڵــە
هــیــچ عــەیــبت نــیــیــە، دانــێکت کــەڵــە

دەسرەکــەی دەستت، ئــاڵــی پــیــازی
خــۆ مــن نــەمــردم، تــۆ ژن بــخــوازی

بــا بــچــینــە سەر وەیس بــە تــۆبــەکــاری
تــۆبــە، لــە گشت شت تــەنــیــا دڵداری

سەرێ بــەرزۆکــە، سەیــری ڕەنــگــم کــە
سەیری قرچە قرچ، ئاگری جەرگم کە

بــا بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە
لــە وەیس بــپــرسین، خــەتــای کــاممانــە

چـایـخـانـه و دووکـان مـاڵ بـەڕیزەوە
مـــن بـــەتـــەمـــاتم، لـــە پـــایـــزەوە

هـــەورێکـــی هـــێنـــا، بـــارانـــی پـــێیـــە
یـــاخـــوا نـــەبـــارێ، یـــارم لـــە ڕێیـــە

مانگەشەو خۆشە، چرپەی ناو کۆڵان
دەم لە ناو دەمی، دەس لە مەمکۆڵان

مـانـگـەشەو خـۆشە، ئـۆبـە بـەئـۆبـە
مـاچـکـردن خـۆشە، نـۆبـە بـەنـۆبـە

وەگـولـلـەی وەرشەو، دریـا لـە بـاڵـم
عـالـەم نـەسرەفتن، ئیمشەو لە حاڵـم

جواو گەییە قەیتول، زلە لە باخان
لـە دەرمـاڵ بـێوە، بـووی وە چـراخـان

کـردمـە بـانـێ، بـانـی تـر دیـارە
یـا زەیـنـم کـوێرە، یـا نـەکـو یـارە

لە ئیلا خوتیم، شەکەت وی، قۆڵەکەم
کۆرپـەکـەت دانـە، دەس کـە مـلـەکەم

دەس مـەدە لـە زام، بـە زام زەلـیـلـم
چـاوەڕێی مـەرهـەم، دەستـی دەلـیـلم

مـانـگەشەو خۆشە، بچییە سەفـەرێ
یـاری نـازدارت بـۆت بـێتـە دەرێ

مـانگـەشەو خۆشە، لـە نـاو چیـغـابـێ
دەم لە ناو دەم بێ، دەس لە ملابێ

بـیکـە بـە خـاتـر، دوو کـوڕی مـنـاڵت
بـێ بـەشم مـەکـە، لـە خـەت و خـاڵت

دەڵێم لەو بانە، خۆم بخەمە خوارێ
خۆم بخەمە باوەش، گێل گێلەدارێ

هەر کەسێ دەیکا، مەنعی من و تۆ
لە ماڵی دەرچێ، بە هەشت و بە نۆ

دەتـرسم بمرم، نـەگـرم یـارێکـی
بـێتـە سەرقـەبـرم، ساڵـی جـارێکی

دەس نـێ بـان دەسم، بـزانـە گـەرمـم
شۆڕی زولـفـەکـەت، بـخـە بـان تـەرمـم

نـە قـاقـەز دیـرم، نـە قـەڵـەم نـەوات
لـە خـوێن دڵـەکـەم، بـنـووسم ئـەڕات

دیوت خۆت دووکاندار، خۆم مەغمەلسێنم(*)
قوڵف دوکان بەڕەکلا، وێنەت بووینم

گـوڵاڵـە سوورە، دەشتـی دایـە بـەر
بـەسەیـرکـردن، کـار نـابـێ مـەیسەر

هەستە بێرە لام لە جێی گشت کەسم
تۆی هێزی ئەژنۆم، دار عەسای دەسم

(*) مەغمەل: قوماش.

ئـەوا مـن ئـەڕۆم، بـەخـوات ئـەسپێرم
خـۆم پـێم نـەكـرا بـێم، دڵـم ئـەنـێرم

ئـەوا مـن ئـەڕۆم، لـە بـیـرم نـەكـەی
چـوكـەڵ بـەو تـرسـە، دڵگیـرم نـەكـەی

خـۆزگـەم بـەو كـەسەی ، دراوسێتـانـە
بـەشەو و بـەڕۆژ، چـاوی لـێتـانـە

شل شل بمكـوتـن، بـە بـنـیـاتـەوە
بمنـێنـە زەخـمـی، سەر گـۆنـاتـەوە

هەر چەن سەیرەكەم، بە زەبری دووربین
نـە لـە مـاڵ دیـاری نـە لـەسەر زەمین

تـاكـەی دانـیشم لـە سای داری بـی
تـاكـەی بـكـێشم، دەردی غـەریـبـی

سێ مـانـگـەی پـایز شاڵلا شەوبـوایـە
سەگ و پـیـرێژن، لـە دێ نـەبـوایـە

دای وەلامـەوە، وێنـەی بـاز تـەیـر
نـەوەت ئـازاردار، عـاقـیـبـەت خـەیـر

دوو چاوڕەش دیرت، دووربین ئەڵەمان
لە قەسر هەڵخست، دۆس لە كرماشان

ماڵمان ماڵێكە، سەرتیل بە سەرتیل
چەندت دەرخوارد دام ماچی بە بەرتیل

چـاوان مــەرێژە، بــە ئـێسکـە مــاسی
دوێنێ یارم بووی، ئەمڕۆ نامناسی

شل شل بمکــوتــن، تــۆزم نــەمــێنــێ
بە شەرت یاری خۆم چاوی هەڵێنێ

شل شل بمکـوتـن، بـا بـۆ خـۆم بمرم
خـەم و مـەینـەتت، تـا کـەی هـەڵگرم

کـفـنـەکـەم بـدڕن، بـە دەمـی مـەقـەس
شەرتە مەیلەکەت، بەرنەدەم لە دەس

دەس لە بانی دەس، خۆم خزمەتکارم
هـەرچـی ئـەمرت بـێ، مـن مـنـەتبـارم

ئـەو مـاڵـەی هـەیـە، نـەزری ئـەڵڵا بـێ
پـاشە و کـووچـەکـەت، بـەرەو دوا بـێ

ئـەوا مـانگ هـەڵات، دای لـەسەر دڵـم
لـەو جووتـە جوانـە، کـامیـان هـەڵگرم

حەوزی بەر ماڵتان، زۆر شین و گۆمە
خـودا خـەم نـەدا، مـن خـەمـی تـۆمـە

مـاچـێکـم بـەرێ لـە گـۆنـای پـاکت
بـیـکـە بـە خـاتـر، کـاکـۆڵـی کـاکت

بـاڵاکـەت بـەرزە، وەك بـەیـاخـی رۆم
عــالــەم ئــەزانــێ، دەردەداری تــۆم

کەم بێ و کەم بچۆ، کەم بە دارم کە
کـەم بـە لـەنجەولار، گـرفـتـارم کـە

کەم بۆم بڕوانە، هەر بەگۆشەی چاو
ماڵ باوکت شێوێ، بووم بە قەترێ ئاو

نـە مـن کـاروانـیـم، نـە گـەنم سێنـم
هـەر بـۆیـە هـاتـووم، بـاڵات ببـیـنـم

وەرە سەریـنـم، تـێر بـکـە شیـنـم
دەنـگـی تـۆ خۆشە، لـە یـاسین خوێنم

رانـەکـە، رای دا، بـابـدا قـەتـارە
سەربـێری بـگـرێ، ئـەو شەدەلارە

بـەهـاران خـۆشە، نم نمەی بـاران
تەماشای سەرچیغ، گۆشەی دەواران

با بچینە سەر دار، داری سەر گردی
خـۆزێ یـارم بـای، بـە مـارە کـردی

کـراست بـۆ دێنـم، تـەرزی شیـلـۆیـە
بـە دیـاری دێنـم، لـە لای زاخـۆیـە

کراسم دەوێ نە کورت نە درێژ بێ
لـە سەر پـاش پـانـیـان بـڕێژ بـڕێژ بـێ

هەی داد و بێداد، لەم دەوران دیلە
هـەر جوانـێ بـە دەستـی پـیـرێ زەلیـلـە

نـەمـامـم دەچـانـد مـاڵـۆ بـەمـاڵـۆ
خەڵکی پێی شاد بوو، منیش رەنجەڕۆ

دەتـــرسم بمرم، داخ لـــە دڵـــم بـــێ
خـاکـەکـەی بـەغـدا ئـاو و گڵـم بـێ

دەتـرسم بمرم، بـە جـوانـە مـەرگـی
بـیـبـەمـە نـاو گـۆڕ، نـاڵـە و دڵـتـەنگـی

هـەستە وەرە لام وەك جـاری جـاران
بـە کـوێری دوژمـن بـە دیـدەی یـاران

کۆرپەی دڵی من باوەش تۆی ئەوێ
گڕووی لێ گرتم، بۆم نانوێ شەوێ

بـە خـودا یـەکـێك، پـێغـەمـبـەر هـەزار
عـاسمـان دڕنـی دا، تۆ کەوتیتە خوار

بەقسەی بەدکاران، بەزمان و بەدرۆ
کەوتووەتە بەینمان، زەڵم و تانجەڕۆ

دەك خـوا بـینـووسێ، قـەڵـەم بکـا کـار
ژن بۆ پیاوی پیر، کچ بۆ هـەرزەکار

بـــاڵاکـــەت بـگـرە، بـەقـەد بـاڵاکـەم
خـەرجـی بسێنـە، لـە خـۆم لـە براکـەم

ئـەنگـوستت دەرزی، زولـفت خـەیـاتـە
روحـم کـێشکـچـی، دەوری بـاڵاتـە

ئەو کچە لەو ماڵە، قەولی داوە پێم
دەرکـــە و دەروازەی داخـــراوە، لـــێم

ئەو کچە لەو ماڵە، خۆی دا نیشانم
ئـاگری پـێ نـەبوو، سووتـاندی گیانم

ئـەنگوستت دەرزی، زولفت ئـاوریشم
گـەر خـوا نـەمکوژی، لـە لات دانیشم

کـچـە کـوردەکـەی، مـاڵـی شێخ زادە
مـــن بــۆ تــۆ مــردم، رووبــەنـدت لادە

خەڵك خانووی ئەرمێ، من بەر هەیوانم
خەڵك دۆستی ئەڕوا، من دەسگیرانم

مـلــەوەن لــە مـل، دوعــا لــەبــن بــاڵ
لاکە بەم لاوە، بووم بە کۆی زوخاڵ

هــەرچــەنــێ ئــەکــەم، دەلالــەتــی دڵ
دڵ وەکـو قـازان، خـاسـتـر دێتـە کـوڵ

ئـەگـەر ئـەمزانی، بـێ وەفـایـییـەکـەت
زووتر بـارمەکرد، لە هـاوساییەکەت

هەر پێنج پەنجەکەم، نەزری ئەڵڵا بێ
بـــاغــەوان بمرێ، بـــاغ بـــەرەڵـــلا بــێ

بەخۆت بانگت کرد ئەمشەو میوان بە
ئـەو بـاغـی سێوە خـۆت بـاغـەوان بـە

ڕەشی چـــاوانت لــێم هـــەڵــپـــڵانـــی
سەرمت دا بـــە بـــڕ، مـــاڵـــم ڕمـــانـــی

یـا سوڵـتـان هـاوار، مـاڵ بـە بـەرزەوە
بـــەدکـــارمـــان بمرێ، بـــەدەم لـــەرزەوە

دەمـەکـەت هـەنگوین، لـە قوتووی شیندا
ناردمە خوازبێنی، لێم چوون بەقیندا

بـــۆ لای کـــێ بـــچـــم، دەس بـــەزامـــەوە
کـــێ دەرمـــانـم کـــا، شەو بـــەلامـــەوە

ئـەوا مـانـگ هـەڵات دەربـەند بوو خـاڵی
شل شل دەیـپـۆشم، بـەرگـی عـەوداڵی

کـــزەی دەروونم، وەك لافـــاو لـــێڵـــە
وەك هـەوری بـەهـار لـە دەشت و گێڵە

ئـاخ لـە دڵـەکـەم قـەت نـابـێ پـەیـوەس
یاڵەو یاڵێتی، وەك دووربین وەدەس

ئـەوا مـانـگ هـەڵات دای لـە پردی سوور
جێی ژوان خاڵی، نەهـات قـەد بلوور

کـــچـــێکـــم دیـــوە، لـــە سلـــێمـــانـــی
کـــچ مـیـرزا سەعـی، نـاویـم نـەزانـی

ئـەوا مـانـگ هـەڵات مـانـگ کـەیلێ بـەرزە
دۆست و دەسگیران، هـەر ئیمشەو فـەرزە

ئــەوا هــاتــەوە لــە مــاڵــی پــووری
دەس بــە جـامــەوە، پــەنجە بـلـووری

بــەڕێوە ئــەڕۆم، ئــەژنــۆم ئــەلــەرزێ
لــە دوام جـێمــاوە، یــەك بــالآ بــەرزێ

جــوابــێ ئـــەنــێرم، بــۆ یــاری شارم
بـە دوو دەس مـەڵـحـەم بکـا، تیمـارم

کاول بێ کەرکووك قەسر و دووکانی
لای خۆمان خۆشە، عەسر و بەیانی

هەر لە پەنجەی پێ، خاڵە تا گەردن
خـاڵ وەك نـیـو لـیـرە، دەسە مـلـکردن

خۆزیا من بووام، لە جێی ئەو هەورە
بمنــالآنـدایــە، لــەو حــەوشە گــەورە

ئـەوا مـانگ هـەلآت مـانگی یـەکشەوە
لــە کـێو و شاخــان، چـریـکـەی کـەوە

یـا جـوابـی بـەخـێر، یـا دڵـنـیـام کـە
بەس لەوە زیاتر شێت و شەیدام کە

لە بێ لوتفییەکەت، بووم بە پەروازە
خــەمـبـارت کـردم، زۆر بـێ ئـەنـدازە

هــێزی پــێم نــیــیــە، بــڕۆم بــە ڕێدا
چون یار نەخۆشە، کەوتووە لە جێدا

هــەر تــەمــێ لــەسەر کـێوێ ساکـیـنـە
ئــەوە تــەم نـیـیــە، هــەنــاسەی مـنـە

ئەی خوایە چی بکەم بۆ تۆزێ دەرمان
بیدەم بە گولەکەت، بمرێ بێ ئیمان

قەسەم بەقورئان، سی جزووی کەلام
مـەر گـڵ بـیـبـڕێ، مـەیـلـی تـۆ لـە لام

غـەریـبـی شاران، هــەر بـۆ مـن خـاسە
خــواردنم خـــەمــە و بــەرگــم پــەلاسە

خۆ تۆ بڕنەو نیت، شانە و شانت کەم
لـە نـاو جـاهـێلان، دەسنـیشانت کـەم

کاوڵ بێ گەرمیان، ئاویان لە بیرە
خـۆشە لای خـۆمـان، جێگـای دڵگیرە

جــاهــێڵ بــە دوو شت ئــەبــێ دێوانـە
شەقـەی مـاچومووچ، پـای لـوتـەوانـە

ڕێگـاکـەی مـاڵـیـان، پـێچ ئـەکـاتـەوە
ئــاگــری لــێم بــەردا، لانــاکــاتــەوە

ئــەو بــڕکــە مــاڵــەی، بـەکـەژ و کـێوە
بـــەو بـــایـــە دەژێم، دێ لـــە لای ئـێوە

هیچ عەیبت نییە، غەیری ڕەشییەکەت
ئەویش بەقوربان قسە خۆشییەکەت

شەرت بێ لە داخت، بچمە دەماوەن
حاکم بمگرێ، بمنێ لە پاوەن

بڕوانە سیروان، ئەگری بەچاوان
ئەڵێ لێم بڕیا، دەسەی زلف خاوان

بالاکەت بگرە، بەقەد داری توو
دڵداری خۆشە، حاشا کە، لە شوو

چاوە رەشەکەت، لێ هەڵگلانم
ئێستە بە تەمای، دەس لە ملانم

بنێ سەر دڵم پەنجە جوانەکەت
دەبمە میوانی، خان و مانەکەت

بنێ سەر دڵم هەر پێنج پەنجەکەت
بمکە بەخاتری، برا گەنجەکەت

با لێم نزیك بێ، بەژنی لاولاوت
دەبمە شانە، بۆ زولفی خاوت

هیچ فایدەی نییە، یار لە دوورەوە
دەم نەنێی، وەبان گۆنای سوورەوە

هەرچەند ئەڕوانم، بە حوکمی دووربین
نە یارم دیارە، نە خاڵی شیرین

شەرتم کردووە، تاکو بمێنم
لەسەر ڕووی زەوی، هەر تۆ بهێنم

بـێره مـاڵـەکـەم، چـون جـاری جـاران
بـا کـوێری کـە نـیو دیدەی بـەدکـاران

چـــەنم پـــێ وتـــی: دڵـــە وا مـــەکـــە
خـزمـەت بـێگـانـەی، بـێ وەفـا مـەکـە

یـار لـە سلێمانی بـە کراسی حەو ڕەنگ
مـنـیش لـێرانـە، غـەریب و دڵـتـەنگ

بـاڵـەخـانـەی چـەم، چـەترێ لـە بـانـی
یـارم نەخۆشە، دوور بێت لە گیانی

ئەو چاوە جوانەی وا هەڵیان دێنی
ڕۆژێ یـەکـێکـمـان، لـێ ئـەمـرێنـی

لـە سلـێمـان کـەنـدی تـا مـیـانـدواو
گشتی بەقوربان شۆخی بەڵەك چاو

خۆ من نەمخواردووە، ئاو لە گۆزەی سوور
قـابـل بـە تـۆیـە رانکوچۆغـەی سوور

بـــاران دەبـــاری، لـــە کـــوێ دانـــیشم
بـەرامـبـەر بـەتـۆ، ئـاخـان هـەڵکێشم

سەعاتی دەستت خۆم قورمیشی کەم
ئەو باڵا جوانەت، خۆم داگیری کەم

بـە بـەرزی گـوێژە، بـە نـزمـی ئـەزمـڕ
هـا لـە بـاخـەڵـتـا، جـووتـێ لیمۆی خڕ

چـــەنم پـــێ وتـــی: مـــەچـــۆ پـــەنجەرە
لـــەسەر سیـنـــەکـــەت، شەڕە خـــەنجەرە

کـــارێ تـــۆ کـــردت بـــەو دوو چـــاوانـــە
خۆ حوکمەت نەیکرد، بەو کوردستانە

ئـــەوەن شیـــریـنـــی، وەك شەکـــر خـــاوی
ریشووی بـــۆیـــەمـــە، هـــاتـــە بـــان چـــاوی

سەرێ هەڵبرە، سەیری گەردوون کە
سەیـری گـرپـەکـەی پـیرە دەروون کـە

باریك تۆ مەڕۆ، پەشتەماڵ لە پشت
غـەریـبـییـەکەت خۆ عـالـەمـی کوشت

لایـــێ تـــۆبـــزاوە، سەرتـــۆپ جـــەبـــاری
خۆ گشتت کوشتووە، ئەمەن نازداری

ئـــەو دەمـــە بـــێنـــە، مـــاچـــی کـــەمـــەوە
لـــە کـــێ تـــۆراوی ئـــاشتت کـــەمـــەوە

بـــالا بـــە بـــەرزی، قـــەدبـــە بـــەلـــووری
هیچ فایەی نییە، مەرحەبای دووری

ئـــەوەنـدەم روانـــی، بـــە چـــاو کـــەژاڵـتـــا
خـــۆزگـــەم بـــەو کـــەسە، وا لـــە بـــاخـــەڵتـــا

رەشە ڕەیـــحـــانـــە، پـــەلك حـــەبـیـبـــی
خـــۆم لـــێروکـــانـــە، یـــار لـــە غـــەریـبـــی

ڕێگاکەی کەرکووك کاکی بەکاکی
گەر تۆی لێ نەبی، وێران بێ خاکی

ئەو چنارە بەرزە، گۆم لە بەینیدایە
یارێکم گرتووە لە سونعی خۆمدا

دارەکەی سەرکەل، تاقە دارێکە
دوو کچ بە تەمای، هەرزەکارێکە

ناو حەوشەکەتان دوێر و(*) هەیوانە
بەر قاپیەکەتان، قامیشەلانە

هەی داد و بێداد، لەی بێ دادیمە
بێدادیم لە دەس، شەو تەنیاییمە

ڕەبی کەس وەك من شەو دەروێش نەبێ
تەوەللای وەتەن قەوم و خوێش نەبێ

بالاّ وەبەرزی، نەیجەی هەواسان
پێوە بەند بووە، سێو لە خوراسان

هەمەڕۆ مەڕۆ، تا ئەگەییم پێت
ماچ کەم سەر گۆنات، تاسەم بشکێ لێت

هەناسەکەی من، گیر بێ لە ناوتان
گەورە تا بچووك، نەمینێ ناوتان

بڵێن: بە یارم نەگرێ بەهانە
خۆ من کەوتووم، لە نەخۆشخانە

(*) دوێر ژوور.

سوورا و و سپـیـاو، جـادووکـاریـیـه
خـاڵـی خـوارشتـه، خـۆی دیـاریـیـه

دەسرِی دەستت گـــوڵـــێکـــی، زەردە
ئەگەر ژنخوازی، دەس لە ماڵ بەردە

کراسەکەت نایلۆن، سەرپۆشی کەتان
وادەی مـن و تـۆ، سەربـانـی خـۆتـان

کـراست بـۆ دەکـەم، لـە گـەڵا گـوێزێ
هـەوا لـێی نـەدا، بـۆ خـۆی بلـەرزێ

بـۆیـە لـە سەرمـای زستـان بـێزارم
بـە سەرمـا زولـفـی تـێك ئـەچـێ یـارم

ئەگەر بۆم نەکەی شاڵ کودەری سەوز
حەواڵت ئەکەم، بە حەزرەتی غەوس

ئەوا مانگ هەڵات، دای لە لێفەکەی
دایـکـی نـەزانـێ و بـگـرم، سێوەکـەی

چـــاوم دەیـــەشی سەرم ئـــەکـــا ژان
بە هەچ حاڵێ بێ، ئەچم بۆ ماڵیان

قـەڵـەم و کـاغـەز، دەفـتـەری کـۆنـە
خـۆزگـە دەمزانی، یـار مـەیلـی چـۆنـە

بـەس جـواو بـنـێرە، لـە جـواو بـێزارم
کـاغـەز بـنـووسە، خـۆم خـوێنـەوارم

مـاڵیـان لـە ئیسکـان دەرگـا ڕەقـەم نـۆ
خـوا تـێکـی نـەدا، بـەیـنـی مـن و تـۆ

تووەکەی حەوشتان پەڕپەڕ، داتێریٚ
دڵـداری خـۆشە، دایـکت نـاهـێڵـیٚ

عـارەق و شەراب، مـەزەی لـەبلـەبـی
کـی مـنـی کـوشتـووە، کـچـە چـەلـەبـی

بــەلار و بــەلار، بــە لارانــەوە
بـە فـوای مـەمـکـۆڵـەت، گـوڵـهـەنـارەوە

ئـەگـەر ئـەمـزانـی، چ ڕۆژ، ئـەمـردم
یـانـەی ئـاوەدان، وێران ئـەکـردم

جـوتـیٚ شەمـامـە، تـازە کـردی بـن
مـەیبـە بـۆ بـازاڕ، بـیـفـرۆشە بـە مـن

چـەپـکـیٚ ڕەیـحـانـە، لارم کـردەوە
شەو بـە ڕەسمـەکـەت ڕۆژم کـردەوە

چەپکیٚ ڕەیحـانـە، سەرچل حـەبیبی
ئـەویش بـۆ یـارم، هـا لـە غـەریبـی

چـەپـکـیٚ ڕەیـحـانـە بـنـی لـە گـۆمـە
عـالـەم دەزانـیٚ، ئـەو کـچـە هـی خـۆمـە

ئـەوا مـن ئـەڕۆم، خـۆم و دڵـەکـەم
خـودات لـەگـەڵ بـیٚ، تـاقـە گـوڵـەکـەم

ئـــەوا تـــۆ ئـــەڕۆی، بـــە نـــاڕەزای دڵ
خـودات لـەگـەڵ بـێ، مـەنـزڵ وەمـەنـزڵ

ئـــانـــەکـــۆ، مـــلـــی، مـــنـــیـــچـــی بـــەرە
چـەنـی خـاڵـەکـەت، ئـامـیـتـەی کـەرە

ئـێوارە بـاران، فـێر بـووگـە، پـێمـان
نـایـەڵـی تـازەدۆس، سەربـدا لـێمـان

هـــەڵسە بـــێرەلام، لـــە کـــێ تـــرستـــە
گـەورە تـا بـچـووك، هـەواڵـپـرستـە

غـەریبـی شاران کـارێ پـێم کـەردەن
بـێزارم لـە گـیـان، رازیـم بـەمـردەن

غـــەریب غـــەریـبـــە، غـــەریب دیـــارە
رەنـگـــەکـــەی زەرد و لـــێوی بـــەبـــارە

ئـــەمشەو دوو شەوە نـــایـــێتـــە، خـــەوم
لـــە چـــی تـــۆراوی بـــیـنـــایـــی چـــاوم

خـۆ مـن کـۆتـر نـیـم، بـاڵ بـە حـەواوە
یـــارم بـــبـــیـــنـــم، لـــە نـــاو، بـــەغـــداوە

شەرت بێ لە داخت لەم کێوە کۆڵ کەم
بچمە عروسیا، بەرچاوت چۆڵ کەم

بـــەر مـــاڵـــەکـــەتـــان، دەپـــێوم بـــەگـــەز
لـــەبـــەر خـــاتـــر تـــۆ، دەیـکـــەم بـــەمـــەرەز

کراسەکەی بەرت لە خوتەن سوورە
ئاگادارت بێ ئەو شێخ غەفوورە

ئەچێ بۆ بەغدا، بۆ بازرگانی
بۆ لوولە و زنجیر، بۆ دەزگیرانی

مەمکێکت هەنار، یەکێکت لیمۆ
کام بگرم بە دەس، کام بکەم بە بۆ

هەڵسە با بڕۆین بۆ کوێ دەڵێی دێم
لە ناو بەدکاران تانووت نەدەی لێم

ئەو شەرتەی کردمان لە بیرت دەرچوو
یاری تازەت گرت منت لە بیرچوو

ئەو چاوە ڕەشەی، هاورد و بردت
تەرکی دڵداری تۆ بە من کردت

بە تای کراسی ڕووی کردە ماڵم
لە دۆستم دەرچوو، بوو بەحەڵاڵم

بارم بارخانە، سەربارم ڕەقی
خۆم بۆ قەسر ئەچم، یار لە خانەقی

خۆزگەم بەتیرۆك لە بانی نانی
جار جار ئەخزێ بۆ نەرمەی ڕانی

ئەو هەموو غەمەم، من لای کێ بێژم
دەردی دووری گوڵ لە کوێ هەڵڕێژم

کەی تۆ بووی بە شەم، تا وەك پەروانە
مـنـیش خـول بـخـۆم، وەکـو دێوانـە

مــانــگــەشەو خــۆشە، لــە بــەهــارەوە
یـــاری خـــاست بـــێ، لـــە دەوارەوە

قـەسەم بـەتـاتـای زوڵـفـە خـاوەکەت
مـن وێڵـم لـەبـەر مـەسـتـی چـاوەکەت

قـەزات لـە گـیـانم، کول ڕۆژێ جـارێ
عـەسر و بـەیـانـی، سەر لـە ئـێوارێ

دڵـداری خـۆشە، بـەشەرت بـیـزانـی
یام لە ناوی ڕان، یام لە ڕێی کانی

چـرام دایـنـاوە، لـە پـاڵـی سەکـۆ
گەورەیان بۆ من، بچووکیان بۆ تۆ

هەر خۆم بەقوربان لەنجەی شلت بم
ڕەفـتـەی هـەرنـەوع دەوری ملت بم

گـەڵاکـەی پـایـز، خشەی کـردە چـەم
ئەو لە وادەی خۆی من لە تاوی خەم

گـەنم گـوڵـی کـرد، وا جـۆ ڕنـیـاوە
شەرعـی مـن و تـۆ، هــەر نـە بـڕیـاوە

بـاخـێکـم نـاوە، لـە ئـەبـابـەیـلـێ
هەناری گرتووە، چون مەمکی لەیلێ

چـاویّ هـەڵـبـڕە، وەك ژێر زگ مـاسی
ئەوسا دۆسم بووی، ئەمڕۆ نامناسی

مـایـن لـە عـەرەب شوهـرەتـی چـۆنـە
کـچ لـە هـەڵـەبـجـە، وەك پـەری سۆنـە

جـادەی سلـێمـانـی بـۆیـە خـۆشمـەویّ
لـەبـەر عـەلمۆدە، ڕێم بـەر نـاکـەویّ

سەیری چاوکاڵ کە، مات و مەلوولە
نـە چـاوی ڕشتـووە نـە زولفـی لـوولـە

جـادەی دوجـەیلـە، لـە گـوڵ داچـێنم
لـەبـەر عـەتـە گـیـان وەجـێی نـایـێڵم

شەرتی دڵداری، گش کەسیّ کەردەن
هیچ کەس وەکو من بۆ تۆ نەمردەن

چـاوت هـەسارەی کـارەوانـکـوژە
دەوری ئـۆبـەکـەم، هـەر تـەمـومـژە

بـاغـان بـیّ سەمـەر، زینـەتـی نـیـیـە
کـچ وەبـیّ دایك سەمـەری نـیـیـە

بـالاّ، بـالاّتـە، هـەر خـۆت ئـەنـوێنی
قـەستـتـە، جـەرگـم لـە بـن دەربـێنی

بـاڵـەخـانـەی چەم، دڵ دێوانـەی تـۆم
ئـەگـەر تۆ شەمـی من پـەروانـەی تـۆم

ئـەگـەر دەمـزانـی بـەزمـانـی جـاران
بـاغـەکـم دەچـانـد لـە دەورەی مـاڵان

کـەلـەکـەی گـوێژە، بـەفـر گـرتـوێتـی
جوانـی سلێمـانـی، دوو کـچ بـردوێتـی

چـاوم چـاوەڕێ و دەنـگـم نـایـگـاتـێ
بە خۆی حەز دەکا و دایکی نامداتێ

ئـــەوشۆ پـــایـــزە، سارد و سەرمـــایـــە
مـاڵـی چـاو جـوانـێم، هـا لـە قـەڵایـە

سەردەشت و سابڵاخ بانەگوڵان– پێوە
گشتـی بـەقـوربـان، ئـەم زار و لـێوە

چیمـەن مـەپێچـە، گولـەکـەی تـاریکـە
لانـکـێ بـپـێـچـە، قـەدت بـاریـکـە

جـووتـێ مـەمکـۆڵـەت، وا وەسیـنـەوە
کـردۆتـەوە ژێر، کـەتـان چـیـنـەوە

بـاڵ وەبـازیـبـەند، قـۆڵ وە مـوورەوە
بـۆ خـولـقـم نـاکـەی، وەرە ژوورەوە

سەبـارەت بـە تـۆ، مـن لـێرە بـەنـدم
ئەو چاوە مەستەت عەقڵی لێ سەندم

چ بکـەم بـۆ یـەکـێ بـیگـرم بـە کـرێ
سەتڵـە ئـاوەکـەت لـەگـەڵ هـەڵبگـرێ

بـــاڵات بـــەوێنـــەی ئـــەو شۆڕە بـــیـــیـــە
هـــەرچـــەنـــد ئـــەڕوانم لـــە وێنـــەت نـــییـــە

هەتا دیار بووی، بۆم دای بە سەردا
کـەوتـوویـتـە پـەنـا، بـانگم لـێ بـەردا

کوردم، کورد بەچە، عەرەب نیم لۆ لۆ
هـــەر بـــەمـــنـــداڵـــی مـــەیـــلـــم دا، بـــە تـــۆ

دەچمە سەرگەڵو، هەر بەم دەستوورە(*)
چەند جوانی لێ دێ، خەزێمە سوورە

تاقە دارێ بووم، بۆ خۆم ئەشەنیام
هەوای تۆ لێی دام، لە ڕیشە کەنیام

بـاڵاکـەت بـەرزە، حـەرام کـردووە لێت
بـەخـیـلـی نـابـەم، خـودا داویـە پـێت

بەس بێ و بەس بڕۆ، بە دەور و پشتا
خـوای هـەرزەکـاران، بـکـەم بـەگـژتـا

شل شل بمکـــوتـــن بـــەنـــەواتـــەوە
بمدە بـــە سووری، سەر گـــۆنـــاتـــەوە

تـــاقـــە دارێ بـــووم، وەدەم یـــاڵـــەوە
عـاسی بـووم وەدەس بـای شەمـاڵـەوە

هـــەی داد و رۆڕۆ، هـــەرەسی سەخـــتـــم
یام تۆ سیا چارەی یا خۆم کەم بەختم

(*) دەستوور: بەرگ و کاڵا.

هەی داد، هەی بێداد، هەرەس وەماڵم
ئـــای بــۆ دڵسۆزیێ شەو بــێتــە پــاڵــم

وەی کەنی کەنی(*)، پێ بنە لە یانە
خــوێشی خــۆتــانم، مــەمکــە بێگــانــە

چاوی خستووە کار، چون چرای بەرقی
لـە قــەسرۆ دەیبـا، بـۆ سەر خـانـەقـی

کـاغـەز ئـەنووسم، لـە گوڵی سرکـەیـی
بــە دەم پــێکــەنین، بــە دڵ گــلــەیــی

بــەو هــەسارەکــەی، تــار و مــەمــانــوو
مــەر ئــەو هــەسارە، حــاڵــم بــزانــوو

بـەو هـەسارەکـەی، سەر کـەلـی ئـارێز
دڵــداری خــۆشە، ئــەمما بــە پــارێز

ئــەوا بــەهــارە عــێل بــارکــردنــە
دەم بــنــێ نــێو دەم دنــیــا مــردنــە

بە فیدای باڵات بم، باڵا داری حەی(**)
رەنگ گوڵەمینا، سەبرەکەم تا کەی؟

قــەزات لــە مــاڵــم، گــوڵـەی نـیسانـی
خۆش بێ بای شەماڵ تۆی بۆ من هانی

---

(*) کەنی: کچ.
(**) حەی: دارێکە لە خاکی حیجازدا ئەڕوێت.

کاول بێ خورماڵ، لەگەڵ دووکانی
کراسی کشمیر، مەمکی ڕووشانی

جادەکەی خورماڵ، بیکەم وە کەڵەك
تیا بگەڕێ حەپسە چاوبەڵەك

تووتنەکەی بەرماڵ، دێراو دێراوە
شتل نێرەکەت جەوەو حەلاوە

هەر لە تازە دێ، تا خێڵی حەمە
گشتی وەقوربان، بالاکەی جەمە

بەفیدای دەمت بم، بە ددانەوە
ماچی سەدەفەن، وە دووکانەوە

بڵێن: بەخەجێ، پۆشین، شین نەکا
لە دوای مێردەکەی شوو بە کەس نەکا

شەرتە بمپۆشن، سەر کەللەم دەوار
بگەڕێم بە شوێنتا، هەوار بەهەوار

پرسیار پرسیار کەن، ماڵیان لە کوێیە
لە سەر دەڵێنە، شەقامە ڕێیە

ئارەق و شەراب، مەزەی لەبلەبی
سەرخۆشی کردم بەهیەی مەکتەبی

دوو چنار نایەڵێ بالای دیار بێ
یاخوا بای شەماڵ، بەلارەلار بێ

لـە نـاو درەختـان هـەر چنـار بـەرزە
چـونکـە نـەجـیـمـە لایـق بـە ئـەرزە

سەیرکە ئەو پووزە، ئای چەنێ لووسە
شەکری لەندەنە، کارخانەی رووسە

هـێلانـەم بـەستـووە، لـنگـەسێ پـاوە
مـەیـلـم هـا، وەلای کـچـی قـوێخـاوە(*)

خـۆم لـە سلـێمـانـی مـاڵ لـە تـارانـێ
عەشقی باڵای بووم، چەتیو نازانێ(**)

بـاڵات لـە وێنـەی ئـەو شۆڕەبـیـیـە
فـرە گـەڕیـاوم، لـە وێنـەت نـیـیـە

عـەبـاکـەی سەری لـە دوای خشیـەتـی
هینی خۆی نییە، هینی خوشکیەتی

دەچـی بـۆ حـەمـام، حـەمـام تـاریکـە
مـەمـکـی ئـەو یـارەم، عـەلـەتـریکـە

لـە خـوار گـوێژەوە، سلـەیمانـیـیـە
یـارێکـم گـرتـووە، کـانـێسکـانـیـیـە

دەسەسڕەکـەت، بـۆی گـوڵـی لـێ تـێ
بـنـێرە بـۆ لام، سەبـووریـم پـێ تـێ

---

(*) قوێخا: کوێخا.

(**) چەتیوە: کچەتیو، کچەهەتیو.

دەسرِی دەست، گــولّـــی وێڵ وێڵـــە
بــۆ ئـــارەق سرِیــن جــادەی تــەوێڵـە

یــاخــوا کــاول بــێ، وڵاتــانــی دوور
یەکێکیان کەرکووك، ئەوی کەی شارەزوور

کەم لە گۆشەی چاو، دەردم کاری کە
شەرمــێ لـە گومـەن، هـەیوانساری کـە

بـــاڵا بـــەرزۆکـــە، بــێمـــە ژێر بـــاڵت
ماچ کەم سەر گۆنات، تەڕ نەکەم خاڵت

یا خوا شارەزوور، بەرقی تێ کەوێ
لە کونی زەنگیانە، چاوم پێ کەوێ

لـە دەروەنـی خـان، گـیـریـاوم وەدیـل
کــڵاو زەرِەکــەت بــنــێرە، بـــەرتــیــل

ئـــاه و نـــاڵـــەو و دەوایـــی دەردم
مـــن گیرۆدەیی لــەچـەکە(*)، زەردم

ئــەچـم بـۆ تـاران بـۆ بـرِنـەوی کـوڵ
شووەکــەت ئــەکـوژم، داخـم وا لـە دڵ

دەچـی بـۆ مـەکتـەب هـاوار نـامـهێڵی
دەستــی دا عــەبــا، رۆیـی جـێم دێڵـی

کــاری خــواوەنــە، ئــەوێ هــەروابــێ
لـەیل دەوڵـەمـەن، مـەجـنون گـەدابێ

(*) لەچەك: رەفتە.

ڕۆژی پێنج فەرزە، لاڵییام لە تۆ
گەر موسوڵمانی، ڕەحمێ خەیر بۆ(*)

لەسەر ڕوومەتت تاقە خاڵێکە
ڕۆژێ نەتبینم لە لام ساڵێکە

بەر دەرگاکەیان، گوڵ و ڕەیحانە
بە شەو خەفەرە، لە خەستەخانە

لەوە مەڕوانە، بالا بچووکی
بەقیمەت گران، بەوەزن سووکی

ئیتر خوا حافیز، من لە موڵکی تۆ
ڕەبی دوای من، هەزار خێرت بۆ

دڵەکەم بۆ دڵەکەت کەڵکەڵە ئەکا
لەگەڵ نامەردان، مامەڵە ئەکا

ئەم لار و لەنجە، گشتیم وەدڵە
ڕەوت وەك سۆنە، قامەت وەك گوڵە

با من بکوژرێم، وەبانی تۆوە
خوێنم بڕێژرێ، وەسەر لیمۆوە

بەر دەرگاکەتان بەچڵی کەرەوز
یا خوا پیای بڕوا، کڵاو قەنەوز

ڕێگای سلێمانی، بە چاو ئەکێڵم
ئەو کچەی تیایە، بەجێی ناهێڵم

(*) بۆ: مەگەر.

خوایە لەم بانە، زوو بمخەیە بان
بمخەیە بەینی سیارە و عازەبان

لە گولاّن هاتم دێوانە جێمە
لەبەر بالاّکەت کانی سارد ڕێمە

یا خوا بەخێر بێ، کاروانی بانە
شیلەی هەرزان کرد، بۆ ناو چامانە

ئەوەنە، گەڕیام، بن دار وەبن دار
سەرپەنجەم کەنیا، نەگەییم وەیار

ئەمە دەمێکە ئەم داخە پێمە
سەحەر هەڵئەسم، زووخاو لە جێمە

ماچێکم کردووە، وەك ماچی دوێنێ
وەك بەفری کوێستان سەر ئەتەزێنێ

یێژن لەم خوارە، گەنم و جۆیە
سەڵتەی سورمەڕێژ، قابیل وەتۆیە

سوێنم خواردووە، لە تەغارێك جۆ
پشتێنێك بکەم لە کراسەکەی تۆ

باران ئەبارێ، دەربەند تۆز ئەکا
ماچی گەورە کچ، کوڕ ئالۆز ئەکا

پیاڵە و ژێر پیاڵە، زەرفەکەی گوڵە
لە ناو گەڕەکمان، هەرتۆم بەدڵە

پـایـز ئـامـاوە، دیسان پـەی داخـا
شەماڵ بی شەینەر، پەی سەرەباخا

چاو خاسەکەی من، دەم خاسەکەی من
ناشێ تۆ نەکەی، شەو تاسەکەی من

شووت نـەکـرد بـەمـن، سمـێڵـم قـنـجـە
شووت کـرد بـەبـۆزە، بـەمـنـجـە مـنـجـە

بەپلەی تەشوەکەت چاوێکم کوێر کە
لە جیای مێردەکەت خۆت بەمن فێرکە

کـراسەکـەت دڕا، کـراسێ بـۆ نـاکـەی
لـە مـێردە گـولـەت، بـۆ حـاشا نـاکـەی

ساتـێ سەر بـنـێ، وەبـانـی بـاڵـم
بـزانـە شێتـم، یـا کـەڕولاڵـم

قەسرو خانەقین، سەر حەدی ئێران
گشتـی وە قـوروان، چـاوێکـی جـوان

سەرکـە سەر ڕانم، خـەوت لـێ کـەوێ
قەزای خۆم و خۆت، لە شووەکەت کەوێ

مـاڵـی بـاوکـەکـەت، کـەوتـۆتـە کوێوە
ببـێ بـەمزگـەوت، ئـار ئـەنێم پێوە(*)

ئـەگـەر بـەبـێ تـۆ، شایـی لـە دڵ کـەم
یا خوا شاییەکەم، ئامیتەی گڵ کەم

---

(*) ئار: ئاگر.

هـەوای بـانـەوبـان، شنـەی داری تـوو
کـێ بێ حەز بکا، یاری دەن بەشوو

بـەنـدەخـوێنـەکـەت، بـەمـیـرات کـەوێ
نــایــەڵــێ بــنــووم، بــە ئــارام شەوێ

مـاڵـی بـاوکـەکـەت، بـەقـوڕ بـگـیـرێ
بـوو بـەقـەڵای رۆم، بـۆ مـن نـاگـیـرێ

هـەر کـوێیـە بـەرزە، بـیـکـەنـە تـووتـن
هـەر گـڵاپـانـە، بـۆ جـگـەرەی خـاتـوون

مـانـگـەشەو خـۆشە، خشەی پـەرێزێ
دۆستـی جـوانت بـێ، پـڕ بـە ئـامێزێ

پـیـاڵـە و ژێر پـیـاڵـە، بنـەکـەی خشتـە
تـۆیـان لـە مـن کـرد، بـەزەبری نوشتـە

شەرت وێ لە داخت بچمە بنی گۆم
ئەرز و حاڵ بدەم، لە لای پاشای رۆم

شەرت وێ لە داخت، دووەم لە قینت
پەتی خۆم هەڵخەم، لە لکەی پۆشینت

بـایـە هـاوردی لـە دوور تـۆز ئـەکـات
داوای ئاو و دۆی بەر قەڵوەز ئەکات

بـیـکـە بـەخـاتـر، زەردەی خـۆرئـاوا
سەرێ بـێنـە دەر، لـە تـوێی کـەژاوە

مانگەشەو خۆشە حیلەی ئەسپی شێ
دۆستی جوانت بێ، دەسگیران لە دێ

تـــازەم زانـیـوە، هــەڵــەبـجــە شارە
دەوری هــەڵــەبـجــە، گـوڵ و گـوڵـزارە

تـازەم زانـیـوە، هــەڵــەبــجــە دێیــە
پشتـی هــەڵــەبـجـە، عـەبـابـەیـلـێیـە

ئــەگــەر نــازانــی، یــارم چ کــەسە
بــەرز و بــاریـکـە و سەعـات لـە دەسە

گـوڵان مـەچـێنـن لـە دەوری بـیـری
خـونـچـە مـەدەنـە، پـیـاوی پـیـری

ڕێگـاکـەی بـەغـدا هـات و نـەهـاتـە
دووکـەڵـی جگـەرەت شەکر و نـەبـاتـە

سەوزە تـۆ مـەڕۆ، سەوزەکـەی مـاڵـم
نـەخـۆش نـەکـەوی، نـەشکـێنـی بـاڵـم

ڕێگـاکـەم دوورە، مـەزڵـم کـوێستـانـە
شەو بەسەرما دێت، خەم لام میوانە

مانگەشەو خۆشە، حیلەی ئەسپی ڕەش
دۆستـی جـوانت بـێ، بیگریـە بـاوەش

کـراسی بـەرت، تـۆپ شاڵـی کـرمـان
بەمنت پیشان دا، دەردی بێ دەرمان

دەسرِی دەستـــی، سەعــدە سپــیــیــە(*)
لـە مـەکـتـەب دایـە، سێی سانـەوییـە

دەسرِی دەست، گــوڵ پـــەنجە پـــەنجە
بـۆ ئـارەق سرِیـن، رِێگـای هـەڵـەبجـە

بـەردی پـاشارِێ، کـەوشەکـەی درِیـم
کـچ لـە وارمـاوە، هـێز لـە پـای بـرِیـم

سیـــروان هـــاتـــووە، نـــادا بـــوارم
سەرێ بــدەمــۆ، لـــە قـــەوم و کـــارم

خـاوەر و خـورشیـد دایـە بـەرامـبـەر
کامیان پەسەن کەین تۆ ئەو شێخ قایەر

چـراکـەی مـاڵـیـان سووڵـە سووڵـیـەتـی
بـاوکـە کـوێرەکـەی، بـۆڵـە بـۆڵـیـەتـی

دەشتـی شارەزوور کـاکـی بـەکـاکـی
وەبــێ بــالآی تــۆ، وێران بــێ خــاکـی

هــەر چـەن ئـەرِوانم، بـەچـاوی رِەشتـا
خـوێنـە خـوارەکـەم، وا لـە بـاوەشتـا

خـــەوێکـــم دیـــوە، بـــەمـــاڵ مـــەلاوە
بــەزولـفـی تـوبـا و چـاوی عـەیـنـاوە

بـێژن وە ئـازیـز، خـەم نـەگرێ وەدڵ
فەسڵێ تێم وەلای هەنار بگرێ گوڵ

(*) سەعدە: سادە.

یـا خـوا هـەڵـكـەنـی ئـەم چـیـخـە شڕە
بـەڵـكـو دەركـەوێ، ئـەو مـەمك خـڕە

سەد ساڵ لـێم بـدەن بـەشوولـی ژاڵـە
دەس هـەڵـنـاگـرم، لـەو كـورتـە بـاڵا

دەمـەكـەت شووشە، مـەرەكـەب تـیـایـە
زمـانم قـەڵـەم، بـهـێنـم، پـیـایـە

هـەر لـە خـانـەقین، هـەتـا جـوانـڕۆ
گش تـازیـە بـارە، بـۆ شووكـردنـی تـۆ

كەمەرەی لەپشت، بۆ ناو ران ئەچێ
یـێژی ئـاهـووە، بـۆ كـێوان ئـەچـێ

ئـەگـەر كـەوبـازی كـەو نـیـیـە لـێرە
ئـەگـەر ژنـخـوازی دایـكت بـنـێرە

كۆڵان چۆڵ و هۆڵ واحیدەل قەهار
نە دەنگی رادیۆن، نە هاتوچۆی یار

ئـەوا هـاتـە خـوار لـە جـادەی كـاوە
شارڵستۆن لە پێ، عەینەك لە چاوە

كـراست كـردووە، كـەوێ بـۆ نـاكـەی
خۆ من یاری تۆم، بۆ بڕوا ناكەی؟

سەوزە هەی سەوزە، سەوزەی عەنابی
سەوزە زوو زانـیـم، كـە بـۆ مـن نـابـی

هەر بایە بێنێ، لە بنەکو وە
گشتیم خۆش ئەوێ، وە بۆنەی تۆوە

قەڵای شێروانە، دوو گوڵ هاپێوە
خانزاد و خورشید هاتن لە ڕێوە

ڕەنگ زەردەی خەزان خەتای پایزەن
ڕەنگ زەردییەکەی من، دووری ئازیزەن

ئەوا مانگ هەڵات، دای لە دەلاقە
لەسەر باڵای تۆ، بمکەن فەلاقە

قەمچی زولفەکەت، دووهەم ئەو لێوە
بەفری کوێستانە، زەردەی خۆر پێوە

ئاوەکەی ئەڵوەند، پا وەقەسرەوە
چاوەکەی یارم، ها بەئەسرەوە

ئەو کراسە چی بوو، کردت بەکراس
کردت بە رووپۆش، یاقووت و ئەڵماس

ئەترسم بمرم، لە بۆرە بانی
قەل و داڵ بمخوا، کەس پێم نەزانی

ئەگەر گیان کێشان، وەك دووری تۆ بی
یاخوا بە نەسیب، گاوری سەرکۆ بی

ئەڕۆی بۆ کانی، زوو بگێڵەوە
هۆشت بێ وەلای بەندەی وێڵەوە

ئــەگــەر ئــەزانـــی، بــەحــاڵــی دەردم
گـریـانت مـەیـۆ، پـەی ڕەنـگـی زەردم

ئـەو بــاڵا بــەرزە، ئـەو نـەو نـەمـامـە
شەو لـە پـەژارەی، خـەو لـێم حـەرامـە

ئـامین بـە بـاڵا، مـیـنـا بـە گـەردەن
ڕەعـنـا گوڵێکە، خـوا عـیـجای کەردەن

ئـــــەوا پـــــایـــــزە، گـــــەڵا ڕێزانـــــە
زولـفـی یـار، بـە دەس بـا، پـەرێشانـە

چـاوم چـاوەڕێی ئـەو پـارچـە وردە
بـەشکـم دەرکـەوێ، ئـەو گـوڵـە زەردە

چـنـــار و لاولاو، سەریـان دەرچـووە
روحـم عـــاشقـــی، بـــاڵاکـــەت بـــووە

چـنـارە بـەرزە، سەر لـە حـەفـتـەمین
قەد قەد دێتە خوار، بۆ باڵای ئامین

چـاوێکت لـە مـن، یـەکێکت لـە عـام
کـەم بـۆم بـڕوانـە، بـەدکـار هـاتـە لام

حەوز و کاموسای، ڕەشە بایش نەبۆ
ئایشە و موسای شەو سەرمایش نەبۆ

خۆزگەم بەو مەڕە، شیر تێ لە گوانی
چاو جوان ئەیدۆشێ، بەپەنجەکانی

خـۆزگـەم بـەو ئـاوە، ئـەڕوا بـەو جـۆدا(*)
تك تك ئــەتـكـێنـی، بـە گـۆنـای تـۆدا

خـەتـای مـن نـیـیـە، بـاڵاكـەت كـوڵـە
وێنـەدار مـێخـەك، ئـامـیـتـەی گـوڵـە

خــەتــای مــن نـیـیـە، خـەتـای پـایـزە
رەنگ زەردیـیـەكـەم، دووری ئـازیـزە

خـاڵـێ لـە تـۆم دی، یـەكـی لـە یـاران
مەگەر گوڵ سووسەن، لە پای نساران

خــەوێكــم دیــوە، خــەو درۆ نـیـیــە
بـەخـتـم لـە یـاری مشكـی مـۆر نـیـیـە

تا كەی دانیشم، تا كەی لە لات بم
لـە خـوام تـەڵـەبـە، بـە بـاڵات شاد بم

تــازەم زانــیــوە سەركــانــی دێیــە
سینـەكـەی بـەهـێ بـاخـی هـەرمێیـە

تـاقـە گـوڵـێك بـووم، بـەبـان یـاڵـەوە
عاجز بووم، بە دەس بای شەماڵەوە

تـیـرێكت لــێ دام، وە پــەیـكـانــەوە
جـەرگـم ژان ئـەكـا، وە ئـێسقـانـەوە

چـاوم بـۆ چـاوت، چـاوە چـاوەیـە
دڵـم بـۆ دڵـەكـەت، عـەشقـە ڕاوەیـە

(*) جۆ: جۆگە.

لەسەر داهاتی، تەشییەکەت دا لە پل
نێچیری خۆم بووی، یاڵانچی لە مل

نە حاڵم ماوە، نە شێوەی ڕەنگم
مەگەر حەکاکان، بشناسن دەنگم

دوعای مەلا و شێخ گشت فڕوفێڵە
ئاخوم چارەنووس لە شوێن کەویلە

خاڵێ ها وەبان پەنجەی پاتەوە
قولوەڵلا لە بیر، شێخ ئەباتەوە

خۆزگەم وەکوننەی پێستی بزنە
دایم و دەرهەم، ڕەفیقی ژنە

تاکەی دانیشم وە غەمینەوە
وە بەرگی سیای ماتەمینەوە

لە سەردا هاتی، نەتکرد نیگایێ
خۆت بە شا زانی، من بە گەدایێ

یا خوا لەو کەلە، زوو بمخەیە بان
بمخەیە ناو بەین، شل و شلەوخان

دوعایێ دەکەم، گشت بێژن ئامین
مەلا نەمێنن، لەسەر ڕووی زەمین

بێرە سەرینم، بەچرای کەوە
بەجامی شەربەت بەشیفای کەوە

هـەڵسە و هـەڵـمـەسە، شل بـاڵم بـەسە
ئــەگــەر شێخ زادەی حــەقت بــەدەسە

قـایشەکـەی پشتت، نـایـلـۆنـی شیـنـە
مـن بـۆ تـۆ نــابم، بــەخــەو بمبـیـنــە

تۆ وەی چی مەیە، حەز وەوەی مەکە
کەتـان وە رووپۆش، زەردی بەی مەکە

خاڵان ژمـاردم، حەوت و هەشت و نۆ
هیچ خاڵێ نەدیم، وێنەی خاڵی تۆ

تـــازە وەرکـــەوتـــی، بـــانــو بــازاڕی
مـاچیـم پـەی بـارە شەمسەو سالاری

لاکــە بــەم لاوە، بــێنــە جــەمــیـنــم
بــەڵـکـو دەربـچــێ، روحـی شیـریـنـم

دوعــایــێ ئــەکــەم، لــە لای خــوداوە
بـــەمـــاره و تـــەڵاق، بـــێتـــە دواوە

خــودا خــودامــە، پــێغــەمـبــەر راسە
مـێردە گـولـەکـەت، بـۆ مـردن خـاسە

دایـوە بـە سەریـا، چـوارشێوە و عـەبـا
بۆ سەر چاك ئەچێ، لەسەر کانی بـا

دووربـیـنـم خستـووە، بـە مـەریـوانـا
قـیبـلـەم خـەوتووە، لـە توێی کـەتـانـا

ئــەوەنــدە خــەیــاڵ، سەری لــێم داوە
ڕەنگم لـە چـەشنـی، عـالـەم نـەمـاوە

کـایـلـی مـەریـوان شەخسێکی قـورسە
مێردەکەت بمرێ، خۆم بێم بۆ پرسە

جا چۆن شێت نەبم، نە دەم بەخۆمدا
حەیفە من و تۆ، دەسمان لێك بەردا

خـاڵ دانـەی گـۆنـای ئـەو نـەورەسیدە
بـیـەن وە تـەنـەی، بـیـنـایـی دیـدە

چـاوم بـۆ مـەخـە، شووەکـەت خـرابـە
مـن لـە تـۆ خـاسـتـر، جـەرگم کـەبـابـە

ئەوا بەهـار هـات، گوڵان دەبن پەیدا
گوڵ لە عەشقی تۆ، بوون شێت دەبن شەیدا

تـەرمـەکـەم هـەڵگرن، بـەو بـەرامـبـەرە
هـەچ کەس پێم دۆستە، بۆم دا بەسەرە

بـاڵاکـەت بـەرزە، وەك چـنـار لـە چـەم
دەنـگـەکـەم زەردە، وەك چیتی بـەقـەم

ماڵ باوکت شێوێ، بۆ کاری کردت
بـۆ یـاری تـازە، لــە مـن بـگـرتت

چی بکەم، لە دەست نگەی کچی سەیزادە
سەر گۆی مەمکۆڵەی، خوێنی تێ زادە

بــاڵ بــەبــازیــوەن، مــل بــەمــورووەوە
مــردیــن بــە تــاسەی یــەکــتــریــنــەوە

هــەنــار شارەبــان، لــیــمــۆی مــەندەلــی
ئــاگــادارت بــێ، ئــیــمــامــی عــەلــی

شل شل بمکــوتــن بــا بــۆ خــۆم بمرم
خــەم و دەردەدڵ، تــا کــەی هــەڵبگرم

هــەچ بــایــەك مــەیــۆ، بــەلای گــڵــەوە
بــەلای قــیــبــلــەکــەم، خــاڵ وە مــلــەوە

نەرم نەرم و خاو خاو، خۆم بدەم بەئاوا
کوشتەی جوانێکم، ماڵ لە گەلیاوا

خــەمبــار و خــەمین، بــۆ تــۆ خــەمــیــنــم
بــۆ تــۆ بــڕیــاوە، ڕەنگ لــە جــەمــیــنــم

یــا خــوا بــای نــەیــێ و ڕەشەبــا، نــەبــێ
قــیبلــەم تۆراوە، شەو سەرمــای نــەبــێ

یــا بــرایــم سەمین، کــاوڕێك و شەکــێ
کــەلار و بــنــگــرد، بــکــەی بــەیــەکــێ

هــەورێکــی هــێنــا، بــارانــی نــیــیــە
قــیبلــەم مــەیلــەکــەی جارانی نییە

هەرکەسێ نەیبێ دوو دۆست و یارێ
واتــە، بــێ خــەرجــی، بــچێتــە شارێ

هەی داد و بێداد، تا کەی نەکەم دەنگ
گەوهەر فرۆش بووم، بارم بوو بەسەنگ

قەزات بەگیانم، گش ڕۆژێ جارێ
نەمکەی بە تانەی گش ناکەسکارێ

بمکە بەخاتر، برای منداڵت
ماچێکم بەرێ، لە لێوی ئاڵت

هەی داد و بێداد، خەریکی دەردم
سەیری باڵاکەت، تەمام نەکردم

هەر چەن شێخ زادەی، دەماخت بەرزە
ماچی سەرگۆنات، زەکاتی فەرزە

سینەم سەماوەر، چاوم پیاڵە
ئازیز وەمەرگت، حاڵم بەدحاڵە

شەوای تاوەڕۆ، پیشەم تالانە
سینەم سەردەفتەر کوڵ خەیالانە

ڕەشە ڕەیحانە، بنی لە خشتە
یارێکم گرتووە، لەم دەوروپشتە

مانگەشەو خۆشە، دەیدا لە ئاوێ
دۆستی بە بەقا پێناوی ناوێ

بەسم لێ بگرە، سەربانی خۆتان
بە کراسی وایل، سەرپۆشی کەتان

ماڵ دونیام نییە، پێی بکەم سەودا
تۆیشم پێ نادەن، لە ڕێگەی خودا

سەردەشت و سابڵاخ شارەزوور گشتی
هەمووی بەقوربان شاڵەکەی پشتی

هەڵسە با بچین، بەم کەژ و کۆدا
پێ بنێین، وەبان چنوور و لۆدا

یا خوا نە کەرۆ، دەرد وەگیانت بۆ
دەردت وەنەسیب، دوژمنانت بۆ

هەر لە خۆرهەڵات، تا وەخۆرنشین
گشتی وەقوربان مینا دەم نەخشین

بنۆڕە ئەو مانگە ئای چەنێ فەرزە
ماچی دۆسکردن، هەر ئەمشەو قەرزە

شەرت بێ لە داخت، دووهەم لە قینت
پەتی خۆم هەڵخەم، لە گرێی پۆشینت

خۆزیان ڕۆی ئەزەل، نەمدیای بەچەم
نەکەوتمایە ناو، گێچاواتی خەم

شەرت بێ لە داخت هەرگیز نەخەنم
بەرگی غەریبی، لەبەر نەکەنم

خوایە بێتە خوار، ئاو لەوێ تیشێ
سەر بێری دانێ لە ناو قامیشێ

بــەو ئــەستـێرەکـەی روو لـە کـۆ دەکـا
دڵـــم واسواسەی بـــاڵای تـــۆ دەکـــا

قـــەتـــارەی داوە، وەك قـــەتـــارەی قـــاز
لە تاوی گەرما، یەخەی کردووە واز

هەڵکێشە خەنجەر، سەد زامم لێ کە
زام لــە سەری زام، دەرمـــانـــی لـــێ کـــە

هەرچەند سەیرەکەم، دەرماڵتان دیارە
جـەرگـم لـەت لـەتـە، چـارم نـاچـارە

هەر سەر سەراوێ، دەنگ تۆی لێ نایێ
سەر چەشمەی کوێر بێ و ئاو لێی نەزایێ

هـێزی پـێم نـیـیـە، بـچـمـە سەر یـاڵـێ
بـــزانم نـــازدار، هـــا لـــە چ مـــاڵـــێ

هـــەی داد و بـێداد، جـەرگـم بـڕیـاگـە
وەك ئاهوی تەنیا، سەر لێم شێویاگە

شووت نەکرد بەخۆم، بتبەم بۆ کوێستان
شووت کرد، وە بۆزەی مل بڕکە بێستان

خـوایـە بـێتـە خـوار، ئـاو لـەو چـیـایـە
سەر بـــێری دانـــێ، لـــە نـــاو گـــیـــایـــە

سەرتـاپـای تـەنم، ئـاڵـوودەی دەردە
رەنـگم چون پـایز، بێ غـایەت زەردە

کراسەکەت هەڵکە، با خاڵ دەرکەوێ
قەزای من و تۆ، لە شووەکەت کەوێ

مـــن کـــەسم زۆرە، وەك گـــەڵای داران
ئەمما بە خۆم چی، وێڵم لە شاران

هـــەورێکـــی هـــێنـــا، بـــەتـــاو و تـــەرزە
یـــارم راو ئـــەکـــا، لـــە پـــای مـــەرەزە

هـــەڵسە بـــێرە لام هـــەرگـــیـــز مـــەڕۆرۆ
مردووی سەد ساڵەم، زیندوو بکەرۆ

غـــەریـــبـــی شاران خـــەریـــکـم کـــەردەن
بـــێزارم لـــە ژیـــن، ڕازیـــم وە مـــردن

لە قەڵا هاتەخوار، گشت گیانی زەڕە
هـارەی مێخـەکبـەند، ڕەیحـانـەی تـەڕە

کـــەی وەهـــا ئـــەبـــێ، شێوەی دڵـداری
تۆ بە عەیش و نۆش، من بەخەمباری

لـــە قـــەسرۆ هـــاتم، بـــا دای لـــە قـــولـــم
بـــاوەشت دانـــێ، دەس کـــەرۆ مـــلـــم

خـوایـە بـێتـە خـوار، ئـاو لـە وەردێیـە
بـادەی خـەنـەی نـا، لـە زولـفـی شێیـە

سلـێمـانـی خـۆشە، خـاکـی دڵگـیرە
هەرچی لێی بڕوا، حەو ساڵ یەخسیرە

کـچـکـەنـاز، وەی نـاز، نـازت ئـەکێشم
بە خوای بانی سەر بۆ تۆ، دەروێشم

ماڵ باوکت شێویٚ، بۆ مەستی چاوت
خـۆ مـن گـاور نـیم، کـەوتـوومـە داوت

داخـی مـن لـە دەس، کـچـەکـەی مـەلا
پشدێن شل و مـل، یـەخـە بـەرەڵـلا

قـەسەم بـە تـاتـای زولـفـە خـاوەکـەت
من و پێم، لە شوێن مەستی چاوەکەت

چـە شەراو نـیـیـە، یـە ژەهـری مـارە
بـایـەس بـخـوڵـمـەوە چـارم نـاچـارە

دڵەکەی غەریبان، چون پەڕەی گوڵەن
غەریب رەنجاندن، خەیلیٚ موشکیلەن

کەلی سەی شوجاع، بۆ نایەیتە جواو
خۆ من کوشتەی تۆم، سەوزەی واشەچاو

دارەکـەی سەر کـەل، شنـە شنـیـەتـی
خـۆزگـەم بـەو کـەسەی، یـارم ژنـیـەتـی

چـایـەم بـۆ تـێکـە، دوو رەنگ بـنـوێنیٚ
«بەرزە» بۆم تێکا، سەوزە بۆم بێنیٚ

گیان گیان باوانم، دەم رێزەی چینی
لـەو دەمـتـە مـاچـیٚ، تـاڵـی نـەبـیـنـی

دادی مـن لـه دەس، مـاڵـەومـاڵـی تـۆ
دایـم لـه نـاو بـاخ، دەس بـەتـاڵـی تـۆ

قــەومــەل، بــرایــەل، سەرم سورِمــاوە
کـێ دیـویـه، لـیـمـۆ، بـەدار خـورمـاوە

دڵـەکـەم هـەڵـکـەنن، پـڕیـه لـه زووخـاو
سوکـنـایـیـم نـایـێ، بـەسەد گـۆزە ئـاو

دوو کـەو لـه قـەفـەز، هـاتـوچـۆیـانـه
داوای مــەیـل بـڕیـن، مـن و تـۆیـانـه

خـــاڵـــێ وا بـــەبـــان زرانـــیـــتـــەوە
لــەنجە، وا بــه لای، ڕێی کـانـیـتـەوە

خودا هەڵی کەی، باکەی نیوە شەو
بـدا لــه گـۆنـای، ڕاچـنـێ لـه خـەو

کـەی تـۆ، دەلـیـلت، کـیـاسـتـەن وەلام
تا من وەسەرگەرد، پای دەلیلت بام

دیسان باری خەم، نیشتەن له لێوم
بـۆ ڕەحمـێ نـاکـەی، خـەیـلـێ پـەشێوم

دڵـــه بـــنـــاڵـــه جـــۆشی نـــاڵـــەتـــه
ئـــەم دنـیـــا تـــا سەر، لـه قـەواڵـەتـه

دوو هـەوری و مشکی، سه عەلی خانی
شل شل بـپـێـچـێ، لـه ڕێگـەی کـانـی

قـاڵـی و قـاڵـیچـە، دوو گوڵ لـە بـانـی
نـازدار دانیشێ و چـاو جوان لە شانی

دارەکـــەی سـەرکـــەل، تـــاقـــە دارێکـــە
دڵـــم گـــیـــرۆدەی، بـــاڵای یـــارێکـــە

دەسم لـــێ مـــەدە، گشت گـــیـــانم زامـــە
تـــازە زامـــی تـــر، داویـــە لـــەم لامـــە

کـاول بـێ کـەرکووك، خـاکی بۆربۆرە
خـۆشە سلـێمـانـی، کـە جـوانـی زۆرە

یـاخـوا بـەخـێربـێی، مـیـوانـی ئـازیـز
یـان بـەڕۆژ بـەهـار، یـان بـەشـەو پـایز

تـیـرێکت لـێ دام، جـەرگم چـەشتییە
گەر خۆت نەگەی پێم، کار گوزەشتییە

هـەر ئـەڕۆم ئـەڕۆم، بـەردەمـم شـاخـە
لـــە دووری بـــاڵات پـــڕ دڵـــم داخـــە

خـەتـای مـن نییـە، خـەتـای حـاجییە
بـێوەژن خـواستن، نـاعـیـلاجـیـیـە

لـە تـەقـەی بـڕنـەو، شەڕی یـاڵـەویـاڵ
لە گەرمەی شەڕا، تۆم کەوتە خەیاڵ

بـەردەرگـای مـاڵـتـان، ئـەکـەمۆ بـەگوڵ
فـرمـێسك ئـەڕێژم، بـن چڵ وەبـن چڵ

بــەزڕەی زنجیـر، پــای عــەرەبــانــە
دەنـگـی غـەریب دێ، لـەو عـەرەبسانـە

خەم بوو بەنانم، خەم بوو، بەبەرگم
خەم بوو بەخەنجەر، درا، لە جەرگم

جـوانـێ لـەسەر چـی ڕەحـمت نـەمـاوە
ئــاگــرت لــە دڵــی گــەنجان بــەرداوە

مــەمـكـوژە بــەنــاز، بــازە چــەمــانت
بمكــە بــەخــاتــر كـوڕپــەی دامــانت

هــەی داد و بـێداد، تـیـربــارانم كـەن
وێڵــی بــاخــی بــەی نــازدارانم كـەن

كراسەكەت هەڵكە با خاڵ دەركەوێ
قەزای من و تۆ لە شووەكەت كەوێ

مــاچـێكـم بـەرێ لــە چــاوی پــاكت
بـیـكـە بـەخـاتـر، كـاكـۆڵـی كـاكت

ئــێوارە دیمەی عــەسرێ لــە كــانــی
وەك مار پێچم خوارد بۆ چاوەكانی

ڕەێحــانــە ڕەشە سەرپــەل كــەنــێرە
كـوشتـەی كـچـێكـم مـاڵـیـان وا لـێرە

بــاری كـەس نـەبـێ پـەشیـمـانـی تـۆ
كەنگێ وای لێ هات بەینی من و تۆ

گۆشەی لەچکەکەت بەرەو خوار مەکە
هــەزاری وەك مــن، گــرفــتــار مــەکــە

دەی دەی دۆستــەکــەم بـێو مــەڕۆرەوە
ئـیـمشەو لــە لای خـۆم، ڕۆژ بـکـەرەوە

ئەوەن سەبرم کرد مانگ لەکەل دەرات
خـەبــەرێ لـە لای دۆسـتـەکـەم نـەهـات

ئــەچــم بــەڕێوە، ئــەژنــۆم ئــەلــەرزێ
لـێم بـەجـێمـاوە، یـەك گەردن بەرزێ

بــالاکــەت بــەرزە بــە قــەد چـنــارێ
مــەمکت خڕ بـووە بـە قـەد هـەنـارێ

لــەنجە و لارەکــەت، کـۆتـرە بـاریـکـە
شێت و شەیدای تۆم، وەرە ناز مەکە

ئـامـەکـەو ئـامـە، تـۆی دنـیـاو دیـنـم
مــەچــەك پــڕ بــازن، بـیـخـە سەریـنـم

ئــای لــە غــەریـبـی، چــەنــدە گـرانــە
هــەمــوو ڕۆژەکــی سەد دەرد و ژانــە

ئـەچمـە سلـێمـانـی بـۆ تـاقـە جـامـێ
بـە تـکـای خـوشکـی مـاچـێکی دامـێ

تــالّــێ بــەن بـوام، بــەتــەشیـتـەوە
خـولـم بـخـواردای بـەخـوەشیـتـەوە

کوانێ مەیلەکەی جاری جارانت
کوانێ هاتوچۆی، لای ئێوارانت

خەرمانەی داوە، چون خەرمانەی گوڵ
هەی بەفیدات بم، بەژن و باڵا کوڵ

ئەوا من دەڕۆم، بەخەمینەوە
دەترسم بمرم، نەتبینمەوە

شل شل بمکوتن بە بنیاتەوە
بمنێنە زامی سەر گۆناتەوە

دەس لە بانی دەس هەر خزمەتکارم
گوڵم ئەمرکە، من منەتبارم

هەی داد و بێداد، لەم دەوران دیلە
هەر جوانێ بەدەس پیرێ زەلیلە

دەستم لێ مەدە گشت گیانم زامە
تازە زامێکم هاتووە لەم لامە

نە من کاروانچیم، نە گەنم سینم
هەر تەنیا هاتووم باڵات ببینم

مێخەکبەندەکەت بیست و دوو لۆیە
خودا دەیزانی قابیل بەتۆیە

فیدای ئەو خاڵەت ها بەزنجەوە
ئەڵێی مێخەکە بەنارنجەوە

گەل گەل کناچان ئامان لەسەردا
من پەی لەنجەکەت خاکم وەسەردا

یاخوا ماڵەکەت بەرامبەرم بێ
گڕی چراکەت سایەی سەرم بێ

حەو ساڵ باخەوان نەمامی تۆ بووم
نەمام هاتەبەر، خۆم ڕەنجەڕۆ بووم

خوایە من چی بکەم چیم دەسەڵاتە
لەجیاتی ماچان، خەمم خەڵاتە

سەماوەری زەرد دەسکەکەی زیوە
ڕەحمەت لەو دایکە، یارمی دیوە

ورد ورد و پەری، شل شل مەشنەیەی
ماچی ولیەتی، جە باخچە چنیەی

بۆیە پێم خۆشە گوێم لە دەنگت بێ
باڵا بەرزەکەت کێلی قەبرم بێ

دوربینی نیاویم کیشوا پاڵت
بزانو چیش ئامان بەختەتوخاڵت

نەعلەت لە شەرتت بە بەقاتەوە
دڵەکەم تۆراوە ها وەلاتەوە

بۆی هەناسەی خۆش باخەڵ خەفی شەو
خاسترە لە گەنج خەزانەی خوسرەو

سەرو سینـەکـەیت کـێلانـی کـەوی
مـن خـوانـو چـەنیت تـا ساڵـەی نـەوی

دارەکــەی سەرکــەڵ شنــە شنـیــەتــی
خۆزگەم بەو کەسەی دۆستم ژنیەتی

بـــالاکـــەم بـــەرزە دڵـــم شی وەنـــە
سەرەت خـەنـەنـیـا پـوەش مـی چـەنـە

ئـــەتـــرسم بمرم بـــەمـــەراقـــەوە
یـــارم نــەبـیـنـم، بــە تــەلاقــەوە

ئەی خوا چەن خۆشە ماچی ژن شوودار
بـۆ دەرمـــان ئـــەشێ بـــۆ سێبــەرۆدار

بـالاکـەم بـەرزە بـەقـەد بـالاکـەم
ئـاشتـم کـەرەوە بـێمـە مـاڵـەکـەت

ڕەشە ڕەیـحـانـە هـا بـەڕیـزەوە
یـارێکـم گـرتـووە، لـە پـایـزەوە

بـڵـێن بـەیـارم دەس لـە دڵـم نـێت
یـان بـێ بمکوژێ یـان لـە گڵـم نـێت

دەسەکـەت بـێنـە بـیـخـە سەر کـۆشم
بـەڵکـو ساکین بـێ، دڵـەی پـڕ جۆشم

ئـەگـەر وەبـێ تـۆ خـەو کـەردەنیم بۆ
یـاخـوا ئـەو خـەوە وەمـەردەنـیـم بۆ

خۆزیا هەر شەوبوت، لە ڕۆژ بێزارم
هـیـچ عـەیـبـم نـیـیـە، عـاشقـی زارم

ئـەگـریـجـە و پـەرچـەم ڕەش تێکـەڵاوە
هــەروەك وەنـەوشە و عـەتـر و گـوڵاوە

دەمــەکـەت بـێرە خـۆیـچـم دەم تـێرەم
مـاچێکم پـێ بدە بـە خوات ئـەسپێرم

دەڵــێن لــەو ژوورە شەکـر، کـڵـۆیــە
سەڵـتـەی دیـاربـەکر قـابـیلـی تـۆیـە

بــەقــوربــانــویم، لــە دوور دیــاری
چـمـان وەنـەوشە، ئـەوەڵ بـەهـاری

ئــەو بــالابـەرزە، ئـەو گـوڵ بـەسەرە
مـنـی کـوشتـگـە و خـۆی بـێ خـەبـەرە

دوس ئــازیـزەکـەم بـەو بـچـیـنـەوە
گـوڵ واتـی لـە بـان کـەمـەرچـیـنـەوە

بـەو خـۆرهــەڵاتـە بـەو خـۆرنشینـە
هـیـچت جوان نـیـە، شێوەت شیرینـە

خۆزگەم بۆ سیروان بۆ خاك شەیدایە
شێتـیـیـەکـەی مـن لـە بـۆ لـەیلایـە

سەرێ بەرزکەرۆ، ڕوو لە گەردوون کە
تـەمـاشای نـاڵـەی پـیرە دەروون کـە

ئـەو کـچـە جـوانـە، ئـەو چـاو خـومـارە
مـنـــی کـوشتـووە، عــەلمۆدەی شارە

بۆی گوڵ، بۆی مێخەك، بۆی ئەو مەمانە
هـەزار گـەنـج و پـیر، بـۆی مـاڵـوێرانـە

ئـــەو بـــڕە مـــاڵـــەی لـــەو بـنـــار کـێوە
هەمووم خۆش دەوێ لە سایەی تۆوە

چـــنـــــار لاولاو سەریـــان دەرچـــووە
ڕوحـــم عـــاشقـــی بـــاڵاکـــەت بـووە

ئـــەگـەر بـنـیـــادەم بـــە خـــەم مـردایـە
ئـــەشێ مـــن پـــەی تـــۆ دیـقـم کـــەردایـە

یـــارێکـم هـــەیـە، یـــاری کـەس نـیـیـە
لـیـمـۆکـەی کـاڵی، زەدەی دەس نییە

هەر خۆم ئەو یارەم ڕێم لێ گۆڕاوە
نـــارنـــج و لـــیـمـۆم بـــۆ تـــۆ هـــێنـــاوە

نیوەشەو ڕابورد ئەی کەی لە لات بم
هـەر نـەختێ تـەنیـا بـە بـاڵات شادبم

مـــیـــوانـــی ڕۆژم مـــەمـــخـــەرە شەوێ
بمخـــەیـتـــە شەوێ بـاخـــەڵـم ئـــەوێ

شەرت بـــۆ جـــەداخ و زوڵـفـــە زەرداوە
شەوچـــۆڵـــی ساچـــو رۆ بـــەهـــەرداوە

پیاڵە و ژێرپیاڵە، کەوچکەکەی زیوە
فیدای ئەو کەسەم تۆی بۆ من دیوە

ئــــەتـــرسم بمرم بــــەگشت دەردەوە
بــەئــاهــو نــاڵــەی گــەردن زەردەوە

ئـای هـۆ لـەرزانـە، ئـەمـانـە لـەرزانـە
سەد جار پیرۆزبێ لوولە و گەردانە

دەمــەگـری مــەگـری گـریـانت نـایـێ
بـەمـاچ و دووماچ هـیـچت لـێ نـایـێ

ئــەتــرسم بمرم مــن نــەدەن بــەتــۆ
لـەسەر سەریـنـێ نـەکـەیـن گفـتـوگـۆ

یـاخـوا بـەخـێربـێی، ئـەی کـچـی نـاسك
باڵا وەك لاولاو، چاو وێنەی ئاسك

شل شل بمکــوتــن بــا بــۆخــۆم بمرم
خــەم و دەردەدڵ تــاکــەی هــەڵـبـگـرم

خۆزگەم بەو ڕۆژەی چووین بۆ جەوتەکە
شەقەی ماچوموچ بن ئەشکەوتەکە

هــەر کـوێی ئـەچـم هــەر بـاسی تـۆیـە
دۆستـە جـوانـەکـەم، کیـژۆڵـەی کـۆیـە

لــە دەروچــەگــە سەر بـکـێشوو دەر
عالەم ڕوشن کە، وەرجە لیك حەزەر

لــە بــەرزی کــەوان بـکــەنین قــەورم
مــەگــەر غــەزالان جــەم بــدەن دەورم

کـفـنـەکـەم بـدڕن، بـە دەمـی مـەقـەس
شەرتە مەیلەکەت بەرنەدەم لە دەس

زولـفـەیـل لـویـلـە، تـاڵ تـاڵ بکیشەم
بکـەم بـە چـارداغ، لـە سای بـنیشەم

مـلـمـێ پـەی هـانـە، سەر زوڵفت تـەڕا
مـاچـی چـنـووری پـای کـەمـا جـەڕا

هـەرخۆم بەفیدای چاوە جوانـەکەت
هـامشۆی گـەرمـی دەوری مـاڵەکەت

وەفـای بـاڵات بم، لـە دوور ئـەشنێی
وێنـەی ڕەیـحـانـە، لـە بـنـج ئـەکـنێی

هـۆ کـوڕە ڕەشتـاڵـە، شانم لـێ مـەدە
بـە یـارم نـابـی، پـەنـدم پـێ مـەدە

نـەختـێ بـە نـەرمـی ڕاکشێ لـە پـاڵم
قـۆڵ ڕائـەکـێشم سەرکـە سەر بـاڵـم

هۆ خاڵۆی ڕێبوار ڕێم لەبەر ناچێ
سەر ڕێم گـرتـووە بـۆ تـاقـە مـاچێ

گـوڵــی بــەهــاری گـردم بـۆ کـردی
بــۆ تــۆ شانــەدا دەسکــەنــەم کــەردی

بــەو ئــەستــێرانــەی وان بــە هــەواوە
هـێشتـا مـەیلـی تـۆم بـە کـەس نـەداوە

کەم بێ و کەم بچۆ، کەم خۆت بنوێنە
کـەم تـانـەی عـالـەم بـەسەرم بـێنـە

ئـیـمـڕۆ بـاری غـەم نـیشتـووە لـە لێوم
بـۆ ڕوحـمـێ نـاکـەی بـەدڵـەی پـەشێوم

کەم بکە بانەوبان، کەم بکە تەماشا
دایکی حەوت کوڕیم، بۆت ئەکەم حاشا

خــودا خــودامــە، ڕۆژ بــبــێ ئــاوا
دەستـم بـگـێڕم لـە بـاخـچـەی ساوا

کەوتۆتە بەینمان حەوکێوی شین شین
لە یەکیان کردین دڵڕەق و بێ دین

هــەستــە لــە خــەوێ بــەری بــەیـانــە
هــەتـا پـێك دەبڕێین، ئـاخری زەمـانـە

هـەرچەن وتوومە مەچوو سەر دوکان
ئـەو بـاوەحـیـزە، چـەولـە لێت قرپـان

بـیـلاشەو و یـەکـەت شوە کـەدار بـوت
سفـیـدی سیـنـەت وە پـێم دیـار بـوت

گــەواهــی عــەشقت ڕەنگ زەردمــە
مــاچ نــاو دەمت دەوای دەردمــە

هەرچەن سەیرەکەم ڕێیماڵتان دیارە
وەك مار پێچ ئەخۆم چارم ناچارە

کوانێ مەیلەکەی جاری جارانت
هامشۆی گەرمی دەم ئێوارانت

ئەو سەر سەراوە دەنگ تۆ لێ نای
کانێکەی خشك بوت، ئاو لەتێ نەزای

شل شل بمکوتن لەگەڵ قاوەی کاڵ
بمکەن بە دەرمان لە بۆ وردە خاڵ

دەسە سڕەکەت بنێ لە بوخچە
بۆ ئارەق سڕین ڕێگەی هەڵەبجە

کاغەز دەنووسم لە گەڵای بێستان
چاوەڕێی یارم بێتۆ لە بێستان

نیوەشەو رابورد تاکەی لە لات بم
لە خوام گەرەکە بەباڵات شاد بم

هەڵسە بێرە لام قایش پشتێنی
خۆم سوێم بووە، تاکەی نامدوێنی

ئەو بڕە ماڵە خەزوورانمە
سەوزەی قەدباریك دەزگیرانمە

کچە جوانەکەی ڕوومەت ئاوێنە
تۆ سەری باوکت جامێ ئاو بێنە

هـەی داد و بـێداد کـەی ئـەمـە حـاڵـە
هـەردەم خـەریکی ئـەگریجە و خاڵە

ئـەتـرسم بـیـڵـێم نـەکـێشی نـازم
تـۆ خـۆت ئـەزانی چیت لـێ ئـەخوازم

ئـاخ خـۆزگـە جـوانـی ئـەهـاتـە دواوە
گـڵـەیـیـی پـیـریـم ئـەکـرد بـەلاوە

ئـەمـبـەرم شێوە ئـەوبـەرم ئـاوە
بـۆ لای یـار ئـەچـم ڕێم لـێ گـیراوە

گشتی کۆ ئەکەم بێ خواردن و خەو
مـایـە سەرمـایەم بۆ شیربـاییی ئەو

شاخەکەی ئەودیو، کەوشەکەی دڕیم
زیـڕەی تـەلـەفـۆن هـێزی لـێ بـڕیـم

ئەو چاو هەسارە، هاوسێی خۆمانە
بـالاکـەی بـەرزە، سەرسینـەی پـانـە

چـاوان مـەگـێڕە گـەلـەك شیـریـنـی
بـەیـنـی مـەمـانت، شانـەی هـەنگینی

سەرم وەسەرگـەرد نـام وەکـۆتـەوە
پـەنجەم دارژا، وە لـیـمـۆتـەوە

پـڵـپـڵـەی نـاسك شۆڕبـوونـە خـوارێ
لاگـیـر بـوون لـەسەر جـۆتـە هـەنـارێ

بــۆ شەونشیــنـــی بــێ وەمـــاڵـــەوە
دەم بـــنـــێم وەبـــان وردە خـــاڵـــەوە

بــێ وە مــاڵــەکــەم کــەردێ شەوپـێوە
ڕەوانـــەت ئـــەکـــەم لـــەو ڕاستـــە ڕێوە

سەد داخ و سەد داخ سەد خەیاڵ و خەم
سەدیش واسواسە لـــەلام بـــووە جـــەم

هــەڵـی تـەکـێنـە، قـەزات لـە گـیـانم
سەرگۆی مەمکەکەت بخشێ لە باڵم

ئـــەوا هـــاتـــەخـــوار لـــە ژوور سەراوە
کـتـێب بـــەدەستـــە لـــە ژێر عـــەبـاوە

ئـەوەنـدە لـێفـەی دوو کـەسیـم کـڕی
هـــەمـــوویـم هــەر بـە تـەنـیـایـی دڕی

ئـــەتـــرسم بمرم قـــەورەکـــەم غـــاربـــێ
قـەورەکـەم لـە دەس، گـەلـێ بـێزاربـێ

مشکییەکەی سەرت، حاشییە دوگردی
شل شل بـپـێچـە دەستـووری کـوردی

وەختە لە داخت لانکێ لە کۆڵ کەم
بچمە بیتـوێنـێ بـەرچاوت چۆڵ کەم

مـردووم لـێ دەمـرێ، شینـی جـارێکـە
کـە لـە تـۆ دووربم، زەحـمـەت کـارێکـە

سەعــاتــی دەستت نــیــو لــیــرە پــێوە
وەك ئــــامـــیـــر لــیـــوا دەڕوا بـــەڕێوە

جوان بیم لە عیشق تۆ پیرم کردی
وە زنجیـری زوڵـف ئـەسیـرم کـردی

خودا داد لە دەس، دییەتی ئەو ماڵ
کلکی چوو بلوور، چاوێل چوو پیاڵ

مـاچـێکـم بـەرێ، ئـا لـە خـاڵـەکـەت
خـۆم بـەقـوربــانـی لـێوە ئـاڵـەکـەت

خۆ من بەبێ تۆ، وەك مردووم مردوو
هـەروام لـە خـەیـاڵ، ساڵـی ڕابـردوو

قـەزات لـە گـیـانم، بـاڵات بـارم بـێ
دنـیـا بـەبـێ تـۆ بـە زیـنـهـارم بـێ

مـن گـوتم بـە تـۆ، تـۆ دیـدە مـەس بـە
خۆ نەمگوت کوشتەی منی بێکەس بە

سەرم بـەسەرگـەرد ئـەو جـفـتـە چـاوە
ئـەڵـێی نـێرگـزە، هــەر زۆر بـێ ئـاوە

تــاڵـێ لــەو زولـفــە بـوو بـەپـاوەنم
بـــەبــۆنـــەی تـــۆوە، لـــەم شارە بـــەنم

بـەس وەرە و بـڕۆ لـەو عـەرد و بـانـە
جـاحـێڵت کـوشتن، لـەو دیـوەخـانـە

هەڵکە پاو و پووز، با دەرکەوێ خاڵ
لەوە مەترسە، دینت بێ بەتاڵ

هەڵی تەکێنە قەزات لە ماڵم
سەرگۆی مەمکەکەت بخشێ لە باڵم

شەرتبێ لە داخت هەرگیز نەخونەم
بەرگ ئازیەتی، لە دەور نەکونەم

ماڵ دوس باری کرد، بارم کردە غەم
شەرتە بەداخت هەرگیز نەخەنەم

ئەر بکیشێنم بکونین پرسەم
مەرەس ئەگەرنیم لە نایاد دوسەم

کاشکای من بیاتام گوێزەی بان شاند
تك تك بتکیام وەناو مەماند

بالاکەت بەرزە ئەڵێی دارتەلە
مەمکت پەروەردەی سوخمەی مەخمەلە

گشت دەوارنشین شارو دێکانی
نەشمیلەی وەك تۆم نەدی بەجوانی

بەجووتە پەلکەی ڕەش تێکەڵاوت
بەگەردنی بەرزی زەرد هەڵگەڕاوت

هەی بەفیدات بم چاو وەك چاوی باز
ئیتر بەس بکە، تۆ بەسەرما ناز

سوورەگوڵەکەی باخی بەهەشتی
یا سوورە گوڵەی سێوی سەردەشتی

شاتە شەتاوان، کەو لە نزاران
سەرگۆی مەمەکەت نارنجی شاران

خوایە هەڵی کەی شەماڵێ بە شەو
بیدا لە یارم تا هەڵسێ لە خەو

دەسم نەڕەسی وە بەرزی شاند
تا قەسەم بخۆم وە دیدەکاند

تو مەچو مەچو، تا برسم وەپید
باسی لە پلە جوان گەد پیۆشی وەپید

دەرقاپی حەوشتان زبڵەکەی پێوە
زوڵفت ڕەیحانە و مەمانت سێوە

بالاکەت بەرزە مەیدە بەخەسار
دڵ هەر یەکێکە مەیدە بەهەزار

بەوە ماڵەکەم شەو نەچۆرەوە
تا لە خزمەت بووم تا ڕۆژ بوورەوە

سڵاو مەنێرە لە سڵاو بێزارم
نامە بنێرە خۆم خوێندەوارم

کراسەکەی بەرت چیتی قەنەوز
شەوێ دێم بۆ لات نەمانکەی بەدز

هەزار یارم بێ وەك حۆری و پەری
چاوم کەوت بەتۆ، لە گشت بێ بەری

لەیلێ خۆم وەغولام دیدەی پڕ لە کل
مل و مێخەکبەند، قەتارەی سمڵ

هەزار یارم بێ، هەر تۆ یارمی
چونکە یارەکەی یەکەم جارمی

راستە سینەکەت وەك پەمۆ نەرمە
هەر شەو لە شوێنێ مەزاتت گەرمە

کوردم کورد وەچە، لە عێڵی پشکۆ
ئاڵوودەم وەبۆن مێخەکبەنی تۆ

هەی هەی لەو زوڵفە، وەی وەی لەو لێوە
وەك بەفری چیا، زەردەی خۆر پێوە

هاڕەی مێخەکبەند، شەو لە خاوم کرد
چون ئازاردار، داوای ئاوم کرد

خاڵ شین و ماوی، لای کچە کوردە
خالآن دەور مەم، درشت و وردە

کراسەکەت تەنکە، گیانت دیارە
ئێستە مەمکوژە، بمخە ئێوارە

ئەگەر نەبوایەم دێوانەی خاڵت
من گڕ چیم ئەخوارد لە دەوری ماڵت

بــەکــۆڵ بــکــێشم دەرد و بــەڵاکــەت
بــا مـن مــاچـی کـەم، دانـە خـاڵـەکـەت

دەنــگت هــەڵــبــڕە، بــنــاسم دەنــگت
من بەقوربانی سوخمەی قۆڵ تەنگت

خاڵ زنج یەکێکە، هین لێوی دووان
خــاڵ غـەوغـەوەی مـن، هــاوردە زوان

دەچــی بــۆ حــەمــام، بمبــە لــەگــەڵت
بمدە بــە سابــوون، بمخــە بــاخــەڵت

خــاڵ قـۆڵ یـەکێکە، خـاڵ مل دووانـە
خــاڵـی نــاو مـەمـان، پێنـج و شەشانـە

هــەر مــن مــنــاڵــم، گڕوگــاڵ ئــەکــەم
داوای مــژیــنــی، وردە خــاڵ ئــەکــەم

ئــەگــەر بمدەیــتــێ لــە چــاوت مــاچــێ
حەفتا و حەفت پشتت وەدۆزەخ ناچێ

خــاڵــێ هــاوەبــان نــەرمــەی ڕانــتــەوە
هــەرکــەس بیبینێ، خــەو ئــەیبــاتــەوە

تــازەم زانــیــوە، مــەریــوان دەشتــە
مــاچـی قـەیرە کچ، نـیـوەی بـەهـەشتـە

خــاڵــێ لـە نـێوان ئـەبـرۆی تـۆ بـەنـە
یەکجار ئەو خاڵە، ڕیشەی دڵ کەنە

سەیری خاڵەکەی، چەن جوان کوتراوە
ئــەڵــێی مــێخــەکــە، لــە ئــاو نــراوە

دووبەی دوو نارنج، دوو یەخەی وازت
ئـەو دیـدە کـوێر بـێ، نـەکـێشێ نـازت

دەمــا غ بــڵــنــدی، عــەتــرشارت بــێ
هـەردەم سەربـەرزی، گەر ماچ یارت بێ

جــادەی ڕەوانــدز خــۆڵ و تــۆز دەکــا
مـاچـی گـەورە کـچ، کـوڕ ئـاڵۆز دەکا

سێ مانگەی زستان، هەر شەو بوایە
دەم لە ناوی دەم، چاو لە خەو بوایە

دەمـم بـرد بـۆ لـێو، لـێو چـوو وەنـاوا
دەمــم چـوو وەنــاو شووشەی گــوڵاوا

جووتە مەمکەکەت، کێلی قەبرم بێ
زوڵــفــە ڕەشەکـەت گـەڵای دەورم بــێ

دوو ماچم قەردبان، لەوان کیژۆران
لێو لە گەردەنێ، دەست لە مەوکۆران

جار جارێ بەناز گێجی ئا دەسماڵ
لە هاڕەی قەران لەرەی لیمۆی کاڵ

عـاشقـم بـەبـاڵای دانـەی مـووسایـی
نـە سڵام نـاو ڕێگـا، نـە مـەرحـەبـایـی

لـیـمـۆ کـاڵـەکـەت تـازە کـرگـە بـن
مـەیـوە بـۆ تـاران بـیـفـرۆشە بـە مـن

هەڵاڵەی مەکە هەی هەی بەهەرزان
بیفرۆشە بەخوەم سەربەسەر بەگیان

بە چ قەسەم خوەم باوەڕ بکەی پێم
وەختە وەك کوورە کڵپە هەڵسێ لێم

جـار جـارێ بـەنـاز بـەرکـە بـەمـلاوە
مـەمـانـدە بـە دەس غـەمـی دنـیـاوە

ئـەگـەر مـەیلـەکـەت فـەرامـۆشم بـێ
کفنی سوور و زەرد، باڵا پۆشم بێ

سەرێ هەڵبڕە، سەیری گەردوون کە
سەیـری گـرپـەیـی پـیـرە دەروون کـە

هەڵسە وەرە لام، وەك جاری جاران
بـەکـوێری نـاحـەز، بـەشادی یـاران

دەمەکەت هەنگوین لە قوتووی شیندا
ناردمە خوازبێنی لێم چوون بەقیندا

بـۆ لای کـێ بـچـم، دەس بـەزامـەوە
کـێ دەرمـانم کـا، شەو بـەلامـەوە

وەنـەوشەم دەچـنـی، مـاڵـۆ بـەمـاڵـۆ
خەڵکی پێ شاد بوو، منیش ڕەنجەڕۆ

هــێزی پــێم نــیــیــە، بــڕۆم بــەرێدا
یــارم نــەخــۆشە، کــەوتــووە لــە جـێدا

هـێزی پـێم نـیـیـە، بـڕۆم ڕاوەستـم
چون شێت و شەیدای دوو چاوی مەستم

ئـەگـەر مـەیـلـەکـەت فـەرامـۆشم بـوت
سفــیــدی کــفــن، بــاڵاپــۆشم بــوت

کـەوبـاڕ و کـەوبـاڕ، کـەوەك دەخـینـی
لە شریقەی ماچان، کەوان دەفڕێنی

ئـەوا مـانگ هـەڵات، مـانگی بـەیـانی
مـاچـی کـچ خـۆشە، لـە ڕێگـەی کـانی

ئەی خوا چەن خۆشە ماچی نیوەشەو
دەم ئەبەی بۆ دەم، ڕائەچنێ لە خەو

دارەکـەی بـەرمـاڵ، بـا ئـەیشەکـێنـێ
مـاچـی گـەورە کـچ لـێو ئـەتـەزێنـێ

مـەمـکـە خـڕەکـەی لـە دەس ڕائـەکـا
پـیـریش وەکـو لاو بـۆی سەمـا ئـەکـا

جـووتـە چـاوەکـەت، وەك چـاوی بـازە
جووتە مەمکەکەت، وەك هێلکەی قازە

لـیـمـۆ چ لـیـمـۆ، تـورنجەی بـاخـان
دەستم لە بۆی برد، وەك مەل ئەیشاخان

کوڕە ڕەشتاڵەی، ڕەش مشکی وەسەر
ئەگەر نامخوازی، ساڵ نەوەی وەسەر

ئـەیبـان و ئـەوبـان، یـەچـە بـانێك بـی
دوس لە دوس بڕیا، یەچە ژانێك بی

ئــەگــەر کــچ حــەزکـا، کـوڕ بـلاوێنـێ
گۆزە هەڵدەگرێ، لە دوور ئاو دێنێ

ماڵ باوکت شێوێ بۆ چاوی مەستت
خـۆ مـن گـاورنـیـم کـەوتـوومـە دەستت

یاخوا هەر شەو بێ، هەر مانگەشەو بێ
بەل قافڵەی یارم، سەلامەت ڕەوبێ

جوان بیم، لە عیشق تۆ پیرم کردی
وە زنجیـری زولـفت ئــەسیـرم کـردی

ئـەچـمـە سلێمـانـی و لـەوێش شنـۆیـێ
کـراست بـۆ دێنـم لـە گـوڵ لـیـمـۆیـێ

مـاڵـمـان مـاڵاوسێ، دەنگم نـایـگـاتـێ
بۆ خۆی حەز ئەکا، دایکی نامداتێ

سابـڵاخم خۆشە، کووچە بەکووچە
قـیـمـەتـی نـایـێ، مـەمك هـەڵـووچـە

یاخوا بەخێر بێی، ئەی دۆستی ئازیز
بــەڕۆژی بــەهــار بــەشەوی پــایــز

هەستە لە خەوێ بزانە چیم دەوێ
لە گەردنی زەردت دوو ماچم دەوێ

ئەگەر خاڵ ئەڵێی خاڵی گۆناکەت
لاولاویش ئەڵێی، قەد و باڵاکەت

کراس و دەرپێکەت، دەڵێی دەوارە
ئەگەر بۆت بشۆم کاکم دیارە

ئەگەر دەمزانی لە کوێ دەکەی ڕاو
تۆزی خاکی ڕێت دەمکردە قەنداو

دەترسێم بمرم، نەگرم یارێکی
بێتە سەر قەبرم ساڵی جارێکی

دەڵێن لە هەولێر عەلمۆدە زۆرە
هەمووی قوربانی ئەو کراس مۆرە

بیکە خاتری دڵەی لە دەس چوو
سەرت هەڵێنە ئاگرم تێ بەربوو

ئیمشەو چەند شەوە یار لە ماڵ نییە
کەس لە ناڵەی کەس خەبەردار نییە

ئەو ماڵە جوانە بەرامبەرم بوو
چرا خەت بووزت، سورمەی چاوم بوو

ڕانەکە ڕۆیی پەچە وە پەچە
ماچێکمان بەرێ ئەرێ شێخ بەچە

ڕەیــحـــانـــەم تــیــا وەقـــەتـــارەوە
مــن وەتــەمــای تــۆم لــە بــەهــارەوە

جــوانــان وەبــەرگ قــەتــرانــیــیــەوە
مــەیـلـیـان هــا وەلای جـوانـیـیـەوە

نـــە چـــاو تـێر دەبــێ نـــە دڵ دەبـێزی
خـۆم لـێرە مـاوم، یـار لـە تـەورێزی

ڕەنگم زەرد نەبوو، تۆ کردت بە بەی
لـە خـوام گـەرەکـە، بـەمـەرام نـەگـەی

بەو مـانگە قەسەم مـانگ خەیلێ بەرزە
مـاچی ژن شوودار، هەر ئەمشەو فەرزە

ئـەو قـاتـە جـوانـەت بـخـەرە بوخـچـە
وەختێ دەربکەم گوڵەیل کردیە خونچە

ئــیـمشەو دوو شەوە دوور لـە یـارانم
وەك بـاخـچەی بێ ئـاو تـەشنەی بـارانم

نـاوەکـەت خـۆشە، خۆش نـاوێ داری
لیواش گوڵ خونچەی ئەوەڵ بەهـاری

قوربـان بـاڵات بم دەس وەدوو دەسماڵ
لە تۆی خورشیدی خۆمت دا شەماڵ

وەرە سەر دەرکێ، وەك مـانگ لە سوێ
چـــاوەکــەم جــارێ لـــەگـەڵـم بـدوێ

لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
بەنازی چاوی جەرگم دەردێنێ

وەختی بێ یار بووی هەر منت یار بووم
هەر من بەوەفا، هەر من غەمخوار بووم

کەنیشکی بچکۆڵەی هی دوێنێ شەوێ
بائەمشەو بەجووت خەومان لێ کەوێ

زولفی وەك ڕەشمار هاتۆتە خوارێ
لێوی شکۆفەی نەکردووە جارێ

لە خوام تەڵەبە بەگوڵ و ژاڵەبی
هەردەم لە سونعی چواردەساڵەبی

لایەك بکەرۆ، خوای خۆت بناسە
بزانە دڵەکەم، چەنێ کەساسە

شەوەکەی زستان هەر لە بیرمە
داوێك لە زولفت کەمەرگیرمە

تازە تێکەڵ بوون، پەرچەم و خاڵی
دێوانەی کردووم، بەلێوی ئاڵی

وەرە دانیشین لە بن داری بەی
جامێ بنۆشین لە خۆشاوی مەی

هەی داد و بێداد لەو وێران شارە
نە دەنگی یار دێ نە خۆی دیارە

پـێم خـۆشە بمرم نـەڕوا گـوڵـەکـەم
کـە ڕۆیـی دەپسێ، بـەنـدی دڵـەکـەم

سێو بەبێ مێخەك بۆ سەوقات نابێ
بـۆ مـاچـێ دووان، قـیـامـەت ڕانـابـێ

مـاڵـتـان بـاری کرد نـەگـەیمە کۆچـی
حەزم لێ نەکەی، مۆرە لە پای چی؟

هــەی داد و بــێداد مــردم بــەتــەنــێ
یا ماڵم بارکەن، یا ئەو کچەم دەنێ

لەبـەر مـاڵـەکەت پێم سووریـا کەفتم
لە خۆشبەختیما شەو لە لات خەفتم

لـە بـیـرت نـایـێ، شەوەکـەی سەرجـۆ
تـکـا و لاڵـەی مـن، مـەکـە مـەکـەی تـۆ

ئـەڵـوەن هـاتـیـیـەوە بـەبـەرزی قـەڵا
خـوایـە یـارەکـەم دوور بـێ لـە بـەڵا

لــە قــەسرەو هــاتم لــیـمـۆ بــارمــە
دڵـخـۆشیـم بـەسە، ئـەو کـچـە یـارمـە

لەسەر گفتی تۆ، دوێ شەو نەخەوتم
هاتمە دەر ماڵتان، دزە و دز کەوتم

شلکەی کەمەرەت خستمیە ئەو حاڵە
حــاڵـم پــەشێوە، زیـنـدەگـیـم تـاڵـە

سەرمەستی ماچی دەم و لێوی تۆم
کوژراوی لەنجە و نازی چاوی تۆم

خووم پێ گرتووە، ئەقڵ و هۆشم چوو
چەندم هەوڵ دا، هەر بۆ من نەبوو

هەی داد هەی بێداد لەم بێدادیمە
بێدادیم لە دەس شەو تەنیاییمە

زامەکەی سەختە دەس بگری پێوە
ئەوا خوێنەکەی بڕشێ لێوە

قەورێ هەڵکەنن لە بانی مەڕمەڕ
واوەشینی کەن وەڕەیحانەی تەڕ

من کوڕی خەم بویم لە خەم بویم جیا
خەم ناوکم بڕی، خەم ناوی تیا

ئاوێنەی دڵم، تۆی تیا ئەبینم
سەرمەستی کردووم، یاری شیرینم

ئەڵێن لە بانە، شەدە هەرزانە
شەدە قابیلی باڵا بەرزانە

مێخەکبەند بوام، شەو لە گەردنت
هاوڕازت بوام، تا ڕۆژ مردنت

ئاخ و داخ لەیلێ، لەیلە باشەکەم
لە لێوی سوورت، کوانێ بەشەکەم

دەبــێ بــەسەریـا، کـێش بـەدوولانــە
بـۆ سەیـران ئـەچـێ بـۆ ڕێی مـەولانـە

ئــەو مـێخـەکبـەندەی لـە مـلـی تـۆدا
پـــەرێشان بــووە، بـــەسەر لـیـمـۆدا

ئـاگـرم تـێ بـەربـوو، وەك پـیـرەداران
نـــاکــوژێنــمــەوە، مــەگــەر وەیــاران

لــە هــارەی مـێخـەك، خـڕەی لـەرزانـە
عـــاشق بـــە بــالأی بــالأبـــەرزانــە

بـەسەرگـەردت بم گوڵـەکەی بـەیـانـی
کوشتوومی بەناز ماچی ڕێی کانی

دەچـمـە ئـەو شاخـە دەنگ هـەڵدەدێرم
دەنــگــم نــایــگــاتـێ، نــامــە دەنـێرم

ئـای مەچۆ مەچۆ، خانمە خاسەکەم
پـــا بــنـــێ وەبـــان دیــدە ڕاسەکـــەم

بـڵـێن بـەداران خـۆزگـەم بـەخـۆیـان
تـۆزی ژێر پـێکـەی ئـەنـیشێ لـێیـان

بەفیدای بالأی بم لە دوور شەڕ ئەکا
وەکـو شۆڕەبـی، سەیـری چـەم ئـەکـا

ئەچی بۆ مەکتەب بەم جووتە پووزە
خـوداش ئـەزانـێ بـەژنـەکـەت قـۆزە

سەوڵ و ڕەیحـانـە بـنـیـان لـەشەتـە
یـارێکـم گـرتـووە، تـازە نـۆ خـەتـە

چەپکێ گوڵ نێرگز سەوڵ و ڕەیحانە
ئـەیـنـێرم بـۆ یـار، بـۆ قـژی جـوانـە

هـەڵسە بـێرە لام قـایش پشدێنـی
خـۆ مـن چـاوەڕێم تـاکـەی نـامدوێنـی

کـۆلانـەکـەمـان پـێچ ئـەکـاتـەوە
یـارم شەرمـنـە لا نـاکـاتـەوە

هەڵسە با بڕۆین بۆ کوێ ئەڵێی دێم
لـە نـاو نـاحـەزان تـانـە مـەدە لـێم

چـاوەکـەت ڕەشە و مـەستـە، کـلـی کـە
شەرمی پێ ناوێ، دەس لە ملی کە

ئـەگـەر جـاروبـار، خـۆم ئـەتـۆرێنـم
درۆیـە بـڵـێم، وازت لـێ دێنـم

کـە بـەمـەمـکـۆڵـە بـەخـێو کـرابم
چۆن هەتا ئەمرم، مەم پەرس نابم

بە چ قەسەم خوەم باوەڕ بکەی پێم
وەختە وەك کوورە کڵپە هەڵسێ لێم

جـار جـارە بـەنـاز، بـەرکـە بـەمـلاوە
مـەمـانـدە بـەدەم غـەمـی دنـیـاوە

خـۆ مـن مـەلـێ نـیـم بـە بـاڵ بـفـڕم
ڕێگـەی مـاڵـتـان بـەشەو بـبـڕم

نـە جـواب بـنـێرە، نـە دوعـا و سەلام
بـگـرە ڕەسمـەکـەت بـنـێرە بـۆ لام

هەر خۆم بەقوربان میلی کەواکەت
هـامشۆکـردن دەوری قـەڵاکـەت

سەرەی تـازەشۆر، زولـفـیت سیـاوی
کـەی وادەتـوبـی، بـڵـێی پـەی نـاوی

بـەبـەرزی گـوێژە، بـەنـزمـی ئـەزمـڕ
هـا لـە بـاخـەڵـتا جـووتـێ لیمـۆی خڕ

بـاڵاکـەت بـەرزە بـەقـەد داری تـوو
دڵـداری خـۆشە، واز بـێنـە لـە شوو

بـێرە مـاڵـەکـەم بـۆ شەونشیـنـی
چایەت بۆ لێ نێم، هێل و دارچینی

یـاخـوا بـەخێربێی، گوڵـەندامـی چین
لێرە ماچت کەم، یا لەوبەر پەرژین

مـن تـەژنـەم نـیـا، هـەر ئـاو ئـاومـا
پـەی دووری بـاڵایت، گـلاراومـا

سەرەی تـازەشۆر، زوڵـف تـازە خـەنـە
کـی ویش گـیرۆدە، نـەقـومیـوش وەنـە

ئەگەر بزانی من بۆ تۆ چۆنم
سەد کوورەی ئاگر وا لە دەروونم

یاخوا بای نەیێ وە بارانەوە
چاو جوان هاوەڕێی ماڵ باوانەوە

ناچێ بەدەمتا سێ دەنك ترێ
دەك لێت پیرۆزبێ سەعات و زرێ

ئەگەر ئەمزانی لە کوێ ئەکەی ڕاو
خۆڵی ژێر پاکەت من ئەمکردە چاو

بڵێن بە یارم دڵ نەدا لە دڵ
فەسڵێ دێمە لای، هەنار بکا گوڵ

باڵاکەت بگرە بەقەد داری توو
دڵداری خۆشە حاشاکە لە شوو

ئاوەکەی ئەڵوەن پاوەقەسرەوە
چاوەکەی یارم، ها وەئەسرەوە

ئەمشەو دوو شەوە بەیانی سێیە
نازانم دەمکول، ماڵی لە کێیە

قەور هەڵکەنن ئەلحەدم خەیلێ
تەرمم بپێچن، لە زولفی لەیلێ

سەر بەسێدارە، مل بەکۆتەوە
دوو دەستم ببڕن وە لیمۆتەوە

شەمامەی بۆنخۆش بە سەد تەرزەوە
لـــەنجە هـــا وەلای بـــالآبـــەرزەوە

قـەسەم بـە تـاتـای زوڵـفە خـاوەکەت
من دێم لە شوێنی مەستیی چاوەکەت

خـاڵ دانـەی گـۆنـای ئـەو نـەورەسیدە
بـیـەن وەتـانـەی بـیـنـایـی دیـدە

ئاخ لە دەس دیدەت ماڵم وێران کەرد
مـنـی ئـاوارەی ڕووی بـیـابـان کـەرد

ڕەیـحـانـە ڕەشە، شەو ئـاوی لـێ کـە
بـیـبـە بـۆ یـارم، سڵاوی لـێ کـە

ئەوا مـانگ هەڵات، مـانگ کەیلێ بەرزە
دۆست و دەزگیران، هەر ئیمشەو فەرزە

ئـەو بـڕکـە مـاڵـەی بـەکـەژ و کـۆوە
بـەو بـایـە دەژیـم، دێ لـەلای تـۆوە

جـاحـێڵ بـەدوو شت ئـەبـێ دێوانـە
شەقـەی مـاچومووچ، پـای لـوتـەوانە

هیچ عەیبت نییە، غەیری ڕەشییەکەت
ئەویش بەقوربان قسە خۆشییەکەت

شەرتم کـــردووە، تـــاکـــو بمێنـــم
لەسەر ڕووی زەمین، هەر تۆ بهێنم

هـیـچ فـایـدەی نـیـیـە یـار لـە دوورەوە
دەم نـەنـێی وەبـان، گـۆنـای سوورەوە

ئـەو چـاوە بـێنـە، مـاچـی کـەمـەوە
لـە کـێ تـۆراوی، ئـاشتت کـەمـەوە

وەبـەرزی بـالات بـۆسم وەپـاوە
مـاچ بـکـەم گـۆنـات لـە هـەردوو لاوە

بـەبـێوەژنـی مـن تـۆم بـۆ چـیـیـە
ئـەگـەر مـاڵ بـدەم، قـاتـی کـچ نـیـیـە

کراسەکەت نایلۆن، بن قۆڵت کەتان
هـەرخـۆم بـەسەرگـەرد دراوسێکـەتـان

تـاراکـەی بـەسەر چـاوان دائـەدا
هـەتـا نـەبـیـنـم، خـۆم لـێ لائـەدا

هەی داد هەی بێداد من کەسم نییە
دەروازەی داخست جـێی دەسم نـیـیـە

دەخـیـلـە شەمـاڵ هـەڵکـە بـەیـانـی
لـێفـەکـە لادە، لـەسەر لاڕانـی

ئـەو بـاڵـەخـانـەی دە مـەتـرە و بـەرزە
ماچی گەورە کچ، بە ترس و لەرزە

ئـەو بـاڵـەخـانـەی سێ مـەتـرە و بـەرزە
مـاچـی کـچـە شێخ، زەکـاتـی فـەرزە

دەرگـاکـە مـاڵـتـان سووری هـەنـاری
کـچـێ نـازانم، بـۆ چ وا بـێ بـاری

ئەو باڵەخانەی بیست مەترە و بەرزە
مـاچـی نـاوەنجی، بـێ تـرس و لـەرزە

عـارەق و شەراب مـەسـتـی نـەکـردم
چـاوەکـانـی تـۆ، سەرخـۆشی کـردم

بـەسەرگـەردت بم، نـووری چـاوەکـەم
خـۆ مـن بـەبـێ تـۆ کـوێرە زەیـنـەکـەم

دڵـداری خـۆشە یـار دراوسێت بـێ
لـە هـاتـوچـۆدا ئـاگـادارت بـێ

دەڕۆم و نـاڕۆم، ڕێم لـەبـەر نـاچـێ
داخـی ئـەو ژنـە، لـە دڵ دەرنـاچـێ

شەوان من خەفەتم بەرم لە لات بێ
روحـم کـێشکـچی دەوری گـۆنـات بێ

بـەقـوربـانت بم دەم ڕیـزەی نـەوات
مـن بـەبـێ مـوراد، چـۆن بـچم لـە لات

بـالاکـەت بـەرزا، نـزمـە زەمـیـنـا
گـچـیـەکـەت جـەرسەن یـا کـەتـانـچـینـە

خـودا هـەڵـکـەنی بـاکـەی نـیـوەشەو
بـدا لـە قـژی ڕاچـنـێ لـە خـەو

مـن تـەژنـەم نـیـا، هـەر ئـاو ئـاومـا
پـەی دووریـی بـاڵایت، گـڵاراومـا

مـانـگـەشەو خـۆشە بـدا لـە سەربـان
لێو لەسەر لێوی، ڕان بێ لەسەر ڕان

ئـەوا هـاتـەخـوار، لـە مـاڵـی پـووری
گەردن وەك شمشاڵ، پەنجە بلووری

بـیـنـێ سەر دڵـم پـەنجەی شمشاڵت
تـاوێ بمژم دوو لـێوی ئـاڵت

وەرە داخوازیم هەی شمشاڵ بەدەس
لـە تـۆ بـەولاوە، شوو نـاكـەم بـەكـەس

چەندم پێ خۆشە، ماچی كچی كوڵ
هـەڵـی بمژی. وەك ئـاوی نـوقـوڵ

دەم گرد، مەمك گرد، گشت گیانت گردەن
هیچ كەس وەكو من، پەی تۆ نەمردەن

سوێنـدم خـواردووە، بـە تـەغـارێ جـۆ
پشدێنـێ بـكـەم، لـە كـراسەكـەی تـۆ

گردی شێخ فەتاح بەرد بژار ئەكەم
لـەبـەر دوو چـاوی، تـاقـە یـارەكـەم

مـاچێكم كـردووە لـە گـۆنـای ئـەڵماس
تـرش وەك هـەنـار، مـزر وەك ڕێواس

هـای لـه گۆزەکەی سـەر نـەرمـەی شـانت
جـار جـار ئـەترازێ، وەبـان مـەمـانت

بـەو بـا بـخـەفین لـەسـەر یـەك پـاڵشت
دەم لـە نـاوی دەم، ژوان بکـەین ئـاڵشت

ورد ورد بمکــوتــە، بــەنــەبــاتــەوە
بمکــە بــەخــەنــە، بــگــرە پــاتــەوە

ورد ورد بمکــوتــە، بــەنــەبــاتــەوە
بمکــە بــەخــاڵــێ، بــە گــۆنــاتــەوە

یـا چـەم یـا چیمـەن، یـا دۆڵی گـەڵاڵ
دڵ گـەیـی بـە دڵ، نـەیـپـرسی حـەڵاڵ

مـاوەی حـەو مـانگـە، نـەمدیوی بـەچـەم
دنـیـام لـێ بـووە، بـە تـاریکی و تـەم

لـە بـیـرت نـایـێ، شەو کـە هـاتمـە لات
لام دا لـێفـەکـەت، پـام کـێشا وەپـات

هـەرکـەس مزگانی دوس ئـەرام بـاری
ئــیــخــتــیــار دیـری چــەوم دراری

خودای بـانی سـەر، زۆردار بکـەی کـۆر
دوس ڕازی نــەوی، بــردنــێ وەزۆر

بــنــوور وەی قــاقــەز، دوس دوورەوە
بـزانـن چـوە نـویسـاس وە دڵگـیـرەوە

هەر کۆچ کۆچت بی، کۆچیت بی وەراس
دوای کـۆچـەکـەت، ئـاخـری دنـیـاس

ئــەو بــالآ بــەرزە، خستــیــیــە کـۆسم
نــەجــواوم کــرد، نــەبــوو بــەدۆسم

لە قەڵا هاتەخوار، گشت گیانی زەرە
هـارەی مێخـەکبـەند، ڕەیحانەی تەڕە

ئــاگــر لــە چــەوم کــەفــتــە داوانم
ڕێگــەی مــاڵ دوس بــووە بــاوانم

لـێفـە و دۆشەگـە، سەریـن مسقـاڵـی
قرچەشکێنی کەین، شەو بەحەلاڵی

کـزەیـەك لـە مـن یـەکـێ لـە شەمـاڵ
بـیـبـرن بـە بـەژنی یـاری بێ خـەیـاڵ

چـەپکێ ڕەیحـانـە، سەرچڵ حـەبیبی
ئــەویش بــۆ یــارم وا لــە غــەریـبـی

چـەپـکـێ ڕەیـحـانـە بـنـی لـە گـۆمـە
عـالـەم دەیزانی ئـەو کچـە هـی خۆمـە

ئــەوا مــن دەڕۆم خــۆم و دڵــەکــەم
خـودات لـەگـەڵ بـێ، تـاقـە گـوڵـەکـەم

هەر پێنج پەنجەکەم نەزری خودابێ
بــاخــەوان بمرێ، بــاخ بــەرەڵــلابــێ

ڕەشی چـــاوانت لــێم هــەڵــپـڵانــی
سەرمت دا بـــە بـــڕ، مـــاڵــم ڕمـــانــی

چـــاوێکــم دێشێ، چـــاك نـــابــێتــەوە
ئــەو کــچــەم لــێ زیـزە ئـاشت نـابێتـەوە

مـانگەشەو خۆشە، مـانگ لەسەر مالان
لە شەوی زستان دەم لەسەر خالان

نــیــمــگــەزی بــاڵا سێگــەزی گــەردن
لـــەویـــرم نـــاچت تـــا ڕۆژی مـــردن

هـــا لـــە دەریـــوونم سەد زام خـــەتـــر
گشتی جا ژان کەرد یەك لە یەك بەتر

لــەرە لــەرێ تــێ، لــەرەی کــێتـــانــە
لــەرەی پـــەلك شۆڕ کــراس کــەتـــانــە

ئـــەگـــەر نـــەمـــردم وە لـــۆمـــەی بـــان
کـــەپــری ئـــەکـــەم شەو و ڕۆژ لـــەلان

کـفـنـەکـەم ببڕن بـەمـەودای مـەقـەس
شەرتبێ نازەکەت بەرنەدەم لە دەس

چـەمـەکـەی سیروان بـەرەخـوار ئـەڕوا
سێوێکـی تـێخـەی بـۆ لای یـار ئـەڕوا

ئەر مەیلت نییە ئەی ئیشارەت چەس
پەیام هەناردن سوب ئێوارە چەس؟

چ بکەی لە داخی مەلای زمانلووس
مـارە ئـەبـڕێ بـەبـێ چـارەنـووس

قـاڵـیـم ڕاخستـووە گـوڵ تـیـکـە تـیـکـە
گـەر مـەیـلت هـەبـێ مـاڵـمـان نزیکـە

دەمـەکـەت بـارە مـەکـمـەك بـیـمـژم
کـێ لارەت کـردییـە، تـا خـۆم بیکوژم

چـەنم پـێ وتـی: وەگـەرمـا مـەڕۆ
شەوقـی ڕوومـەتت دای لـە تـانجەڕۆ

بـبـم وەقـوروان، ئـەسپـەکـەی ژێری
حـوکـمـڕانـیـنـی شاری هـەولـێری

کـوڵـە پـۆیـلـەکەت تـانـەی سەرچـاوم
مـنـەتـیش نـەبـەی، شەو لـە لات نـاوم

ئـاوەکـەی کـیـلـی لـەگـەڵ ڕۆخـانـە
بـبـێ وەقـوروان، ئـەو چـاو جـوانـە

کـزە کـز مـەکـە، کـزەت لـە گـیـانم
کـزەت مـەلحەمـی گش زامـەکـانم

ئـێوارە دیمەی شی وەمـاڵـەوە
بـانـگـی ئـەکـردم بـێ وەمـاڵـەوە

تۆ لە سلێمانی بەکراسی حەو ڕەنگ
مـن لـە هـەنـدەران، ئـاوارە و دڵتـەنگ

ئـــەچـــم بـــەرێوە، بـــۆ خـــۆم دەگـــیـــرم
تـــەنـــیـــا دەمـــگـــوڵـــم نـــاچـــێ لـــە بـــیـــرم

تـــۆ ئـــاگـــر وەدەس مـــن پـــویش بـــەیـــار
خۆ منت سووتان خۆت دا وەکەنار

قـــەتـــارێ بـــێـــنـــن خـــەمـــانم بـــار کـــەن
لـــە نـــزیـــکـــی شـــار یـــار خـــەبـــەردار کـــەن

دیسان بـــــــارانـــــــە، نم نم دەبـــــــارێ
یارم کۆچی کرد، واچوو بۆ خوارێ

دیسان بـــارانـــە، نـــازانم بـــۆچـــی
یـــارم بـــاری کـــرد، نـــەگـــەیمە کـــۆچـــی

جـــەرگ پسێنـــە، چـــاومـــەستـــە یـــارم
بـــەتـــیـــری نـــازی مـــن بـــریـــنـــدارم

بـــایسی گـــەرمـــی بـــازاڕت مـــن بـــووم
جەلای ئاوێنەی، ڕوخسارت من بووم

دەردێکـــی داومـــێ دەرمـــانـــی نـــەکـــرد
شەمـاڵ بـە بـەفری کوێستـانی نـەکرد

شەوان تـا بـەڕۆژ گـریـان مـەیـلـمـن
یـەکـجـار پـەژارەی دووری یـار مـن

شل شل بمکـوتـن هـەر وەکـو قـاوە
بۆ دەرمان بشێم بۆ کلی ئەو چاوە

چـــاوێك هـــەڵـــێنـــە تـــاوێ بـــڕوانـــە
دوو قـوڵـی گـۆشتن بـۆ بـازنـە جوانـە

لـــــــە ئـــــــێوارەوە شەم گـــــــرانمە
تـــەپـــڵ شادیـــم دا، یـــار مـــێوانمە

لـە تـاو دووری تـۆ، دڵ بـێ قـەرارەن
بـیـنـایـی دیـدەم لـە خـەو تـەتـارەن

کـچـە بـچـکـۆڵـەی دەم قۆری فـنـجـان
نەفرەت لەو کەسە تۆی لە من ڕەنجان

چـاوت ئـەستـێرە ڕوو لـە کـۆ دەکـا
دڵـم خـتـوورەی بـاڵای تـۆ دەکـا

ئـەرا نـەکـەیـتـم کـولـەکـەی وەرت
وەشەو بـاڵاپـۆش وەڕۆژ نـۆکـەرت

خـودا دەیـزانـی بـۆ تـۆ نـەخـۆشم
خـەڵك بـێ غـەمـە، خـۆم غـەمـفرۆشم

کـەشکۆڵ هـەڵئـەگرم گۆچان بەدەسم
بۆ لای یار ئەڕۆم لە جیای گش کەسم

دەسمـاڵـی سەرت حـەریـری نـەرمـە
بـەدڵ حـەز دەکـەم، بـەزارم شەرمـە

لـێوانم مـاڵـی بـەسەر خـاڵانـی
نـەمـزانـی بـۆچـی وەك مـەل نـاڵانـی

هەرکۆچ کۆچت بوو، کۆچت بووە بەڕاس
کەم نمەکیت کرد ماڵاوات نەخواس

لە گوڵان و لە گوڵان، لە گوڵە بەڕۆژە
لــە بـیـرم نــاچـێ مــاچـی ئـەو ڕۆژە

سەرم وەسەرگـــەرد پـــام وەکــۆتـــەوە
مـــەردەسم بـــوڕن نـــەو لـــیـــمــۆتــەوە

بـۆ خـۆت هــەڵــەشە، چـاوت هــەڵــەشە
بێرە بەردەرگا، شەش ماچ پێشکەشە

بــەفـیـدای زوڵـفـی کـەچ هـەڵپـاچت بم
گوڵگوڵـەی ئـارەق جێگـەی مـاچت بم

تــیــرێکــی ئــاوات داوە لــە جــەرگــم
بـــەچــاوت قــەسەم نـزیـکـە مــەرگــم

چــنـــارە گــەورەی نــاو پــەل فـراوان
کــچــێنــی خــۆشە، لــە مــاڵــە بــاوان

دەنــگــم نــەمــاوە، بـــەدەنگ بــنــاڵــم
فـرمـێسکـی چـاوت بـەلـێو ئـەمـاڵـم

من وای تەنکە، وای تەنکەی ماڵ وێران
یـا بــەدۆستـم بــە، یـا بــەدەزگـیـران

هەر لە قەفەس دام ماومە نەفەسێ
بولبول لە بۆ گوڵ، ئەمن بۆ کەسێ

لــە وڵاتــی خــۆمــان کــێوێك دیــارە
بــەقــەد ئــەو کێوە غـەم لـە دڵـم بـارە

گــەنم گــوڵــی کـرد، جـۆ ڕنــایــەوە
بــەیــنــی مــن و تــۆ نــەبــڕایــەوە

لایــێ بـکــەرۆ، وە ڕووی قـیـنـەوە
تێر تێر ماچت کەم وە جلی شینەوە

لـەوەی مـەتـرسێ دیـنت بـێ بـەتـاڵ
گـەردن هـەڵـێنـە بـادەرکـەوێ خـاڵ

خۆم بەخۆمم کرد، بەرد بارانم کەن
وێڵ و ئــاوارەی چــاو کــاڵانم کــەن

چــاوم بـۆ چـاوت چـاوە چـاویـیـە
دڵــم بــۆ دڵت عــەشقــە ڕاویــیــە

ژەرەژ مەوانو، سوم لە پای چەمەن
ڕەیحان لولش ورد، چەنی یاسەمەن

چـاوم چـاوەڕێی ئـەو پـارچـە وەردە
بـەشکـم دەرکـەوێ ئـەو گـوڵـە زەردە

خەرمانەی داوە، چون خەرمانەی گوڵ
چـیـنـێ بـاڵابـەرز، چـیـنـێ بـاڵاکوڵ

یـــاسەمـــەن بـــاڵا لادە پـــەرچـــەمت
بــارەئــی لاوە، مــاچــکــەم ئــادەمت

دارەکەی سەر کەڵ با ئەیشەکێنێ
ماچی گەورە کچ، لێو ئەتەزێنێ

گرد کەس کەسیش هان من هەر تۆم هەنی
فیکر و خەیاڵ و شەو و ڕوی مەنی

بولبول تو مەگیر، وەزار زارەوە
بەشی تو ماگە، گوڵ وەدارەوە

خودا یەکێکە، پێغەمبەر هەزار
ئاسمان دڕی دا، تۆی لێ کەوتە خوار

دەسەی بێوەژن هاتۆ لە کانی
هەزار کچ عازەب بێ وەقوروانی

زڕەی شەماڵ تیەی لەلای قەسرەوە
دەم چەو لا بریاگە ها وە ئەسرەوە

نەقاقەز دیرم، نەقەڵەم دەوات
راز دڵەکەم، بنووسیم ئەراد

ئەر دڵت نییە، تا دڵنیا بووم
کەم دەس وەداوان شێخ و مەلا بووم

ئەر مردن ڕاسە، ڕازیم وەمردن
عاجزم لە دوور تەماشاکردن

نەپەست و تاکەس، نەدەورێشم
شەرمەند لە ریو و پیگانە و خێشم

نەکەس تیا دەلام، نە لەلای کەس نشم
خویان هەر شەوچن، من کیشك گێشم

هاتمە ئاسانەت بەکۆی گۆناوە
بەشەرمەزاری و بەڕووی سیاوە

رەشم پۆشیوە، گریە و زاریمە
لە دوای بالاکەت، بێ قەراریمە

دەشتی گەرمیان، کاکی بەکاکی
چونکە تۆی لێ بووی، ئاوابێ خاکی

دەنگم دەرنایێ، هەر هەناسەمە
لە بۆ بالاکەت، زۆر بەتاسەمە

لە توێڵت ئەو خوار، دوو ئەبرۆی پەیوەست
لە ئەبرۆت ئەو خوار، چوارەم دیدەی مەست

گەواهی عەشقم، ڕەنگی زەردمە
ماچ ناوی دەم، دەوای دەردمە

مەردم وە حەج چن وەڕێ شامەوە
حەجی من یێسە، هاوەلامەوە

بنووسین وەبان سکەی دوو قروشی
هەرکەس یار نەبی، سیا بپۆشی

هەناریێ هاتییە، وەلای دوسەوە
ئێژم بخۆمی، هەر بەپۆسەوە

دەم قەند، دیان قەند، گشت گیانت قەنە
خـانم قـەنـفـرۆش، قـەن مـەنـی چـەنـە

ئەو سەر سەراوە، دەنگ تۆی لیٚ نای
کـەنـییـەکـەت کـوور، ئـاو لـەتـیٚ نەزای

بـــەڵـــێنت دامـــیٚ، بـــەڵـــێنت ڕزان
هــەزار بـیٚ شەرت و پـەیمـانت بـەزان

خۆزگە من ئەبووم لە جێی ئەو هەورە
ئـەمـکـردە سێبـەر بـۆ مـاڵـە گـەورە

هـــانـــە وەمـــیـــوا سەر زوڵـفش تـەڕا
ئـەچـوو بـەرەوزاو، پـای کـەمـانـجەڕا

خـودا خـودامـە مـانگ بـبـیٚ ئـاوا
دەستـیٚ بـگـێڕم بـە بـاخـی ساوا

ژەرەژ مــــەوانـــو، چـــا کـــاوە کــاوا
پــیــقـــەو نـــەچـیـر هــاڕەو وەرواوا

خانم خەوتووە چون خەرمانەی گوڵ
پـەنجەی ڕشتـووە، نـای وەبـانـی دڵ

هـا نـەوتـی وەشا خـاکش دڵـگـیـرا
کـــەمـــەر فـراوان، یـاگـیـو نـێـچـیـرا

کەپرێکت بۆ بکەم لە بەردی مەڕمەڕ
بـاوەشێنت کـەم وەڕەیـحـانـەی تـەڕ

مەمێت زەردێنێ پێسە و بەیا
یەخەت تەنگەنە پەیم بەرخەیا

یاخوا کەس وەك من بازی لار نەبێ
ناچاری ماچی کۆنە یار نەبێ

کۆترە باریکەی دارەودار ئەکا
عەشرەت هاوارە، یارم بار ئەکا

هاڕەی مێخەکبەند، شەو لە خاوم کرد
من چون ئازاردار، داوای ئاوم کرد

هەڵکەنن قەبرم هەر بەردودار بێ
بەڵام بەو شەرتە چاوم لە یار بێ

بەرزە لنگ بەرزا وەکەمەردانە
وادەی ماچمەن، مەگرە بەهانە

تاکەی دانیشم، تاکەی لە لات بم
لە خوام گەرەکە، وەباڵات شاد بم

ملەوانەکیت پەرەنە وڵی
هورت گرتینە پەی دەسەملی

تۆ کچە هەورامی من کوڕە لهۆنم
بمدەرێ ماچێ بزانە چۆنم

ئار و دیە و دڵ باسیشا کریا
دیەی وات بەدڵ ئاواتم بڕیا

جووتێ چاو دیری چون چرای بەرقی
لە قەسر و ئەیخەی بۆ دەور خانەقی

کەوتەنو بەینمان حەوت کەش و حەوت کۆ
مەر بەبای سەبا، کەرمێ گفتوگۆ

جووتێ چاوت هەن وەك دووربین ئەڵمان
لە قەسرۆ ئەیخەی ڕووەو کرماشان

بیرتە نازدار مازوومان دەکرد
کوڵمت دەهێنا و من ماچم دەکرد

چاوو ڕوومەت جوان، برۆ قەیتانی
من ئەچم بۆ جووت، تۆش لە بۆ کانی

ئەمشەو بەبێ تۆ زۆر پەرێشانم
چاوەچاوی تۆم نووری چاوانم

ئەو باڵابەرزەت لە حەد دەرچووە
وەك داری لیمۆ، جوتناری گرتووە

داری پیرەدار کەی بەدار بووە
دۆستی دوور وڵات کەی بەیار بووە

هەڵسە بێرە لام، پیرم زەلیلم
فەلەك شێواندت شێوەی شیرینم

هەروەك بازووبەند بتکەمە باڵم
ئێستا لێم دووری، تاڵان بەماڵم

چـاوەکـەت ڕەشە و مـەستـە کـلـی کـە
شەرمـی پـێ نـاوێ دەس لـە مـلـی کـە

شەوێك و دوو شەو بـــەمـــیـــوانت بم
چـەنـدە شیـریـنـی، بـەقـوربـانت بم

گـوڵـم ئـازیـزم، زەنگـوڵـە لـە گـەردن
بـێرە جـێ ژوان، لـە بـۆ مـاچـکـردن

ئـەمشەو چـەنـدشەوە دوور لـە یـارانم
وەك بـاخچەی بێ ئـاو دوور لە بـارانم

خـۆ مـن مـەلـێ نـیم بـاڵ بـەتـووکـەوە
جـواب بـنـێرم، لـە کـەرکـووکـەوە

هـەر لـێرە لـێرە تـا کـانـی مـاسی
دەنگی عـاشقـان دێ، زۆر بـە کـەساسی

ڕێگـاکـەی شۆڕش بـەدار زەیـتـوونـە
خۆزگەم بەو کەسەی یار لە فنوونە

لانـکت بـۆ ئـەکـەم لـە داری قـەزوان
دەیـڕازێنـمـەوە، بـەشەوە و شیـلان

هیچ خەم مەوەرە گچیەکەت چەرمەن
دڵـی گـرد نـیـیـە نموونـەت کـەردەن

حەوت تووڵم لێ دەن بەتووڵی ژاڵە
مـن تـەرکی نـاکـەم ڕێگـەی ئـەو ماڵـە

چـنـــار و لاولاو سەریـــان دەرچـووە
روحــم عـــاشقـــی بـــاڵاکـــەت بـووە

ئـارو پەی بەختیم مـانگەشەو دیار بی
هـــە لا لـــوانـــی تـــاپـــۆم دیـــار بـــی

حەجاجان لە حەج، سۆفیان لە غەیب
دڵـداری تــەنـیـا لـە مـن بـووە عـەیب

سەرکـــەلا گـــردی بـــەرنـــەشو واشە
تـا قـیـبلـەم بـیـوە کـەرمـی تـەمـاشا

خـەتـای مـن نـیـیـە بـاڵاکـەت کـوڵـە
وێنـەی دار مـێخـەك ئـاوێتـەی گـوڵـە